# تیۆری گشتی یاسای دەستووری

دەستوور لەهەموو وولاتیکدا گرینکی و بایەخی خۆی هەیە ،بەحوکمی ئەوەی دەستور رۆلی کاریگەر دەبینیٚ لـە قولٚکردنـەوەی بنەماکانی دیموکراتی ،ئەوەش بە لەخۆگرتنی پرەنسیپە سەرەکیەکانی دیموکراتی ،بـەوەی تـا چـەند دان بـە مـاف و ئازادییـەکان دەنیت و تا چەندیش گەرەنتی پاراستنیان دەکات ،تا چەندیش دەسەلاتداران وابەستی ئالوگۆرکردنی ئاشتیانەی دەسەلاٚتن و تا چ رادەیەکیش پابەندن و بەو بنەمایانەی دایانرِشتووە ،هەموو ئەوانە پێوەری ڕاستەقینەی دیمـوکراتین لـە کۆمەلٚگادا.ئیمـە دەزانـین دەستور لەسەر لوتکەی هەرەمی یاسایە وە سەوچاوەی هەموو دەسەلاتە حوکمرانەکانە.

ووشەی یاسای دەستور لە سالٚی (1797) بۆ یەکەمجار وەك ماددەیەك بۆ خویندن لە ئیتالٚیا بەکارهات لـەسەر دەسـتی یاساناسـی ئیتالٚیی – (دی لسیو ) – کاتیك مادەی یاسای دەستوری کردە ناونیشانی ئەو وانە ووتنەوەی کە لە زانکۆی (فرارە) پیشکەشـی کرد.

**مفهوم الدستور**

تاکو ئیستا یاساناسەکانی بواری یاسای دەستوری لەسەر پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ دەستور ڕیك نەکـەوتوون ،ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەرێتەوە ئەو یاساناسانە هەریەکە لە گۆشە نیگایەکەوە دەڕواننە دەستور.هەیانە پشت بەمانای زمانـەوانی دەسـتور دەبەسـتیٚ، هەندێکی تر پشت بەبارودۆخی میژوویی دەستور دەبەستن،هەشیانە پشت بەلایـەنی ڕوالـەتی دەبەسـتن ،بەشێکیشـیان پشـت بـە پێوەری بابەتی دەبەستی بۆ پێناسەکردنی دەستور.لیرەدا هەولٚدەدەین هەریەکە لەو پێناسەنە بخەینە ڕوو.

**پێوەری زمانەوانی (المعنی اللغوی)**

ووشەی دەستور لە بنچینەدا وشەیەکی فارسیە ،مانای وەزیری گەورە دەگەیەنێ ، وشەی دەستوریش وشەیەکی ئاوێتەیە لە (دەست) هەر بەکوردیش دەستی بیدەلێن وە (وور) واتە خاوەن .

بەگوێرەی پێوەری زمانەوانی ،دەستور بریتیە لە کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی هەڵدەستێ بەرێکخستنی بنچینەی دەوڵەت و دیاریکردنی پێکهاتەی دەوڵەت .

بەگوێرەی ئەو پێناسەیە دیراسەکردنی یاسای دەستور رێکخستنی دەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەت یا دەسەڵاتداران لەخۆ دەگرێت ،هەروەها رێکخستنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و کارگێریش لەخۆ دەگرێت .

بەلام واتەی زمانەوانی دەستور رەخنەی لەسەرە ،لەبەر ئەوەی چوارچێوەی بواری یاسای دەستور فراوان دەکات ،لە کاتێکدا یاسای دەستووری زیاتر باسی کاروبارەکانی دەسەلاٚت لە دەوڵەتدا دەکا .بەپێی ئەم پێناسەیە ،دەبێت جگە لەباسی کاروباری حوکمرانی لە دەوڵەتدا باسی سیستەمی کارگێری و دادوەریش بکات ،هەروەها بابەتەکانی پەیوەندیدار بەرەگەزنامە(مسائل الجنسیە ) ،کە لەراستیدا ئەم بابەتانە پەیوەندیان بەیاسای دەستورەوە نییە،لەبەرئەوەی سیستەمی کارگێری لەیاسای کارگێری باس دەکرێت و دەخوێندرێت .هەروەها سیستەمی دادوەری لەیاسای رێکارەکانی ئیجرائاتی شارستانی و بازرگانیدا باس دەکرێت ،وە کاروباری رەگەزنامەش قانون دەولی خاص باسی دەکات .

## پێوەری مێژووی (المعنى التاريخى)

ئەم بارودۆخەی فەرەنسا پێی تێپەری ،کاریگەری زۆری لەسەر دیاریکردنی لە زاراوەی یاسای دەستور هەبوو .

بۆیە بەپێی پێوەری مێژووی یاسای دەستور بریتیە لە (کۆمەڵێك رێسای یاساییە کە دەسەڵاتیە گشتیەکان و مافی تاکەکان دیاری دەکات لە سایەی سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا،کە یاسای دەستوری خەسلەتێکە لە خەسلەتەکانی دیموکراتی )

یان کۆمەڵە رێسای یاساییە کە دەسەڵاتە گشتیەکان و مافی تاکەکان دیاری دەکات لە سایەی سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا.

بەلام ئەم پێناسەیە بۆ یاسای دەستور رەخنەی لێگیراوە لەبەر ئەوەی بەپێی ئەم پێناسەیە یاسای دەستور تەنها لە دەولەتە دیموکراتیەکان هەیە ئەو دەوڵەتانەی کە پەرلەمانی هەلبژێردراو و دامو دەزگای حوکمرانی هەلبژیردراویان هەیە ،لەکاتێکدا لە دیڤاکتۆدا هەموو دەولەتێك یاسای دەستوری هەیە تەنانەت ئەگەر دیموکراتیش نەبێت هەموو دەوڵەتیکدا یاسای دەستور هەیە تەنانەت ئەگەر دیموکراتیش نەبێت ،لەبەر ئەوەی کۆمەلێك رێسای یاسای دەستوری چی نوسراو بێت یان عورفی بێت پەیوەندیان هەیە بەرێکخستنی رامیاری و دام و دەزگا رامیاریەکانەوە لە دەولەتدا ئەوەش لەهەموو دەولەتێك هەیە دیموکراتی بێت یان نادیموکراتی.

## پێوەری رواڵەتی( المعنى الشكلى )

پێوەری رواڵەتی لە پێناسەکردنی یاسای دەستوری پشت دەبەستێت بەشێوەی دەرەکی بنەمای یاسایی یان ئەو لایەنەی دەریکردووە.

کەواتە بەپێی پێوەری رواڵەتی کۆمەڵە بنەمایەکە کە دەسەلاٚتیکی تایبەت هەڵدەستی بەدانانی یان ئەو رسایانەیە کە لەو دۆکۆمینتەدا هاتوون کە پێی دەلێن دۆکۆمێنتی دەستوور. جا هەرچی بنەماکانی ترە کە دۆکۆمێنتی دەستوور لەخۆیان ناگرێت ئەوا بە بنەمای دەستوور دانانرین تەنانەت ئەگەر بابەتەکانیشی دەربارەی پێکهاتەو چالاکی دەسەلاٚتە باڵاکان بوو لە دەوڵەت .

**لایەنی چاكی ئەم پێوەرەیە:**

1- وادەكات یاسای دەستور بەئاسانی بناسرێتەوە و دیاری بكرێت چونكە هەموو ئەو ڕێسایانەی لەناو دۆكۆمێنتی دەستووری هاتوون بەیاسای دەستووردادەنرێن .

2-دەستوور لەلایەن دەسەڵاتێكی دامەزرێنەری تایبەتمەند دادەنرێت كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەستوور شكۆمەندی بەسەر یاسا ئاساییەكانەوە هەبێت .

دەبینین بەگوێرەی ئەم پێوەرەیە چوارچێوەی یاسای دەستوور تەسك دەكرێتەوە بۆیە ڕووبەرووی چەند ڕەخنەیەك بویتەوە كە ئەمانەن :-

1- بەپێی ئەو پێناسەیە بیت دەبیت یاسای دەستور لەو دەولەتانە نەبیت كە دەستوری نوسراویان نییە،وەك ئینگەلتەرا كە سیستەمی حوكمرانی لەو دەولەتە پشت بەدەستوری عورفی دەبەستیت،ئەوەش گومانی تیدا نییە ئەوەیە هەموو دەولەتیك یاسای دەستوری تیدایە كە شیوەی دەولەت و سیستەمی حوكمرانی وپەیوەندی نیوان دەسەلاتە گشتیەكان دیاری دەكات ،ئیتر ئەو دەستورە نوسراو بیت یان عورفی .

2-ئەم پیناسەیە وادەكات هەندیك بابەت كە لەدەستوردا هاتوون بە یاسای دەستوری لەقەلەم دەدرین،لەكاتیكدا ئەو بابەتانە بەناوەرۆك هیچ پەیوەندیان بەشیوەی دەولەت و سیستەمی حوكمرانی و پەیوەندی نیوان دەسەلاتە گشتیەكانەوە نییە، بەلكو ئەو بابەتانە پەیوەندییان بەیاسا ئاساییەكانەوە هەیە وەك و یاسای سزادان و یاسای كارگیری و یاسای دارایی .بەلام دەستور دانەرەكان بۆیە ئەو بابەتانەیان خستوەتە ناو دەستورەوە،لەبەر ئەوەی قورساییەكی تایبەتییان بدەنێ و ئەو دەقانەی كە باسی ئەو بابەتانە دەكەن بە ئاسانی دەستكاری نەكرین و نەگۆردرین هەر وەك دەقە دەستوریەكانی دیكە ،وەك چۆنیەتی سەربرینی ئاژەل لەسەر برینخانەكاندا لە دەستوری سویسرادا،كە ئەم مادەیە لەرێگای پیشنیاری گەلەوە گەیشتوتە دەستور بەلام بابەتەكە دەستوری نییە .هەروەها ئەم پێناسەیە وادەكات هەندیك ریسا لەیاسا ئاساییەكان هاتوون واتە **لەدەستور نەهاتووە بەلام لەناوەرۆك بەیاسای دەستوری** دەژمێردرێن لەبەر ئەوەی باسی سیستەمی حوكمرانی و ریكخستنی دەسەلاتە گشتیەكان دەكات وەك یاساكانی هەلبژاردنە كە لەزۆر لەدەولەتەكاندا لەیاسا ئاساییەكاندا باسیان دەكرێت .یان ئەو دەستوریەی عورفەی لە لوبنان كە سەرۆك كۆمار مارۆنییە و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران سونیەو سەرۆكی پەرلەمانیش شیعەیە .

3-ئەوەی جێگای سەرنجە بەنیسبەت ئەو ڕێسایانەوە كە لەدەستور هاتوون ئەوەیە كە هەندیك جار **ئەو ڕێسایانە لە پراكتیكدا وەك خۆیان جیبەجێ ناكرین،بەلكو بەشیوەیەك جیبەجێ دەكرین كە هەندێك جیاوازی هەیە لەگەل ئەوەی كە لەدەستوردا هاتووە** ئەو حالەتەش وادەكات ئەو ریسایانەی كە بەكردار بونەتە ریساو كاریان پیدەكریت بەیاسای دەستور دانەنرێن ،بۆ نمونە بەپیی دەستوری میسر وەك تایبەتمەندیەكی سیستەمی پەرلەمانی دەبیت دەسەلاتی جیبەجیكردن لە سەرۆكی كۆمارو سەرۆك وەزیران پیك بیت بەلام لە پراكتیكدا زۆر جار سەرۆك كۆمار و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هەمان كەسن واتە یەك كەس هەم سەرۆك كۆمارەو هەم سەرۆك وەزیرانیشە .

**پێوەری بابەتی( المعنى المادى )**

پێوەری ماددی یان بابەتی بۆ پێناسەكردنی یاسای دەستوری جەخت دەكاتەوە لەسەر ناوەرۆكی ڕێساكە ،ئایا ناوەرۆكی یان جەوهەری ڕێساكە دەستورییە یان نا. ئیتر ئەو ڕێسایە لەدەستوردا هاتبێت یان لەیاسایەكی ئاسایی هاتبێت یان لە ڕێسایەكی

عورفی دابێت. **گرینگ ئەوەیە ناوەرۆکی یان جەوهەری ڕێساکە دەستوری بێت** ،بێ ئەوەی گوێ بدرێتە سەرچاوەی دەرچوونی ڕێساکە یان ئەو شێوەیەی ڕێساکە پێ دەرچووە .

ئەوەی راستی بێت زۆربەی یاساناسان بە پێناسەی مادی یان بابەتی وەردەگرن بۆ پێناسەکردنی یاسای دەستور ،بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوانیان لەسەر ئەو بابەتانەی کە بە دەستوری دادەنرێن:-

یاساناسی فەرەنسایی ئەو بابەتانە بە دەستوری دەزانن کە لەناوەڕۆك و جەوهەردا پەیوەندییان هەیە بە سیستەمی حوکمڕانییەوە . وە مامۆستا لافیریێ ،وا دەبینێت ئەو ریسایانە دەستورین کە شێوەی دەوڵەت دیاری دەکەن کە ئایا دەوڵەت سادەیە یان فیدراڵییە ،هەروەها شێوەی حکومەت کە پادشاییە یان کۆمارییە ،هەروەها ئەو ڕێسایانەی کە پرینسیپە گشتیەکان و بنەڕەتیەکان لەخۆ دەگرێت و پەیوەندییان هەیە بەسیستەمی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجیکردن و تایبەتکارییەکانی و پەیوەندی نێوانیان .

هەروەها جۆرج ڤیدڵ ئەو ریسایانە بە دەستوری دەزانێت کە ڕێکخستن و چۆنیەتی مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی دیاری دەکەن. ئەممەو منژر الشاوی – دەڵێت بابەتی سەرەکی یاسای دەستور (دەوڵەت و دەسەڵاتە )،بەو پێیەی دەوڵەت بەو کەسانە دەڵێن کە حوکمڕانن ، هەروەها دەوڵەتیش دەبێت حوکمڕانی تێدابێت دەسەلأت بەڕێوە ببات ،بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیش پێویستی بەڕێسا هەیە بۆ ئەوەی دەسەلأت ڕێك بخات ،ئەو ڕێسایانەی مومارەسەو گواستنەوەی دەسەلأت ڕێك دەخەن ڕێسای دەستورین.

هەروەها ماف و ئازادییە گشتیەکان دەبنە بەشێك لەو بابەتانەی دەستور لەخۆیان دەگرێت و گەرەنتی پاراستنیان دەکات لەهەر دەستدرێژیەك کە بکرێتە سەریان ،کەواتە دەستور هەردوو بابەتی دەسەلأت و ماف و ئازادیە گشتیەکان لەخۆ دەگرێت.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین دەستور (بریتیە لەکۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی هەڵدەستێ بەرێکخستنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان و دیاریکردنی تایبەتکاری هەریەکەیان ،لەهەمان کاتدا ماف و ئازادیە گشتیەکانی لەخۆ دەگرێت و گەرەنتی پاراستیان دەکات).

ئایا بابەتی ئازادی (الحريە) لەبابەتەکانی یاسای دەستوریە یان نا ؟

1–یاساناسە کلاسیکەکان وادەبینین دەستوور لەو دەولەتانە نییە ئەگەر جەخت لەسەر پرەنسیپی جیاکاری نێوان دەسەلاتەکان و سەروەری گەل و مافی مرۆڤ نەکاتەوە .واتە دەستوور بەستراوەتەوە بەسیستەمی دیموکراتی ئازاد و فەلسەفەی سیاسی ئازادەوە. مامۆستا مرکین جیتزڤیتس پێناسەی یاسای دەستوور دەکات و دەلێت (یاسای دەستووری هونەری یان دروستکەری ئازادییە )

2–بەلام یاساناسە نوێیەکان دەلێن دەستوور لەهەموو ولاتێکدا هەیە،چی دیموکراتی بێت چی دیکتاتۆری .لەبەر ئەوەی دەستوور دەسەلات ڕێك دەخات،ئیتر گرینگ نییە باسی مافی تاکەکان و سەربەستییەکانیان بکات یان نەیکات ،واتە دەستوور تەنها دەسەلات ڕێك دەخات .هەر لەم بارەیەوە مارسیل پریلۆت دەلێت (یاسای دەستوور هونەری یان ئامرازی دەسەلاتە)

3–بەلام هەندێك بیرو باوەری تر هەیە لەوانە ئەندریە هۆریۆ دەلێت (یاسای دەستوور نە تەنها ڕێکخستنی دەسەلاتەو نە بەتەنها ڕێکخستنی ئازادییە ،بەلکو یاسای دەستووری بریتییە لە پێکهاتن یان پێکەوە ژیانی دەسەلات و سەربەستی ،بەو پێیەی دەولەت بریتییە لەپەیوەندی نێوان حوکمرانەکان و حوکمکراوەکان و مومارەسەی دەسەلاتیش خۆی لەخۆیدا ئامانج نیە بەلکو ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی حوکمکراوەکان،هەروەها سەربەستیش رەها نییە بێ هیچ سنورێك ،بەلکو مومارەسەکردنی سەربەستی دەبێت رێکبخرێت و سنوری بۆ دابنرێت ئەگینا دەبێتە فەوزا.

جیاوازی و پەیوەندی  نیوان یاسای دەستور و هەندیك یاسای تر

A-یاسای دەستوور و دەستور

وەك و باسمان كرد چەند پێوەرێك هەیە بۆ پێناسەكردنی یاسای دەستوور گرینگتریان پێوەری روالـەتی (**المعیـار الشـكلی**) و پێوەری بابەتی (**المعیار الموضوعی**) ،لێرەدا ئەگەر بەراود لەنیوان( یاسای دەستور) و (دەستور ) بكەیت لـەرووی شـكلیەوە دەبینین هەردوكیان یەك مانا دەبەخشن ،ئەویش سیستەمی حوكمە لەدەولـەت.

بەلام ئەگەر بەراودیش بكەین لەنیوان (یاسای دەستور) و (دەستور) لـە رووی بابـەتی ئـەوا زۆر جیـاوازی هەیـە ،چـونكە مەبەست لـە(یاسای دەستور) بەگویرەی پیوەری بابەتی بریتیە لـەو ریسـایانەی كـە شـیوەی دەولـەت و حكومـەت دیـاری دەكات،هەروەها ریكخستنی دەسەلاتە گشتیەكان و پەیوەندی نیوانیان و دیاریكردنی تایبەتكاریەكان . بەپیی پیوەری بابـەتی بۆ پیناسەكردنی (یاسای دەستور) دەبینین (دەستور) بابەتی فراوانتر لـەخۆ دەگریت لـەوەی (یاسای دەسـتور)  باسـی دەكـات .هەندیك جار (دەستور) باسی هەندیك بابەت دەكات پەیوەندیان بە (یاسای دەستور)یەوە نییە ،وەكو دەسـەلاتی دادوەری و سیستەمی كارگیری و دارایی دەولـەت ،كە ئەم بابەتانە پەیوەندیان بەریكخستن و مومارەسەكردنی دەسەلاتەوە نییە .

وە هەندیك جاری تر (دەستور) هەندیك بابەت فەرامۆش دەكات كە لـەراستیدا بابەتی (یاسای دەستور)ین وەك یاسای هەلبژاردن  .

B- یاسای دەستورو سیستەمی دەستوری

لـە پیشتر پیناسەی (یاسای دەستور)مان كرد ،بەلام (سیستەمی دەستور)ی واتە ملكەچبوونی دەسـەلات بـۆ دەسـتورو ئـەو ریسایانەی كە لـەدەولـەتدا كاریان پیدەكریت بیٚ ئەوەی دەسەلات توانای ئەوەی هەبێت لـەچوارچێوەی ئەو یاسـاو رێسـایانە دەربچێت .جا بۆ ئەوەی لـە دەولـەتێك بلێین سیستەمی دەستوری هەیە یان حكومەتەكەی دەستوریە دەبی ئەو مەرجانەی تێدا بێت :-

1-دەبێت حكومەت یاسایی بێت،واتە حكومەت دەبێت ملكەچی ئەو یاسـایانە بێـت كـە لـەدەولـەتـدا كاریـان پێـدەكرێت ،ئەگەر حكومەت ملكەچی ئەو یاسایانە نەبوو،ئەوا حكومەت حكومـەتێكی سـتەمكارەو لـەو كاتەشـدا لـە دەولـەتـدا سیستەمی دەستوری نابێت .

2-جێبەجێكردنی دەستور بەشێوەیەكی دروست و بەردەوام،وە پێكهێنانی حكومەت بەپێی ئەو مادانەی لـەدەستوردا هـاتوون و ئەنجامدانی جموجۆل و ئەركەكانی بەپێی ئەو پرەنسیپانەی لـەدەستور هاتوون .

3-پەیرەوكردنی پرەنسیپی جیاكاری نێوان دەسەلاٚتەكان (**الفصل بین السلگات**)، وەنابێت دەسەلاتەكان لـەیـەك دەسـەلات یان لـەیەك كەسدا كۆبكرێتەوە ،بەلكو دەبێت دەسەلاتەكان دابەش بكرێت و كاری خۆی بكات.

4-دەبێت دەستوور باسی مافی تاكەكان و ئازادییەكان بكات ،هەروەها گەرەنتی كردنی ئـەو مـاف و ئازادیانـە بەشـێوەیەك لـەگەل پرەنسیپە دیموكراسیەكان بگونجێت .

5-هەبوونی دامەزراوێكی دادوەری كاربكات بۆ گرەنتی كردنی رێزگرتن لـەدەستورو یاسا لـە وولاتدا .

كەواتە جیاوازی نیوان (یاسای دەستور) (سیستەمی دەستوری) ئەوەیە ،مەبەست لـە (یاسای دەستور) ی ئەو بنەمایانەیـە كـە تایبەتە بەسیستەمی حوكم لـە دەولـەتێك جـا سـیتەمەكە دیمـوكراتی بێـت یـان دیكتـاتۆری . كەچـی بیرۆكـەی (سیسـتەمی

دەستوری) بەستراوەتەوە بە سیستەمی دیموکراتی ئازاد ،واتە بەس لەو دەولەتانە بوونی هەیە کە سیستەمەکەی دیموکراتیە .ئەوە بۆچوونی بیرمەندە کلاسیکەکانە .

C– یاسای دەستوری و یاسای نیو دەولەتی گشتی

یاسای نیو دەولەتی گشتی بریتیە لە پەیوەندی نیوان دەولەتەکان رێك دەخات لەکاتی ئاشتی و شەرو بێلایەنیدا ،هەروەها پەیوەندی هەر دەولەتیك بەرانبەر بە کۆمەلگەی نیو دەولەتی ریکدەخات ،وە سەرچاوەی یاسای نیو دەولەتی ریکەوتنامە نیو دەولەتیەکان و عورفە . بۆیە دەبینین یاسای دەستوری و یاسای نیو دەولەتی گشتی هەلدەستن بە دیراسەکردنی لایەنەکانی دەولەت .
بەلام جیاوازیشیان هەیە لەوەی یاسای دەستوری پەیوەندی نیوان دەولەت و تاکەکان ریك دەخات ، وە باسی لایەنی ناوخۆیی دەولەت دەکات ،هەرچی بواری یاسای نیودەولەتی گشتی ئەوا هەلدەستێ بەریکخستنی پەیوەندی نێوان دەولەتان ،وە باسی لایەنی دەرەکی دەولەت دەکات .

## بنچینەی دروست بوونی دەوڵەت

بیرمەندەکان دەربارەی بنچینەی دروست بوونی دەولەت بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، لەسەر یەك تیۆریش رێك نەکەوتوون بۆ لێکدانەوەی بنچینەی دروست بوونی دەولەت ،هەندێك بنچینەی دروست بوونی دەولەت دەگەرینەوە بۆ لایەنی ئاینی هەندێکی تر بۆ لایەنی فەلسەفی هەندێکیش بۆ لایەنی کۆمەلایەتی هەندێکی تریش لایەنی مێژووی.جا لێرەدا تیۆرەکان باس دەکەین کە چوار تیۆرە :–

1. تیۆری تیۆکراتی (**النظريات الثيوقراطية**).
2. تیۆری گرێبەست (**النظريات العقدية**).
3. تیۆری کۆمەلایەتی (**النظريات الاجتماعية**).
4. تیۆری میژووی (**النظريات التاريخية**).

1. **تیۆری تیۆکراتی (النظريات الثيوقراطية)** :– بەگویرەی ئەم تیۆرە دەولەت لەلایەن خواوە دروستکراوە ،چونکە خوا دروستکەری هەموو شتێکە ،هەر خواش هەلدەستێ بەدیاریکردنی کەسایەتی حاکم بۆ حوکم کردنی گەلان ،لەبەر ئەوەی حاکمیش لەلایەن خواوە هەلبژیردراوە بۆیە لەسەر تاکەکان پیویستە ملکەچی فەرمانەکانی حاکم بن ،بەگویرەی ئەم تیۆرەش حاکمەکان بەهیچ شیوەیەك لەبەرامبەر گەلیان بەرپرس نین ،بەلکو تەنها لەبەرامبەر خوا بەرپرسن ،هەر بۆیەش ئەو تیۆرە بنچینەی حوکمی پاشاکان بوو لەهەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم بەتایبەتیش لە فەرەنسا .هەر لەژێر کاریگەری ئەو تیۆرە لەیسی چواردەهەم دەستەواژەی (من دەولەتم)ی بەکارهینا.

2. **تیۆری گرێبەست (النظريات العقدية)** :- بەگویرەی ئەو تیۆرە بنچینەی دروست بوونی دەولەت بۆ گریبەستی کۆمەلایەتی دەگەریتەوە،چونکە تاکەکان بریاریان داوە کۆببنەوە کۆمەلگایەکی سیاسی پێکبهێنن ملکەچی ئیرادەیەکی بەرزتر بن لەوان،واتە ئەوان پیك هاتوون لەسەر دروستکردنی دەولەت،بەمەش دەولەت لە ئەنجامی گرێ بەستێك دروست بووە ،ئەم تیۆرە لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی (جان جاك رۆسو) باسکرا،ئەگەر چی پێش ئەویش باس لەو تیۆرە کرابوو ،بەلام بەم شێوەی (جان جاك رۆسۆ )نەبوو ،چونکە (جان جاك رۆسۆ) بەشێوەیەکی زۆر روون و بەشێوازەکی شۆرشگێرانە لەکتێبی (گرێبەستی کۆمەلایەتی) باسی لەو تیۆرە کرد، ئەوەش بووە ریگە خۆشکەرێك بۆ شۆرشی فەرەنسی.

هەریەك لە (هۆبز) و (لوك) پێش (رۆسۆ ) باسیان لەبیرۆکەی گریبەستی کۆمەلایەتی کردبوو بەکورتی هەریەکەیان بەجیا باس دەکەین .

أ- **تیۆری گرێبەستی کۆمەلایەتی لای (هۆبز) (نظرية العقد الاجتماعي عند هوبز).**

هۆبز وای دەبینێ حالەتی تاکەکان پێش بەستنی عقد و دروست بوونی دەولەت سیفەتی نائارامی و ناجیگیری هەبوو ،بەردەوام شەر و پشێوی لەنیوان هاولاتیان هەبووە ،بەجۆریك ئەوانەی هیزیان هەبوو بالا دەست بوون بەسەر بێهیزەکان ،بەمەش ژیان ئاسایش و ئازادی لەدەست دابوو ،بۆیەش تاکەکان بیریان لەوە کردەوە رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی لە حالەتی نائارامی و ناجیگیری رزگاریان بیت ،گەیشتنە ئەوەی کەسیك لەنیوان خۆیان هەلبژێرن بۆ ئەوەی ببێتە حاکم ئەرکی ئەو حاکمەش پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکان دەبێت .وە لایەنەکانی گریبەستەکەش تاکەکانی کۆمەلن ،ئەو تاکەشی هەلبژیردراوە بۆ حاکمایەتی لایەنیك نەبوو لە گریبەستەکە.وە بەگویرەی بۆ چونەکانی (هۆبز) تاکەکانی کۆمەل تەنازولیان لەهەموو مافێك کردووە بۆ ئەو حاکمەی کە هەلیان بژاردووە ،ئەو حاکمەش دەتوانیت هەموو هەلس و کەوتێك ئەنجام بدات بەبێ هیچ کۆت و مەرجیك ، لەبەر ئەوەی حاکم لایەنیك نەبوو لە گریبەسەتەکە ،کەواتە دەسەلاتەکەی رەها بوو .ئەوەی پالی بە (هۆبز) نا ئەو تیۆرە بەو شیوازە دابریژیت ئەوە بوو لایەنگری پادشایەتی ئینگلیزی دەکرد ،چونکە لەباوەشی ئەو خیزانە دەژیا ،کاریشی بۆ بەهیزکردنی دەسەلاتی پادشاکان دەکرد تا دەگاتە پادشایەتی رەها .

ب- **تیۆری گریبەستی کۆمەلایەتی لای لۆك (نظرية العقد الاجتماعي عند لوك)**

لۆك وای دەبینیت تاکەکان پێش بەستنی عقد لە حالەتیکی سروشتیدا دەژیان، لە ژێر رۆشنایی یاسای سروشتی هەموو ماف و ئازادیەکیان هەبوو ،بەلام لەبەر بوونی بەرژەوەندی جیاواز و ناکۆکی نیوان تاکەکان، وە نەبوونی حاکمیکی دادپەروەر. لەبەر ئەو هۆیانە تاکەکانی کۆمەلگا بریاریاندا خۆیان لەو ژیانە بۆ ژیانێکی باشتر بگوازنەوە ،بۆیە هەلسان بەبەستنی عقدێك بەشیوەیەك کەسیك هەلبژێرن لەناو خۆیان کە ببیتە حاکمیان. وە لایەنەکانی عقدەکە تاك و حاکمن، وە لۆك پێی وابوو تاکەکان تەنازولیان لەهەموو مافێکی خۆیان نەکردبوو ،بەلکو تەنازولیان لە بەشیکی ئەو مافانە کردبوو ،دەست بەرداری بەشەکەی تر نەبوون کە پەیوەندی بە ماف و ئازادیە بنەرەتیەکان هەبوو ،وە حاکمیش لایەنیك بوو لە عقدەکە ئەوە مانای ئەوەیە بۆ تاکەکان هەبوو ئەو حاکمە لابدەن ،ئەگەر هاتوو مەرجەکانی عقدەکە جێبەجێنەکات ،بۆیە لۆك لایەنگری حوکمی رەها نیە بەلکو لایەنگری حوکمی کۆتکراوە .

ج- **تیۆری گرێبەستی کۆمەلایەتی لای رۆسو (نظرية العقد الاجتماعي عند روسو)**

رۆسۆ وای دەبینیت تاکەکان پێش بەستنی عقد ئازادی و سەربەخۆیی تەواویان هەبووە ،بەلام لەگەل ئەوەشدا بڕیاریان داوە پێك بێن لەسەر دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەلایەتی ،کە تیایدا دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەلدا بهێنێتەدی .وە جیاوازی بەرژەوەندی نیوان تاکەکان و هاودژیان لەگەل یەکتری ،هەروەها مەیلی شەرانگێزی و مەیلی خۆسەپاندن لەنێوان تاکەکان وای کرد کە پەنا ببەن بۆ عقدێك بەمەستی پیکهینانی کۆمەلگایەکی سیاسی نوێ کە ملکەچ بێت بۆ دەسەلاتێکی بالا.وە (رۆسۆ) پێی وایە تاکەکان تەنازولیان کردووە لەمافەکانیان بۆ دەستەیەکی گشتی ،ئەو دەستە گشتیەش هەموو تاکەکان دەگرێتەوە کە ناو دەبرێت (ئیرادەی گشتی گەل)،وە لایەنەکانی عقدەکە دوو لایەنە کە لایەنەکیان خۆی دەنوێنی لەکەسیکی بەکۆمەل کە لەهەموو تاکەکان پێك دیت ،هەرچی لایەنەکەی ترە بریتیە لەهەر تاکیك لەتاکەکانی کۆمەلگا .وە (رۆسۆ) پێی وایە حاکم لایەنێك نیە لە گرێبەستەکە ، بەلکو وەکو بریکاری گەل وایە کە هەلدەستێ بە مومارەسەکردنی دەسەلات وەکو بریکارێك ،وە هەر کاتێك دەسەلاتی حاکمەکەیان پێ باش نەبوو ئەوە بۆیان هەیە لای بدەن، چونکە حاکم وەك خزمەتکارێك وایە کە بەناوی گەل و ئیرادەی گەل کاردەکات.

3. تیۆرە کۆمەلاتیەکان (**النظريات الاجتماعية**)

أ- **تیۆری هێز (نظرية القوة)** :- لایەنگری ئەو تیۆرە وەك نوسەری ئەلمانی (ئۆبنهایمەر)، نوسەری فەرەنسی شارل بیدان ، وای دەبینن دەولەت لە رێگەی هێزو توندوتیژی دروستبووە ،چونکە لەسەرەتای دروستبوونی دەولەت سیستەمێکی کۆمەلایەتی هەبووە ،کەسێك یاخود کۆمەلێك بەزەبری هێزو توندوتیژی لەسەر خەلکانی تری جێبەجێیان کردووە .ئەگەر چی ئەو تیۆرە لەرووی مێژوییەوە راستی و دروستی تێدایە ،بەحوکمی ئەوەی هەندێك دەولەت هەیە لەرێگەی شەرەوە دروست بووە ،بەلام ئەو تیۆرە ناتوانرێت بەشێوەیەکی رەها پشتی پێ ببەسترێت وەك وەك بنەمایەك بۆ دروست بوونی دەولەت ،چونکە هەموو دەولەتەکان لەسەر ینەمای شەر دروست نەبوونە ،تەنانەت ئەو دەولەتانەی لەسەر بنەمای شەریش دروست بوونە دەبێت فاکتەری تریش هەبیت لە پاڵ فاکتەری هێز بۆ دروست بوونی دەولەت.

ب- **تیۆری خێزان (نظرية الاسرة)** :-ئەو تیۆرە پێی وایە خێزان بنەمای پێك هێنانی دەولەتە ،بەو حوکمەی خێزان بنچینەی کۆمەلە ،وە لە ئەنجامی کۆبونەوەی کۆمەلێك خیزان و گەشەسەندیان عەشیرەت دروست بووە ،لە کۆبونەوەی کۆمەلێك عەشیرەتێك (قەبیلە) دروست بووە ،پاش کۆبونەوەی ئەو قەبیلانە گوند دروست بووە ،لە ئەنجامی کۆبونەوەی چەند گوندێك شار دروست بووە ،پاش دروست بوونی شار سیستەمی سیاسی دروست بووە واتە دەولەت .ئەو تیۆرە روبەروی چەندین رەخنە بۆتەوە ،لەوانە ئەو تیۆرە پێی وایە خیزان خانەی یەکەمی دروست بوونی کۆمەلگایە ،لەکاتێك تاك پێش دروست بوونی دەولەت دروست بووە ، هەروەها ئەو تیۆرە دەلێت دەولەت لە ئەنجامی خیزان پاشان عەشیرەت خێل پاشان گوند پاشان شار دروست بووە بەلام ئەوە ناکرێت ببێتە بنەمایەك چونکە دەولەت هەیە دروست بووە بێ ئەوەی بەشار تێپەربێت وەك دەولەتی میسری کۆن ،وە ئامانجی دەولەت زۆر گەورەترە لە ئامانجی خێزان.

ج- **<u>تیۆری گەشەسەندنی مێژووی (نظرية التطور التاريخي)</u>** :- لایەنگرانی ئەو تیۆرە پێیان وایە بنچینەی دروست بوونی دەولـەت ناگەریتەوە بۆ تیۆرێك لـە تیۆرەكانی پێشوو ،ناشتوانین دروست بوونی دەولـەت بگەرێنینەوە بۆ فاكتەرێك لـە فاكتەرەكان ،بەلـكو دروست بوونی دەولـەت دەگەرێتەوە بۆ گەشەسەندنی كۆمەلایەتی و فاكتەری جۆراو جۆر و جیاواز ،واتە دەولـەت لـە ئەنجامی كۆبوونەوەی فاكتەرە جۆراوجۆرەكان و كارلێكردنیان بەدرێژایی رۆژگار دروست بووە .ئەو تیۆرەش بەراسترین تیۆر دادەنرێت بۆ لێكدانەوەی دروست بوونی دەولـەت ،چونكە هەولی داوە گونجاندنێك لەنێوان هەموو تیۆرەكانی پێشوو دروست بكات ،هەروەها بنچینەی دروستبوونی دەولـەت تەنها بۆ فاكتەرێك نەگەراندۆتەوە،بەلـكو بۆ گشت فاكتەرەكان گەراندۆتەوە.

**رایەڵەكانی دەوڵەت**

**(اركان الدولة)**

سەرەتا پێناسەی دەولـەت بكەین (دەولـەت بریتیە لـە كۆمەلـە خەلـكێك ،كە لـەسەر پارچە زەوییەكی دیاریكراو دەژین ،لـە ژێر رۆشنایی سیستەمێكی سیاسی) .

كەواتە دەولـەت لـە سێ رایەلّی سەرەكی پێك دێت:

1. گەل (الـشعب).
2. هەرێم (الاقليم).
3. سیستەمی سیاسی (النظام السياسى )

گەل (الـشعب):

بۆ ئەوەی دەولـەت هەبێت پێویستە كۆمەڵە تاكێك هەبێت لـەسەر هەرێمێك ،هەندێك جاریش لـەنێوان تاكەكانی گەل هەماهانگیەكی مەعنەوی هەیە لـەسەر بنەمای رەگەز یان زمان یان دین، یان فەكتەری تر، بەلام ئەوە مەرجێكی بنەرەتی نیە، چونكە لـەوانەیە دەولـەت هەندێك تاك لـەخۆ بگرێت كە یەك زمان و دین و داب و نەریت وكۆیان نەكاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی كێشەی كەمایيەتەكان. بۆ پێكهێنانی دەولـەتیش ژمارەیەكی دیاریكراو لـەتاك دانەنراوە، بەڵكو دەبێت ژمارەیەكی مەعقول هەبێت لـەتاك بۆ پێكهێنانی دەوڵەت،بەشێوەیەك دەولـەت بتوانێ كاروبارەكانی بەرێوەببات لـەرێگەی تاكەكانی. تێبینی دەكرێت هەندێك دەولـەت ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە سەدان ملیۆن وەك (چین و هیند و روسیا)، هەندێك دەولـەتیش ژمارەی دانیشتوانیان كەمە كە چەند هەزار كەسێكە وەك (فاتيكان).لـەكۆندا ولاتان لـە رێگەی زۆری ژمارەی دانیشتوانیان هێزی خۆیان دەرخست. تاكیش بەدەولـەت بەسترایتەوە لـە رێگەیەكی یاسایی ناونراوە بە (رەگەزنامە)، ئەو رەگەزنامەیەش هەلـدەستێ بەدیاریكردنی پەیوەندی نێوان تاك و دەولـەت .

**<u>مەبەستی كۆمەلایەتی و سیاسی بۆ مانای گەل ( المدلول الاجتماعى والمدلول السياسى للشعب )</u>**

مانای کۆمەلایەتیەکەی گەل مەبەست لێی هەموو تاکەکانی گەل دەگرێتەوە کە هەلگری رەگەزنامەی نیشتمانی ئەو ولاتەن بێ سەیرکردنی لێهاتووی. بەلام مانا سیاسیەکەی گەل ئەوەیە هەموو تاکەکانی کۆمەل دەگرێتەوە کە مەرجی مافی دەنگدانیان تێدایە، واتە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ناویان لەخشتەی هەلبژاردنەکان دێت و ناودەنرێن بە (دەنگدەر).

بەلام تێبینی دەکرێت زۆربەی وولاتان ئیستا جیاوازی لەنێوان ئەو دوو مانایە ناکەن،بەشێوەیەك مەرجی وایان دانەناوە کە ببێتە بەربەست لەبەردەم هاولاتیان لەبەرامبەر مومارەسەکردنی مافە سیاسیەکان ،چونکە زۆربەی ولاتان بەهەلبژاردنی گشتیان وەرگرتووە کەتەنها مەرجی (تەمەن) و (لێهاتن) دادەنێن.

2. **هەرێم (الاقليم)**:

کاتێك هاولاتی دەبێت ئەوا پێویستە پارچە زەوییەك هەبێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام تیایدا بژیت، ئەو پارچە زەویەش بکەویتە ژیر سەروەری و دەسەلاتی دەولەت ،بۆیەش دەتوانین بلێین هەرێم مەسەلەیەکی گرینگە بەنیسبەت هاتنە کایەی دەولەتەوە،چونکە مومارەسەکردنی سەروەری لەلایەن دەولەتەوە پێویستە دیاریبکرێت لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراو، بۆیەش ئەو خێلە کۆچەرانەی بەدوای بژێوی ژیانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوینەکی تر کۆچ دەکەن بەدەولەت دانانرێن، چونکە رایەلی هەرێمیان تێدا نیە و مەرجی ژیانیان بەشێوەیەکی جێگیرو بەردەوام تێدا نیە. هەروەك چۆنیش کەمترین ژمارەی دانیشتوان دیارینەکراوە، هەروەها مەرجیش بۆ هەرێم دانەنراوە کە رووبەرەکەی تا چ رادەیەك فراوان بێت، تەنها بەقەدەر ئەوە نەبێت کە تاکەکانی کۆمەل تیایدا بژین، لەوانەیە رووبەری هەریمێك بچووك بێت وەکو (مۆناکۆ)، هەروەها لەوانەیە رووبەری هەرێمێك گەورە بێت وەك (چین).

هەرێمیش لە سێ بەش پێك هاتووە (**يتكون الاقليم من ثلاثة اجزاء**)

أ- **هەرێمی خاکی (الاقليم الارضي)**: بریتیە لە رووبەرێکی دیاریکراو لە خاك، دەولەت لەنێو ئەو رووبەرەدا مومارەسەی سەروەری دەکات، بۆیەشە زۆر گرینگە سنوری هەرێم دیاریبکرێت بەشێوەیەك جیای بکاتەوە لە هەرێمی ولاتێکی تر. سنوریش کە هەریمێك لە هەرێمێکی تر جیا دەکاتەوە، هەندێك جار سنوری سروشتیە وەك چیاو رووبار، هەندێك جاریش سنورەکە دەسکردە وەم دانانی بورج یان ستون یان دیوار یان لەوانەیە ئەو سنورە وەهمی بێت.

ب- **هەرێمی ئاویی (الاقليم المائي)**: هەرێمی ئاویش هەموو ئەو رووبارو دەریایانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ناو سنوری دەولەت، هەروەها بەشێکیش لە دەریا گشتیەکان دەگریتەوە کە بەسنوری دەولەت نوساون وە ناو دەنرین بە دەریای هەرێمی. مەسەلەی دیاریکردنی دەریای هەریمیش لە یاسای نیو دەولەتی بیرو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، هەندێك پێیان وایە ئەو سنورە دیاری دەکرێت تا ئەو شوینەی کە دەولەت دەتوانی پاریزگاری لێبکات و کۆنترۆلی بکات، هەندێکی تر دەلێن ئەو سنورە دیاری دەکریت یە سێ میللی دەریایی، هەندێکی تر دەلێن ئەو سنورە دیاریدەکرێت تا ئەو شوینەی کە گوللە تۆپێکی سەربازی پێدەگات. بەلام یەکیتی سۆفیەتی پیشوو بە (12) میلی دەریایی دیاریکردبوو وە عیراق ە میسر و لیبیاش بە (12) میلی دەریایی دیاریکردووە.

ج- **هەرێمی ئاسمانی (الاقليم الجوي)**: ئەو چینە هەواییانە دەگریتەوە کە دەکەویتە سەر هەریەکە لە هەرێمی خاکی و هەرێمی ئاوی.دەولەتیش مومارەسەی سەروەری دەکات لەسەر ئەو هەرێمە بێ ئەوەی پابەند بێت بەبەرزیەکی دیاریکراو.گرینگی هەرێمی ئاسمانیش زیادبووە لە ئەنجامی زیادبوونی بەکارهێنانی فرۆکە، بۆیەشە مەسەلەی تێپەربونی فرۆکە ئاسمانی وولاتان دەبێت لە نێوان وولاتان لەرێگەی رێککەوتننامەی نیو دەولەتی رێکبخرێت.

**3.دەسەڵاتی سیاسی (السلطة السیاسیة ):**

دەولـەت تەنها بەبوونی کۆمەڵێك تاك و هەرێمیکی دیاریکراو دروست نابێت، بەلکو پێویستە دەستەیەکی دەسەلاتدار هەبێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ملکەچ بن، ئەو دەسەلاتە سیاسیەش هەلدەسێ بە وەزیفەی یاسادانان و جیبەجیکردن و دادوەری بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکان و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هاولاتیان.

دەسەلاتیش بنەمایەکی بنچینەییە بۆ هەر سیستەمیکی سیاسی، ئەو دەستەیەش بەوە جیادەکریتەوە کە هیزێکی مادی گەورەی هەیە لە دەولەت،بەشیوەیەك هیچ هیزیکی تر نیە کیبرکێی لەگەل بکات، چونکە بوونی هەر هیزیکی تر لەناو دەولەت دەبێتە هۆی رووخانی دەولەت و دروست بوونی نائارامی و ناسەقامگیری لە ئەنجامی ململانێ نێوان هێزە جیاوازەکانی ناو دەولەت.

**دەسەڵاتی سیاسی**

- بەرجەستەبوونی ویستی گەل دەردەخا.
- دەسەڵات دوای دروستبوونی کۆمەڵ و بنەماکانی رێکخستن دێ، دواتریش کۆمەڵگاو دامودەزگاو دەستور.
- دەسەڵات هێزی هەیە، مەعنەوی و ماددی.
- **جیاکەرەوەکانی دەسەڵات**: خۆپەرستە ( الأنانیة )، یەك رێکخستنی ستوونی هەیە ( کارگێری گشتی )، مەدەنیبوون، کاتییە، زۆرەملێی ماددی هەیە، بە یاساکراوە.
- **تایبەتمەندییەکانی دەسەڵات**: دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاساییە.
- **بنەماکانی شەرعیەتی دەسەڵات**: بۆچوونی جیاواز هەیە، وەك تیۆری پیرۆزی دەسەڵات، تیۆری سەرچاوەی گەل بۆ دەسەڵات.
- **شەرعیەتی دەسەڵات**: شەرعیەت کۆکبوونە لەگەڵ بنەما یاساییەکان، وەك دەستورو یاساکان. ئەو یاسایانەش بەسەر دامودەزگاو تاکەکاندا جێبەجێدەکرێ.
- **پرنسیپی بەدەستهێنانی شەرعیەت**:
  1. دامودەزگاکانی دەوڵەت بەسنوری یاساوە پابەند دەبن.
  2. پێویستە ئەو لایەنەی کە یاسا دەردەکا پلەبەندی یاسا رەچاو بکاو نابێ پێچەوانە بێ لەگەڵ یاسایەکی تری بالاتر.
- **زەمانەتی شەرعیەتی دەسەڵات**:
  1. چاودێری سیاسی: دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر جێبەجێکردنەوە.
  2. چاودێری کارگێری: مافی تەزەڵلوم و پێشکەشکردنی گازەندە لەلایەن هاولاتیانەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
  3. چاودێری قەزایی: مسۆگەربوونی مافی قەزاوەت بۆ هەموو هاوڵاتیان.
  4. داواکاری گشتی: پاراستنی هاوڵاتیان لە هەموو سەرپێچی و لادانێك.

5. هەڵبژاردن.
6. کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن.

## دانپێدانان بە دەوڵەت
## (الاعتراف بالدولة)

مەبەست لە دانپێدانان بە دەولەت ئەوەیە دەولەتان دان بەبوونی دەولەتە نوێیەکە دابنێن و وەکو ئەندامێکیش لەکۆمەلەی نێو دەولەتی قبولی بکەن، دانپێدانانیش رێ و شوێنێکی سەربەخۆیە لە دروست بوونی دەولەت، چونکە دەولەت بەبوونی گەل و هەرێم و دەسەلات دروست دەبێت، کاتێکیش دروست دەبیت ئەوا سەروەری دەبێت لەسەر هاولاتیانی، بەلام ناتوانێ مومارەسەی ئەو سەروەریە بکات لەبەرامبەر ولاتانی تر تەنها ئەگەر ولاتانێ تر دان بەبوونی دابنێن.
دەربارەی سروشتی دانپیادانان بە دەولەتی نوێ دوو تیۆر هەیە :-

1. **تیۆری دانپیانانی دروستکەر (الاعتراف الانشائیة)**: بەگوێرەی ئەو تیۆرە دەولەت تەنها لەرێگەی دانپیادانان کەسایەتی نێودەولەتی دەبێت، چونکە دانپیانان چوارچێوەی یاسایی لەکۆمەلەی نێودەولەتی بە دەولەتی نوێ دەبەخشێ وەك کەسێك لە کەسایەتیەکانی یاسای نێودەولەتی گشتی، بەمەش دانپیانان دەبێتە رایەلێك لە رایەلەکانی دەولەت، کەواتە بۆ دروست بوونی دەولەت لەتەك رایەلەکانی (گەل، هەرێم، دەسەلاتی سیاسی) دەبێت دانپیانانیش بوونی هەبێت.

**رەخنەکانی ئەو تیۆرەیە**:

أ- ئەو تیۆرە ناگونجێ لەگەل باروذۆخی کۆمەلایەتی و مێژووی، چونکە دروست بوونی دەولەت رووداوێکی مێژوویيە کۆمەلێك هۆکاری لەپالە و تەنها لەسەر ئیرادەی وولاتان نەوەستاوە.

ب- ئەو تیۆرە لەگەل مامەلەی نێو دەولەتی ناگونجێ، چونکە سەرەرای ئەوەی هەندێك دەولەت دانیان پیانەنراوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا ولاتان مامەلەیان لەگەل کردووە.

2. **تیۆری دانپیانانی ئاشکراکەر (بریاردەر)**: بەگوێرەی ئەو تیۆرەیە دانپیانان تەنها کارێکی بریاردەرانەیە یاخود خۆپیشاندەرە، چونکە کەسایەتی نێو دەولەتی بەگوێرەی ئەو تیۆرەیە وەسفێکە دەدرێتە پال دەولەت لەکاتی هاتنە کایەوە، کەواتە بەگوێرەی ئەو تیۆرە دەولەت دێتە کایەوە هەر کاتێك رایەلەکانی (گەل، هەرێم، دەسەلاتی سیاسی)هەبوو، دانپیانانیش کاریگەری نیە لەسەر کەسایەتی نێودەولەتی دەولەت، بەلکو کاریگەریەگەی تەنها لەبواری پەیوەندی ئەو دەولەتە نوێیە بە دەولەتەکانی ترەوە، بەجۆرێك ئەو دەولەتانەی دان بەدەولەتە نوێیەکە دادەنێن خوازیاری بەستنی پەیوەندیە لەگەلی، ئەوانیشی کەوا دانی پێدانانێن ناچنە نێو بەستنی پەیوەندی لەگەل دەولەتە نوێیەکە. زۆربەی یاساناسان لایەنگری ئەو تیۆرەن بەحوکمی ئەوەی زیاتر لە واقیعی یاسایی نزیکە و لەگەل مامەلەی نێودەولەتی و پەیوەندیە نێودەولەتیەکان دەگونجێ.

## خەسڵەتەکانی دەوڵەت
## (خصائص الدولة)

1. **سەروەری (السيادة)**:

ئەگەر دەسەلاتی سیاسی رایەلێك بێت لە رایەلەكانی دەولەت، ئەوا سەروەری سیفەتێكی دەسەلاتی سیاسیە لەدەولەت. ئەوەی دەولەت لەگروپەكەنانی تر جیادەكاتەوە، خەسلەتی سەروەریە كە بەسیفەتی دەسەلاتی سیاسی دادەنرێت، ئەو خەسلەتەش جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دەسەلاتی دەولەت جیاوازە لەدەسەلاتی گروپەكانی تر كە دەسەلاتێكە توانای ریكخستنی خۆی هەیە و دەتوانێ فەرمانەكانی بسەپێنێت، بێ ئەوەی هیچ گروپێكی تر بتوانێت رووبەرووی ببێتەوە، چونكە هیچ گروپێك دەسەلاتی زۆرتر یان هاوشێوەی دەولەتی نییە.

كەواتە سەروەری (بریتیە لەوەی كە دەسەلاتی دەولەت دەسەلاتێكی باڵایە هیچ دەسەلاتێكی تر لەسەروی ئەوەوە نیە، بەمەش لەسەروی هەموانەو بەسەر هەموانیش دەسەپێنرێت).

**خاسیەتەكانی سەروەری**

- أ- **بنچینەییە**: واتە بنچینەكەی لەهیچ دەسەلاتێكی تر وەرناگرێت.
- ب- **شموولیە**: واتە لەسەر هەموو هاولاتیان جیبەجێدەكرێت بەوانەی كە هاولاتی ئەو دەولەتەش نین ئەگەر لەهەرێمی ئەو ولاتە بن،لەگەل پابەندبوون بە رێككەوتننامە نێو دەولەتیانەی كە كاری دیبلۆماسیەكان و فەرمانبەرانی رێكخراوە نێو دەولەتیەكان و هاوشێوەكانیان رێكدەخات.
- ج- **بەردەوامییە**: واتە نەبەستراوەتەوە بەكەسی حاكمەكان، بەلكو بەستراوەتەوە بەخودی دەولەت، بەمەش تا دەولەت مابێت كۆتایی بەسەروەری نایەت.
- د- **دابەش نابێت**: واتە یەك یەكەی یەكگرتووە ناكرێت بەسەر تاكەكان یاخود بەسەر دەسەلات دابەش بكرێت بۆیە سەروەری دابەش ناكرێت.
- ه- **تەنازولی لێناكرێت**: واتە سەروەری ناكرێت تەنازولی لێبكرێت، چونكە سەروەری بەستراوەتەوە بەدەسەلاتی دەولەت، تەنازولكردنیش لێی دەبێتە هۆی نەمانی دەولەت.

2. **كەسایەتی یاسایی (كەسایەتی مەعنەویی)**:

مەبەست لەكەسایەتی یاسایی دەولەت توانای دەولەتە لەبەدەست هێنانی ماف و ئەرك. یاساناسەكانیش كۆكن دەربارەی كەسایەتی یاسایی دەولەت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت دەولەت وەك یەكەیەكی یاسایی سەربەخۆ دەردەكەوێت لەكەسی حاكمەكان كە بەناوی دەولەت مومارەسەی دەسەلات دەكەن، كەسایەتی یاسایی دەولەتیش سیفەتی بەردەوامی و جێگیری تێدایە.

**مەبەست لە دروستبوونی دەوڵەت**: سستم، پێشكەوتن و گەشەسەندن، خۆشبەختی، پاراستنی ئاكار و ڕەوشت، دادپەروەری.

**وەزیفەكانی دەوڵەت**: ئاسایش ( وەزیفەی سەرەكی )، الإنماو ( گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی وولاّت ( وەزیفەی تەواوكار ).

**جۆرەكانی دەوڵەت**: دەوڵەتی سادە ( مەركەزی، لا مەركەزی )، دەوڵەتی پێكهاتە یان ئاوێتە ( كۆنفدرالی، فیدرالی ).

## جۆرەکانی دەوڵەت
## (انواع الدول)

**یەکەم: دەوڵەتی سادە (الدولة البسيطة):**

دەولـەتی سادە یان دەولـەتی یەکگرتوو بەسانایی پێکهاتەو یەکێتیەکەی جیادەکرێتەوە، سەرووەریەکە یەککرتووە یەك دەسەلاتی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری مومارەسە دەکات هەروەك لە دەستورەکەی دیاریکراوە کـە لـەسـەر هـەموو هەریمەکانی دەولـەت جێبەجێدەکرێت. لـەوەش بۆمان روون دەبێتەوە دەولـەتی سادە یەکەیەکی یەکگرتووە لەهەردوو بواری ناوخۆیی و دەرەکیدا، چونکە یەك دەستە هەیە نوێنەرایەتی و ئیـدارەی کاروبـاری دەرەکـی لـەئەسـتۆ دەگرێـت، لـەبواری ناوخۆشدا یەك سیستەمی سیاسی هەیە. ئیزدواجیەت لـە دەسەلاتەکان نیە، چونکە یەك دەسەلاتی یاسادانان هەیـە لـەسـنوری هەریمەکەی مومارەسەی ئەرکەکانی دەکات، یەك دەسەلاتی جیبەجیکردنیش هەیە هەلـدەستیٚ بـەجیٚ بـەجیٚکردنی یاسـاکان بەسەر هاولاتیـان، یـەك دەسـەلاتی دادوەریـش هەیـە کـە هەلـدەسـتیٚ بەیەکلاکردنـەوەی ناکۆکیـەکان لـەنێوان تاکـەکان لـەدەولـەتدا، نمونەی دەولـەتی سادەش وەك میسر، لوبنان، ئوردن، فەرەنسا، تورکیا، یۆنان.

وەك ووتمان دەولـەتی سادە لـەرووی ریکخستنەوە سادەیە بەلام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت ریکخسـتنی ئیداریشـی لـەرووی پێکهاتەوە سادەو ساکار بێت، چونکە لـەوانەیە دەولـەتی سادە بە سیستەمی مەرکەزی یان بەسیسـتەمی نامەرکـەزی ئیداری وەربگرێت.

**دەوڵەتی سادە**

- چوارچێوەی جیوگرافی یەکگرتوو.
- یەك گەل.
- یەك رِێکخستنی سیاسی کارگێڕی.
- مەرکەزیەتی کارگێڕی.
- یەك مەرجەعیەتی یاسایی.
- دوو جۆر هەیە بەشێوەی گشتی: مەرکەزی، لا مەرکەزی.
- <u>بەپێی دابەشبوونی دەسەڵاتەکان دوو جۆرە:</u> مەرکەزیەتی تەواو، مەرکەزیەتی نەرم.
- پلـەبەندی کارگێڕی بەرەو بالاّتر، تا بەلوتکە دەگاتە پایتەخت ( سەرۆك، سەرۆکوەزیران، وەزیر ).

**<u>دابەشکردنی إختصاصات لـەنێو دەسەڵاتی مەرکەزیدا</u>**

1. **<u>مەرکەزیەتی تەواو</u>**

- دەسەڵاتێکی مەرکەزی و بوونی یەك کارگێڕی.

- بوونی یەك ڕێكخستنی یاسایی لـە وڵاتدا.
- دابەشبوونی كارگێڕیی نەك دەسەڵاتەكان.
- حەصربوونی وەزیفەی كارگێڕیی لـە سەرۆكایەتیدا لـە پایتەخت، كە بڕیاری یەكلاكەرەوەی كارەكان لـەوێیە.
- دەسەڵات مەركەزییەو بەدەستی وەزیرەكانە.
- **لـە باشیەكانی**: پاراستنی یەكێتی كارگێڕی لـە دەوڵـەتدا، بەدەستهێنانی یەك شێوازی كارگێڕیی یەكگرتووی كارگێڕی لـە وڵاتدا.
- **لـە خراپیەكانی**: لـە دەوڵـەتی هاوچەرخدا جێبەجێ ناكرێ چونكە دابەشكردنی إختصاصات لـەناو كارگێڕیدا كارێكە دەبێ بكرێ.

2. **مەركەزیەتی نەرم "لامەركەزی"**

- وەزیفەی ئیداری لـە سەرۆكایەتیدا چڕبۆتەوە لـە پایتەخت.
- تایبەتمەندی هەرێمەكان و گرنگیان بەرچاودەگیرێ.
- مافی لقە ئیداریەكانە بەدەر لـە فەرمانی وەزارەت كارەكان یەكلایی بكەنەوە.
- دەسەڵاتدارانی پایتەخت ڕێدەدەن بە هەندێ دامودەزگاكان هەندێ كار لـە جیات ئەوان بكەن. "التفويض الإداري".
- لقە ئیداریەكان مافی گازەندەیان هەیە لـەهەندێ بڕیاردا كە لـەلایەن سەنتەرەوە دەركراوە.
- **لـە باشیەكانی**: سوككردنی ئەركەكان و گرانیان لـەسەرشانی سەرۆكایەتی كارگێڕی مەركەزی و جۆرێكە لـە هەنگاو بەرەو دیموكراسیەت لـە ئیدارەدا.

**دووەم: دەولـەتی ئاوێتە (الدولة المركبة):**

بەكۆبونەوەی چەند دەولـەتێك بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێكی هاوبەش دێتە كایەوە، وە چوار جۆری هەیە:

1. **ئیتحادی شەخسی**: یەكیتی كەسی لـەسەر بنەمای یەكیتی سەرۆكی دەولـەت پێكدێت، بەجۆرێك دوو دەولـەت یـاخود زیاتر ڕێك دەكەون لـەسەر هەلبژاردنی كەسێك بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆكی هـەر دەولـەتێك لـە دەولـەتـەكانی یـەكێتی، هەموو دەولەتەكانی ئەو یەكێتیەش كەسایەتی مەعنەوی خۆیان لـەرووی ڕێكخستنی ناوخۆیی و دەرەكیدا دەپارێزن.

أ- دەولـەتەكان كەسایەتی نێو دەولـەتی وەك خۆیان دەپارێزن، بەجۆرێك هەر دەولــەتێك سـەربەخۆ دەبێـت لـەرووی نوێنەرایەتی و هەڵسوكەوتی لـە دەرەوەدا.

ب- سەرۆكی دەولـەت لـە یەكێتی مومارەسەی دەسەلات ناكات وەك ئەوەی كە سەرۆكی یەكێتیە، بـەلكو سـیفەتێكی جۆراو جۆر وەردەگرێت دەگۆڕێت بەگۆڕانی ئەو دەولـەتانەی كە یەكێتی كەسی پێك دەهێـنن بۆیـە لـەوانەیـە لـە دەولـەتێك پادشای ڕەها بێت وە لـە دەولـەتێكی تر پادشا بێت.

ج- ئەو جەنگەی لـەنیوان دەولـەتەكان دروست دەبێت جەنگێكی نیو دەولـەتیە، چونكە سـەرۆكی دەولــەت سـەرۆكی یەكێتی نیە.

د- مەرج نیە سیستەمە سیاسیە پێکهێنەرەکانی یەکێتی کەسی وەك یەك بن، چونکە ئەو دەولەتانە پارێزگاری لەکەسایەتی ناوخۆیی خۆیان دەکەن.

هـ- هاولاتی هەر دەولەتێك لە دەولەتەکانی یەکێتی کەسی پارێزگاری لە رەگەزنامەی خۆیان دەکەن، بەمەش بەبیانی دادەنرێن بەنیسبەت دەولەتەکانی تری یەکێتی کەسی.

2. **یەکێتی راستەقینە**( الاتحادی الحقیقی):

ئەم جۆرە یەکێتیە لەیەکگرتنی دوو دەولەت یان زیاتر پێکدێت، بەجۆرێك هەموو ولاتانی ئەندام لەو یەکێتیە ملکەچی یەك سەرۆك دەبن لەگەل توانەوەیان لەیەك کەسایەتی نێودەولەتی، کە هەلدەستێ بە راپەراندنی کاروباری دەرەوە و نوێنەرایەتی سیاسی بەناوی یەکێتی. لەبواری ناوخۆش هەریەکە لە دەولەتەکانی ئەندام پارێزگاری لە دەستورو یاساو رێنماییە ناوخۆیەکانیان دەکەن، لەبەر ئەوەی لە یەکێتی راستەقینە یەك کەسایەتی نێو دەولەتی هەیە نوێنەرایەتی هەموو ولاتانی یەکێتی دەکات لە دەرەوە، بۆیەشە تێبینی دەکرێت رێکەوتننامە نێودەولەتییەکان بەناوی یەکێتیەوە دەبەسترێت ئەگەر پەیوەست بێت بەتەواوی یەکێتی، بۆ هەر دەولەتێکیش لەدەولەتەکانی یەکێتی هەیە هەڵسێ بەبەستنی رێککەوتننامە لەگەڵ ولاّتانی تر بەناوی خۆی ئەگەر پەیوەست بوو بەکاروباری ناوخۆی تایبەت بوو. هەرچی پەیوەندی بەنوێنەرایەتی دیبلۆماسی و قونسولگەری هەیە ئەوا بەناوی یەکێتی دەبێت. ئەگەر هاتوو یەکێك لەوولاّتانی یەکێتی راستەقینە بوو بەشەری لەگەل وولاّتانی تر لەدەرەوەی یەکێتیەکە ئەوا هەموو ولاّتانی یەکێتی لەحالەتی شەردا دەبن لەگەل ئەو وولاّتە. بەلاّم ئەگەر شەر لەنێوان دوو وولاّتی یەکێتی روویدا ئەوا ئەو شەرە بەشەرێکی ناوخۆیی دادەنرێت نەك شەرێکی نێو دەولەتی. لەنموونەکانی یەکێتی راستەقینە، یەکێتی نێوان سوید و نەرویج 1815–1905 وە یەکێتی نێوان دانیمارك و ئایسلەندا لەسالی 1918–1944.

3. **یەکێتی کۆنفدرالی**:

ئەم جۆرە یەکێتیە لەنێوان دوو دەولەت یان زیاتر دروست دەبێت، بەگوێرەی پەیماننامەیەك لەلایەن حکومەتەکانی ولاتانی یەکێتی بریاری لەسەر دەدرێت، هەموو ولاّتانی یەکێتیش سەربەخۆیی خۆیان لەهەردوو بواری ناوخۆیی و دەرەکیدا دەپارێزن. لەگرینگترین روخسارەکانی یەکێتی کۆنفدرالی بەستنی هاوپەیمانیە لەنێوان ولاّتانی یەکێتی مەبەست تیایدا رێکخستنی هەندێك کێشەی هاوبەشە، وەکو هەماهەنگی لەبواری ئابوری و رۆشەنبیری و خۆپاراستن. ئەرکی رێکخستنی ئەو کێشە هاوبەشانەش بەگوێرەی پەیماننامەی هاوپەیمانیەکە بەدەستەیەك دەسپێرێت کەناو دەنرێت بە (کۆنگرە)کەنوێنەری ولاتانی ئەندام لەخۆ دەگرێت، لەرێگەی ئەم دەستەیەش سیاسەتی گشتی یەکێتی دادەنرێت. تێبینی دەکرێت ئەو (کۆنگرەیە)کەنوێنەرایەتی هەموو دەولەتەکان دەکات بە دەولەتێك دانانرێت لەسەروی دەولەتە ئەندامەکان، بەلکو تەنها کۆنگرەیەکی سیاسیە کە ئەرکی دانانی سیاسەتی هاوبەشە بۆ ولاتانی ئەندام. وە ئەو کۆنگرەیە مافی ئەوەی نیە بریار لەسەر ولاتان بسەپێنێت، بەلکو ولاّتان ئازادن لەوەی بەبریارەکانی ئەو کۆنگرەیە وەربگرن بیخەنە بواری جیبەجیکردن یاخود نا. لەنمونەی یەکێتی کۆنفدرالی یەکێتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە سالی (1776–1787).

**ئەنجامەکانی دروست بوونی کۆنفدرالی**

أ- لەبەر ئەوەی ولاّتانی یەکێتی پارێزگاری لـە کەسایەتی نێو دەولـەتی خۆیان دەکەن، بۆیە هەر ولاتێك لـەولاّتانی یـەکێتی سەربەخۆیە لەنوێنەرایەتی لەدەرەوەی ولاّت، ئازادیشە لـە بەستنی هەر رێککەوتنامەیەك لـەگەڵ ولاّتێکی تر بەمـەرجێك دژی کێشە هاوبەشەکانی پەیماننامەی هاوپەیمانیەکە نەبێت.

ب- لەبەر ئەوەی ولاّتانی یەکێتی لەبواری ناوخۆشدا پارێزگاری لەکەسایەتیان دەکـەن، بۆیـە ولاّتـانی ئەنـدام سـەربەخۆن لەسیستەمە سیاسیەکانیان، بەمەش لەوانەیە سیستەمی سیاسـی ولاّتێـك لەگـەڵ ولاّتێکـی تـر جیـاواز بێـت، هـەروەها هاولاّتیان هەر ولاّتێك لـە ولاّتانی ئەندام لـە یەکێتی پارێزگاری لـە رەگەزنامەی خۆیـان دەکـەن و خـاوەن رەگەزنامـەی خۆیانن، بۆیە هاولاتی ولاتێك بەبیانی دادەنریت لـە ولاتیکی تری یەکیتیەکە.

ج- لە یەکێتی کۆنفدرالی بۆ هەر ولاّتێك لـە ولاّتانی یەکێتی هەیە لەهەر کاتێك بیانەوێت لـە یەکێتیەکـە جیـا ببنـەوە، هـەتا ئەگەر پەیمانامەی هاوپەیمانیەکەش دەقێکی وای تیانەبوو رێگە بەو ولاّتانە بدات جیا ببنەوە.

د- لەبەر ئەوەی دەولـەتە ئەندامەکان لـە یەکێتی کۆنفدرالیدا سەروەری و کەسایەتیە نێودەولـەتیەکـەی خۆیـان دەپـارێزن، بۆیە ئەگەر شەڕ لـەنێوانیان روویدا، ئەوا بەشەڕی نێو دەولـەتی دادەنرێت.

**کۆنفدراڵیەت**

- دەوڵـەتێکی مەرکەزی نییە.
- یەکێتییەکە لـە نێوان چەند دەوڵـەتێکدا دروست دەکرێ، وەك کەسێتیەکی مەعنەوی و بەرژەوەندییەکی هاوبەشی نێوانیان وەك یەکێتی ئەورووپا، جامعەی دەوڵـەتانی عەرەبی....هتد.
- پەیوەندییەکی هاوسەنگ و سەربەخۆ لـە نێوان ئەندامانی یەکێتیەکەدا هەیە.
- ئەرکی یەکێتیەکە دارشتنی سیاسەتێکی هاوبەشە.
- وەڵامدانەوەو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی یەکێتی کۆنفدرال لـەلایەن ئەندامانیەوە ئازادانەیە.
- ئازادی جیابوونەوەی دەوڵـەتانی ئەندام لـە کۆنفدرالیەتەکە.
- هەموو دەوڵـەتێکی ئەندام مافی تانەو گازەندەی هەیە لـە بڕیارەکانی کۆنفدرال.

هەموو دەوڵـەتانی ئەندامی کۆنفدرال سیادەی سەربەخۆی خۆیان هەیە.

## 4. فیدرالی:

سیستەمێکی سیاسی دەستوریە، چەند دەولـەتێك یان چەند هەرێمێك لـەیەك دەوڵـەتـدا یەکـدەگرن بـۆ دەوڵــەتێکی یەکگرتووی خاوەن یەك سەروەری، ئەندامانی ئەم دەوڵەتە واز لـەسەروەری خۆیان دەهێنن بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەو دەولـەتـە تازەیە، لـەهەمان کاتدا هەرێمـەکانی ئـەو دەولـەتەیـە پاریزگـاری لــە سـەربەخۆی خۆجێیـان دەکـەن و بەشـدار دەبـن لـە دروستکردنی بریارەکانی یەکێتی لـە رێگەی دەزگاکانی یەکێتیەوە.کەواتە فیدرالیەت بەگوێرەی یاسای دەسـتوری دروسـت دەبێت وە بنەمەکانی دەستور هەلـدەستێ بەرێکخستنی هەموو ئەو (هەرێم _ ویلایەت _ کانتۆن ).

<u>**چۆنیەتی دروست بوونی فیدرالی**</u>

أ- ڕێکەوتنی چەند دەوڵـەتێکی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی فیدراڵی، ئەوە شێوە باوەکەیەتی هەریـەك لـە ولاتـە یـەکگرتوەکانی ئەمەریکاو سویسراو ئەڵمانیاو کەنەدا بەم شێوەیە هاتنەکایەوە. ئەو دەوڵـەتە فدراڵیانـەی بـەو شـێوەیە دروسـتبونە مـافی دەوڵـەتە ئەندامەکان تیایدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی زۆرترە لـەمەرکەز، چـونکە ئـەو دەوڵـەتـە ئەندامانـەی کـە فیدراڵیـەت دادەمەزرێنن تەنها واز لـە بڕێکی کەم و سنوردار لـە دەسەڵاتەکانی خۆیان بۆ دەوڵـەتی یەکگرتوو دێنن وە هـەوڵ دەدەن زۆر لـەدەسەڵاتەکانی یەکێتی کەم بکەنەوە.

ب- لـەئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵـەتێکی یەکگرتوو بۆ چەند دەوڵـەتێکی بچووك، بەڵام ئەو دەوڵـەتە بچووکانە حەز بەوە دەکـەن کـە پەیوەندیـەکی تونـدوتۆڵ لـەنێوانیان هـەبێت، ئـەمیش لـەشـێوەی فیـدراڵی بێـت، بەشـێوەیەك ڕێژەیـەکی سەربەخۆیەکی ڕێژەییان هەبێت کە پێشتر نەیان بووە کاتێك دەوڵـەتێکی یەکگرتوو بوونە، هەریەك لـەیـەکێتی سـۆڤیەتی جاران و مەکسیك و ئەرجەنتین و بەرازیل بەم شێوەیە دروست بوونە.

تێبینی دەکرێت گەلێك فاکتەر هەنە پاڵ بەدەوڵـەتانەوە دەنێن کە فیدراڵی پێکبهێنن ئەو فاکتەرانە لەوانەیە نـاوخۆیی بێت، وەکو یەکێتی نەژاد یان زمان یان دین یان عورف و حەزێکی هاوبەش وەکو ئەڵمانیا، لەوانەشە فاکتەری دەرەکی بن کە گرینگتریان پێکهێنانی یەکێتیەکی بەهێزە بـۆ پاریزگـاریکردن لـەدەوڵـەت لـە دژی هـەر دەسـت درێژیـەکی دەرەکـی وەك ئەمەریکا.

## ئەو ئەنجامانەی کە لـەدروست بوونی دەوڵـەتی فیدراڵی دەکەوێتەوە

### 1. ئەو ئەنجامانەی کە پەیوەستن بەبواری دەرەکی:

أ- دەبێتە هۆی دروست بوونی یەك دەوڵـەتی نوێ، نوێنەرایەتی هەموو دەوڵەتە فیدراڵیەکە دەکـات، یـەك کەسـایەتی نێـو دەوڵـەتیشی دەبێت، تەنها بۆ دەوڵـەتی فیدراڵیە هەڵسێ.

- بەستنی پەیوەندی نێودەوڵـەتی لـەگەڵ وڵاتانی تر یان لـەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵـەتیەکان.
- ئاڵوگۆڕکردنی نوێنەرایەتی دیبلوماسی و بەستنی ڕێکەوتنامە نێودەوڵـەتیەکان.
- ڕاگەیاندنی جەنگ و قبوڵکردنی ئاشتی لـە دەسەڵاتی مەرکەزی دەبێت لـە پایتەختی دەوڵـەتی فیدراڵی.

ب- هەرێمی دەوڵـەتی فیدراڵی لـەهەرێمی وڵاتەکان پێك دێت (کە دەوڵـەتی فیدراڵی پێکدەهێنن)، سنوری دەوڵـەتی فیدراڵیش لـەسەر بنەمای هەرێمە یەکگرتووە نوێیەکەی دیاری دەکات، واتە هەرێمی هەموو ویلایەتەکان دەگرێتەوە.

ج- هاولاتیانی دەوڵـەتی فیدراڵی یەك ڕەگەزنامەی هاوبەشیان دەبێت کە بە دەوڵـەتی فیدراڵیان دەبەستێتەوە.

### 2. ئەو ئەنجامانەی کە پەیوەستن بەبواری ناوخۆیی:

أ- بوونی دەستورێکی یەکگرتوو بۆ دەوڵـەتی فیدراڵی، لـەلایەن دەسەڵاتی دامەزرێنەرەوە دادەنرێت، وە نوێنەرایەتی هـەموو دەوڵـەتی فیدراڵی دەکات، لـەگەڵ بوونی ئەو دەستورە یەکگرتووە، هـەر هـەرێمێك دەسـتورێکی تایبـەتی خـۆی هەیـە، بەمەرجێك ناوەڕۆك و ماددەو بڕگەکانی ناکۆك نەبێت لـەگەڵ دەستوری یەکگرتووی دەوڵـەتی فیدراڵی.

ب- بوونی سـێ دەسـەڵات لـەسـەر ئاسـتی دەوڵـەتی فیـدراڵی ئـەوانیش هەریەکـە لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جیبەجیکردن و دەسەڵاتی دادوەری هەڵدەستن بەڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵـەتی فیدراڵی.

**دەسەلاتی یاسادانان:** ئەرکی دانانی یاسایە بۆ هەموو دەولەتی فیدرالی، تێبینیش دەکرێت دەسەلاتی یاسادانان لە دەولەتی فیدرالی لە دوو ئەنجومەن پێکدێت: ئەنجومەنێك لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دەبێت، ئەوی تریان لەسەر بنەمای یەکسانی دەبیت لەنیوان هەریمەکان بۆ نمونە لە ئەمەریکا هەر ویلایەتیك دوو ئەندامی هەیە لە ئەنجومەنی پیران کە لە (100) ئەندام پێك دیت وە (50) ویلایەتە.

**دەسەلاتی جیبەجیکردن:** هەلدەستیٚ بە جیبەجیکردنی یاساکانی دەولەتی فیدرالی هەلیش دەستێت بەرێکخستنی کاروباری ئیداری بەیەکێك لەو سیٚ رێگەیە:

أ- **ئیدارەی راستەوخۆ**: حکومەتی فیدرالی هەلدەستێت بەدامەزراندنی چەند فەرمانبەرێك و دابەشیان دەکات بەسەر هەموو هەرێمەکان، بۆئەوەی هەلسن بەجیبەجیکردنی یاساو رینمایەکانی دەولەتی فیدرالی بیٚ ئەوەی پشت بەفەرمانبەرانی هەریمەکان ببەستن، ویلایەت یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەم شیوەی وەرگرتووە، لایەنی باشی ئەو رێگەیە ئەوەیە کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی یاساکان بەشێوەیەکی رێك و پێك، هەروەها دەبێتە هۆی خێرایی و باشی لەجێبەجێکردنی یاساکان. وە لایەنی خراپی ئەو رێگەیە لەوەدایە کە جۆرێك لەململانیٚ لەنێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدرالی دروست دەکات ئەمە لەلایەك ،لەلایەکی تر ئەم رێگەیە پێویستی بەتێچوون و بودجەیەکی زۆر هەیە.

ب- **ئیدارەیی ناراستەوخۆ**: بەگوێرەی ئەم رێگەیەش ئەرکی جێبەجێکردنی یاساو بریارەکانی مەرکەز بەفەرمانبەرانی هەریمەکان دەسپێردرێت. لەگەل ئەمەشدا ئەو فەرمانبەرانە لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری دەسەلاتی یەکیتی دادەبن. لەسودەکانی ئەو رێگەیەش ئەوەیە کە لەرووی ئابوریەوە خەرجی کەم دەبێت. بەلام لایەنی خراپی ئەوەیە کە دەبێتە هۆی پشت گویٚ خستن و سستی لەلایەن بەرێوبەرایەتی و فەرمانبەرەکانی هەریمەوە بەرامبەر بەجیبەجیکردنی بریارەکانی حکومەتی فیدرالی. ئەلمانیاش لەو دەولەتانەیە بەو رێگەی وەرگرتووە.

ج- **ئیدارەی تێکەلاو**: ئەو رێگەیەش هەردوو رێگەکەی پێشوو لەخۆ کۆدەکاتەوە، بەشێوەیەك ئەرکی جیبەجیکردنی یاساو رینماییەکانی مەرکەز هاوبەش دەبێت لەنێوان فەرمانبەرانی مەرکەزو فەرمانبەرانی هەریمەکان. نەمسا بەو رێگەیەی وەرگرتووە. ئەو شێوەیە لایەنە باشەکانی هەردوو شێوەی پێشوو لەخۆ دەگرێت و لایەنە خراپەکانی هەردووکیشیان بەلاوە دەنێت.

**دەسەلاتی دادوەریی**: لەدەولەتی فیدرالی چەند دەستەیەکی دادوەری مەرکەزیمان هەیە.گرینگترینیان (دادگای بالاٚ)یە یان (دادگای فیدرالی)ە. گرینگترین ئەرکی یەکلایکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە دەبێت کە لەنێوان مەرکەزو هەریمەکان روودەدات. وەکو (دادگای فیدرالی) لە سویسرا و (دادگای بالا) لە ئەمەریکا.

شەری نێوان هەریمەکان بەشەری ناوخۆی دادەنرێت نەوەك شەری نیودەولەتی، هەر بۆیە چارەسەری ناکۆکیەکانیش بەگوێرەی دەستوری دەولەتە فیدرالیەکە دەبێت نەك بەگوێرەی یاسای نێودەولەتی گشتی.

**دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی**

لەگەل بوونی دەسەلاتەکانی یاسادانان و جیبەجیکردن و دادوەری لەسەر ئاستی یەکێتی، ئەوا هەمان ئەو دەسەلاتانە واتە (دەسەلاتی یاسادانان و جیبەجیکردن و دادوەری) لەسەر ئاستی هەر هەرێمێك بوونی هەیە و هەلدەستن بە مومارەسەکردنی تایبەتکاریەکانیان پشتبەستوو بەدەستوری تایبەتی هەریمەکە.

**چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەلات لەدەولەتی فیدرالی**

یەکێك لەو کێشانەی کە رووبەرووی دەولەتی فیدرالی دەبێتەوە چۆنیەتی دابەشکردنی تایبەتکاریەکانە لەنێوان مەرکەزو هەرێمەکان، بەلام بەشێوەکی گشتی سێ رێگە هەیە بۆ دابەشکردنی تایبەتکاریەکان:

1. دەستوری فیدرالی هەلسێ بەدیاریکردنی تایبەتکاریەکانی هەریەك لەدەسەلاتی مەرکەزو هەرێمەکان،بەلام ئەم رێگەیە رەخنەی لێگیراوە بەوەی دەستور ناتوانی بزانی لەدوارۆژ چ روودەدات چ پێشهاتەی نوێ دێتە پێشەوە ،ئەو پێشهاتە نوێیانە لەدەسەلاتی کێ دادەبن .
2. دەستور هەلسێ بەدیاریکردنی تایبەتکاری هەریمەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتکاری دەولەتی مەرکەزی، واتە دەسەلاتی مەرکەزی دەبێتە تایبەتکاریەکی گشتی، هەرچی هەرێمەکانە دەبنە خاوەنی تایبەتکاری ئیستسنائی. ئەو رەخنانەشی کە رووبەرووی ئەو رێگەیە دەبێتەوە ئەوەیە دەیەوێت پالپشت بێت بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتەکانی مەرکەزی. ئەو دەولەتانەی ئەو رێگەیان وەرگرتووە دەستوری هندی سالی (1949) و دەستوری فەنزویلای سالی (1953).
3. دەستور هەلسێ بەدیاریکردنی تایبەتکاری دەسەلاتەکانی یەکێتی (مەرکەز) ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتکاری هەرێمەکان. بەمەش دەسەلاتی هەریمەکان گشتی دەبێت و دەسەلاتی یەکێتی دەبێتە ئیستسنا. نمونەی ئەو دەستورانەی بەو رێگەیان وەرگرتووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سویسرا، ئەلمانیا تێبینی دەکرێت ئەو رێگەیە دەبێتە هۆی سنوردارکردنی هێزی دەولەتی یەکێتی لەسەر ئەو بنەمایەی دەسەلاتی دەولەتی یەکێتی بەگوێرەی دەستور دیاریکراوە، هەرچی دەسەلاتی هەرێمەکانە ئەوا گشتییە.

***شێوازەکانی دانانی دەستوور* (اساليب نشاوه الدساتير )**

دەستوور دوو جۆری هەیە ( دەستووری نوسراو دەستووری نەنوسراو ) ،لیرەدا کاتیك باسی شێوازەکانی دانانی دەستوور دەکرێت ،مەبەست دەستووری نوسراوە ،ئەو دەستوورە دەنوسرێتەوە هەموو مادەکانی یەکە یەکە رێك دەخرێت و دەخرێتە سەر کاغەز ،بەلام دەستووری نەنوسراو ناچێتە چوارچێوەی ئەو بابەتەوە ،چونکە دەستتوری نەنوسراو لەگەل رۆژدا بەتێپەربوونی کاتدا دروست دەبن لە دۆکۆمێنتەکدا نانوسرێتەوەو دانانرین . ئەوەی راستی بێت شێوازی دانانی دەستوور لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆرێت بەپێی سیستەمی پەیرەوکراو لە دەولەتدا .وەك دەزانین زۆربەی دەسەلاتەکان لەقۆناغە سەرەتاییەکاندا ،دەسەلاتی رەها (**مگلق**) بوون ،پادشا دەسەلاتی رەهای هەبوو هەر خۆی سەروەری وولات بوو ،گەل دەسەلاتێکی ئەوتۆی نەبوو لەبەریوبردنی دەسەلات ،ئەم جۆرە سیستەمە لەهەندێك دەولەتدا بەتایبەت لەدەولەتە دیکتاتۆریەیە تاك رەوەکاندا ،تا رۆژگاری ئەمرۆشدا ماوە .بۆیە لەم جۆرە سیستەمە پادشا خۆی دەستوور دادەنێت و هەر خۆشی دەبێتە دەسەلاتی دامەزرێنەری دەستوور ،بەم شێوازە لەدانانی دەستوور دەلێن بەخشین (**منحه**) . بەلام گەل دەستە وەستان نەوەستا بەرانبەر دەسەلات ،بەلکو کەوتە ململانێوە لەگەلیدا و زۆر لەدەسەلاتەکانی ناچارکرد بکەونە گفتوگۆوە و بەهاوبەشی لەشێوازی گرێبەستی نێوان گەل و دەسەلاتدا دەستوور دەربکەن ،بۆیە بەو شێوازە دەلین شێوازی گرێبەست (عقد) بەم دوو شێوازەش لەدانانی دەستوور دەلین شێوازی نادیموکراتی لەدانانی دەستوور .

ئەمرۆ لەگەل پێشکەوتنی سیستەمی رامیاری دەسەلات لەدەست تاکەکان دەرهێنراو کەوتە دەستی گەل ،گەل بووە خاوەن سەروەری لەدەولەتدا ،وە دانانی دەستوریش کەوتە دەست گەل و خۆی بووە خاوەن دەسەلاتی دانانی دەستوور و شێوازی دیموکراتی هاتە کایەوە .

***دانانی شێوازی دەستوور دوو جۆرە :-***

A-شێوازی نادیموکراتی بۆ دانانی دەستوور ( 1- بەخشین (**منحه**) 2-گرێبەست ( **العقد**) )

B-شێوازی دیموکراتی بۆ دانانی دەستوور ( 1-کۆمەلەی دامەزرینەر 2- ریفراندۆمی میللی )

***A-شێوازی نادیموکراتی بۆ دانانی دەستوور*(الاسلوب غير الديموقراگيه فى نشاوه الدساتير )**

***1- بەخشین (منحه)*** :- لەقۆناغی یەکەمی دروست بوونی دەولەت دەسەلاتداران جا پادشا بێت یان سەرۆکی دەولەت ،تەنها خۆیان خاوەنی دەسەلات بوون ،هەر خۆشیان مومارەسەی دەسەلاتیان دەکرد ،لەنیوانیشیاندا مومارەسەکردنی دەسەلاتی دامەزرینەر .بۆیە دانانی دەستور بەشێوەی بەخشین واتە وازهێنانی پادشا لەهەندێك لەدەسەلاتەکانی بۆ خەلك لەشێوەی دەستور و دەسەلاتەکانیان سنوردار

دەکات،ئەمەش لەئەنجامی مەترسی بوو کە هەرەشەی لە ناوچوونی لەدەسەلاتەکانیان دەکرد،بۆیە هەنگاوی دەرکردنی دەستوریان هاویشت ،وەکو ئامرازێك بۆ ئەوەی پاریزگاری لەدەسەلاتەکانیان بکەن ،چونکە لەوانەبوو بەتەواوی ئەو دەسەلاتەیان لەدەست بدابوایە ،بەمەش بەدەرکردنی دەستور تا رادەیەك دەتوانن پاریزگاری لە شوین ویلەو پایەی خۆیان بکەن ،لەریگەی وازهێنان لەهەندێك لەدەسەلات و تایبەتکاری گەل .

لێرەدا کاتیك باسی وازهینانی پادشا دەکریت لە هەندێك لەدەسەلاتەکانی بۆ گەل لەشێوەی دەستور ،هەندێك دەلێن پادشا بەئارەزوی خۆی واز لەهەندێك لەدەسەلاتەکانی دێنێت بۆ گەل .بەلام لەراستیدا پادشا بەدەگمەن روودەدات واز لەدەسەلاتەکانی بێنێت ،بەلکو وازهێنانی پادشا لەدەسەلاتەکانی دەگەریتەوە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی جۆری بیرکردنەوەی خەلکی و بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری ،کە داوا دەکەن پانتایی مافەکانیان زیادبکرێت وبەشداری لەدەسەلات و بریاردان بکەن،ئەگەر پادشا رەچاوی ئەو داواکاریانەی نەکردبوایە و دەستوری دەرنەکردبوایە،ئەوا رووبەرووی جەماوەر دەبێتەوە و جەماوەر شۆرش و کودەتا دژی دەکات و دەسەلاتەکەی لەدەست دەدا،بۆیە پادشا بەباشی دەزانی واز لەهەندێك لەدەسەلاتەکانی بێنێت و دەستور بۆ گەل دابنێت و پێگەی خۆی پێ پتەو بکات .

جا کاتێك پادشا بەئارەزوی خۆی وازی لەهەندێك لەدەسەلاتەکانی هێناوەو لەشێوەی دەستوردا بەخشیوەتی بەخەلکی دەتوانێت دەستور رابکیشێتەوە لەخەلك و وەربیگرێتەوە هەلیبوەشێنتەوە ،لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی بەخشی دەدات دەتوانێت وەریشی بگرێتەوە ،تەنها لەکاتێك نەبێت ئەگەر بەئاشکرا لەدەستوردا لەو مافە هێنابێت .

بەلام زۆربەی یاساناسەکان لەبواری یاسای دەستور پێیان وایە حوکمران ناتوانێت دەستور لەخەلك بسێنێتەوە و هەلیبوەشێنێتەوە و هەمواری بکاتەوە ،تەنها بەو شێوەیە نەبێت کەلەدەستوردا هاتووە ،لەبەر ئەوەی پادشا کاتێك واز لەهەندێك لەدەسەلاتەکانی خۆی دێنێت،ئەوا لەراستیدا وازی لەدەسەلاتی خۆی نەهێناوە ،چونکە دەسەلات دەسەلاتی

گەلەو ئەو زەوتی کردووە ،کاتێك هەندێك لەو دەسەلاتەی کەزەوتی کردووە دەیگێرێتەوە بۆ گەل لەشێوەی دانانی دەستوردا ،ئەوا ناتوانێت دووبارە بۆ جارێکی تر ئەو دەسەلاتانە زەوت بکاتەوە و دەستور هەلبوەشێنێتەوە .
نمونەی ئەو دەستورانەی بەو شێوەیە دانراوە وەك دەستوری فەرەنسا لەسالی (1814) و دەستوری ئیتالیا لەسالی (1848) و دەستوری یابان لەسالی (1889)و دەستوری میسر لەسالی (1923) و دەستوری کاتی عیراقی سالی (1970).

***2-گرێبەست (العقد):-*** شیوازی گریبەست لەدانانی دەستور لەئەنجامی خەبات و تێکۆشانی گەلان هتە کایەوە ،قۆناغی گرێبەستیش قۆناغێکی پێشکەوتوترە لەشێوازی دانانی دەستور لەرێگەی بەخشین .دەستور لەرێگەی گرێبەست لەئەنجامی رێکەوتن لەنێوان دەسەلاتداران و نوێنەری گەل دروست دەبێت ،ئەمەش لەئەنجامی هەول و تێکوشانی گەل بوو بۆ ناچارکردنی پادشا تا دان بەمافەکانیان دابنێت لەبەشداریپێکردن لەدەسەلاتی دامەزرێنەر ،لێرەشدا ئیرادەی گەل لەپال ئیرادەی دەسەلاتدار بەشێوەی رون و ئاشکرا دەردەکەوێت ،هەردوو ئیرادەکەش بەیەکەوە لەسەر دەرکردنی دەستور رێکدەکەون . لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت گرێبەست بەبەروارد لەگەل رێگەی بەخشین شێوازێکی پێشکەوتوترە و دیموکراتی ترە ،چونکە گەل وەك لایەنێك بەشداری لەدانانی دەستور دەکات ،بەپێچەوانەی شێوازی بەخشین ئیرادەی گەل هیچ رۆلێکی لەدانانی دەستور نەبوو .
لەبەرئەوەی ئەو دەستورەش لەئەنجامی کاری هاوبەشی نێوان گەل و دەسەلاتدار دێتە کایەوە ،بۆیە دەسەلاتدار ناتوانێ لەو دەستورە پاشگەزبێتەوە و وەری بگرێتەوە،بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێك لەدەستور ناسەکان سەبارەت بەدەستورە بەخشراوەکان کە دەیان ووت دەسەلاتدار دەتوانێ دەستورەکە وەربگرێتەوە .هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئەو دەستورە لەئەنجامی بەیەکتر گەیشتنی دوو ئیرادە دانراوە،واتە گرێبەستە ،بۆیە ناتوانرێ هەلبوەشێنێتەوە یان هەموار بکریت تەنها بەرەزامەندی لایەنەکانی گریبەست نەبێت .لەبەرئەوەی دەسەلاتدار تاکرەوانە بەدانانی دەستور هەلناستێ،هەروەها ئیرادەی گەلیش تاکرەوانە هەلناستێ بەدانانی دەستور ،بەلکو لەئەنجامی کۆبونەوەی هەردوو ئیرادە دێتە کایەوە .
شێوازی گرێبەست لەدانانی دەستور رەخنەی لێگیراوە بەوەی لەپاڵ گەل دەسەلاتداریش لەدانانی دەستور بەشداری پێدەکرێت.بەمەش دەسەلاتدار دەهێنێتە ریز گەل لەکاتێکدا تەنها گەل خاوەنی مافی بنچینەیە لەسەروەری ،بۆیە ئەو رێگەیە ناوی لێنراوە رێگەی نادیموکراتی لەدانانی دەستور ،چونکە دیموکراتی راستەقینە جگە لەگەل دان بەکەسی تر دانانێت وەك خاوەن سەروەری .نمونە لەسەر ئەو دەستورە دەستوری سالی (1830) ،دەستوری کوەیت لەسالی (1962).

***B-شێوازی دیموکراتی بۆ دانانی دەستورر*** **(الاسلوب الدیموقراگیه فی نشاوه الدساتیر)**

***1-کۆمەلەی دامەزرێنەر*** **(الجمعیه التاسیسیه)** :- بەگوێرەی ئەو رێگەیە کۆمەلەکی هەلبژێردراو لەلایەن گەلەوە هەلدەستێ بەدانانی دەستوور،واتە گەل دەستەیەك هەلدەبژێرێت ،ئەو دەستەیە ئەرکی دانانی دەستورە ،تێبینیش دەکرێت دانانی دەستور بەو رێگەیە لەگەل پرەنسیپی گەل سەرچاوەی دەسەلاتەکان دەگونجێ زۆربەی دەستورەکانی جیهان کە پاش جەنگی جیهان دەرچوون لەو شێوەن .ئەو شێوازە ئەگەر چی گەل تیایدا خاوەن سەروەریە و سەرچاوەی هەموو دەسەلاتەکانە ،لەهەموو دەولەتە دیموکراتیەکانیش دەسەلاتی دامەزرینەری بنچینەیی

لەدەستدایە،بەلام لەرووی پراکتیکەوە ئەستەمە مومارەسەی ئەو دەسەلاتە لەلایەن هەموو هاولاتیانەوە بکرێت ،بۆیە بەگوێرەی مەنتیقی دیموکراتی نوێنەرایەتی،گەل هەلدەستیّ بەهەلبژاردنی نوێنەران،ئەو نوێنەرانەش بەنوێنەرایەتی گەل هەلدەستن بەدانانی دەستور ،دوای ئەوەی کۆدەبنەوە لەشێوەی کۆمەلەیەکی دامەزرێنەر ،ئەو کۆمەلەیەش ئامانجی تەنها دانانی دەستورە بیّ ئەوەی بۆ رەزامەندی گەل بگەرێنەوە .ئەو شێوازەش لەدانانی دەستور بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەگەرێتەوە ،کاتێك ئەمەریکا لەسالی (1776) سەربەخۆیی لە ئینگەلتەرا بەدەستهێنا ،ئەو رێگەیەش لەدانان و بریاردان لەسەر دەستوری فیدرالی لەلایەن کۆنگرەی فیلادلفیا لە سالی (1776) بریاری لەسەر درا .

کەواتە دەبێت ئەندامانی کۆمەلەی دامەزرێنەر لەلایەن گەلەوە هەلبژێردراو بن بۆ دانانی دەستوری دەولەت ،بۆ ئەوەی وا دابنرێت ئەو دەستورەی لەلایەن ئەوانەوە دەردەچێت وەك ئەوە وایە لەلایەن گەلەوە دەرچوو بێت .وە بۆ دەسەلاتی یاسادانان نیە هەلسیّ بەدانانی دەستور هەتا ئەگەر تەواوی ئەندامەکانیشی لەلایەن گەلەوە هەلبژێردراو بن،چونکە ئەو دەسەلاتە دانای یاسا ئاسایەکانە نەك دەسەلاتی دامەزرێنەر بێت .دەسەلاتی دامەزرێنەر لەسیستەمە دیموکراتیەکان لەدەست گەلە،گەلیش خاوەنی ئەوەیە ئەو نوێنەرانە دیاری بکات کە ئەرکی سەرەکییان دانانی دەستورە .کاتێکیش دەستور لەلایەن کۆمەلەی دامەزرێنەرەوە بریاری لەسەر دەدرێت ،دەچێتە بواری جیبەجیکردنەوە بیّ ئەوەی جێبەجێکردنی لەسەر بریاری هیچ لایەك هەلپەستراو بێت .کۆمەلەی دامەزرێنەریش کە تایبەت لەلایەن گەلەوە بۆ دانانی دەستور هەلبژێردراوە ،بەسروشتی خۆی کارەکانی بە کۆتایە هاتنی دارشتن و بریاردان لەسەر دەستور کۆتایی پێدێت .

نمونەی ئەو دەستورانەی بەو شێوەیە دانراون وەکو دەستوری یوگۆسلافی پێشوو سالی (1956)، دەستوری یابانی سالی (1947) ،دەستوری ئیتالّی سالی (1947).

1- ***ریفراندۆمی میللی*** **(الاستفتاو الدستوری)**:-شێوازێکی دیکە لەشێوازەکانی دانانی دەستور شێوازی ریفراندۆمی دەستوورییە،بەپێی ئەم شێوازە پرۆژەیەکی دەستوری ئامادە دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنێکی هەلبژێردراوەوە بۆ ئەو مەبەستە یان لەلایەن لیژنەیەکی تەکنیکیەوە کەزۆر جار لەخەلکی پسپۆر پێك دێت ،وەك مامۆستای زانکۆ و پارێزەرو خەلکی سیاسی و ....کە لەلایەن دەسەلاتەوە دیاری دەکرێن یان تەنانەت پرۆژەکە لەلایەن تاکەکەسێکەوە ئامادە دەکرێت .ئەو پرۆژە دەستورییە ئامادە دەکرێت و دەخرێتە بەردەم گەل و ریفراندۆمی لەسەر دەکرێت ،ئەگەر گەل پێی رازی نەبوو و رەتی کردەوە ،ئەوە ئەو پرۆژەیە پوچەل دەبێتەوە و کاری پێناکرێت .بەلام ئەگەر گەل پەسەندی کرد ئەوە ئەو پرۆژە دەستورییە دەبێتە دەستورو کاری پێدەکرێت بیّ ئەوەی لەسەر رەزامەندی هیچ لایەنێکی دیکە بوەستێت .

هەندێك بیرورا هەیە بەتایبەت یاساناسە فەرەنسیەکان ،بەباشتری دەزانن ئەو لیژنەیەی پرۆژەی دەستور دادەنێت لیژنەیەکی هەلبژێردراو بێت لەلایەن گەلەوە نەك لیژنەیەکی سەر بەحکومەت بێت ،هۆی ئەم تێروانینەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو لیژنانەی کە لەفەرەنسا ناپلیۆن دیاریانی دەکردو هەر لەرێگای ئەو لیژنانەوە دەسەلاتی خۆی سەپاند لەدەستوری سالی (1799) یان ئەو ریفراندۆمەی لەسالی (1804) ئەنجامیدا کە دەیویست (ئیمپراتۆرییەت) بەدەستی نەوەی خۆیەوە بێت .ئەو ریفراندۆمانەی ناپلیۆن پرۆژەکانیان لەلایەن ئەو لیژنانەوە ئامادەکرابوون کە ناپلیۆن خۆی دای نابوون ،مەبەست لەو ریفراندۆمە چەسپاندنی دەسەلاتی ناپلیۆن و نەوەکانی ناپلیۆن بوو ،بۆیە یاساناسەکان بەباشتری دەزانن پرۆژەی دەستور لەلایەن لیژنەیەکەوە ئامادە بکرێت لەلایەن گەلەوە هەلبژێردرابێت .بەلام زۆربەی یاساناسان کۆکن لەسەر ئەوەی دانانی دەستور لەشێوازی ریفراندۆمی دەستوریدا شێوازێکی دیموکراتیەو ناتوانین بلێین دیموکراتی نییە ،چونکە ئەو لیژنەی دەستور

ئامادە دەكات لیژنەیەكی هەلبژێردراو بێت لەلایەن گەلەوە یان لیژنەیەك بێت حكومەت دیاری كردبێت لە كۆتاییدا پرۆژەكە دەخرێتە بەردەم گەلەوە و گەل بریاری كۆتایی لەسەر دەدات ،كە بریاری كۆتایش لەلایەن گەلەوە بوو ئەوا دیموكراتی دەبێت .

**بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەبێت ئەو مەرجانەی تێدابێت :-**

1-دەبێت ریفراندۆم لەزەمینەیەكی دیموكراتی ئەنجام بدرێت دوور لەدەستێوەردان و گووشار تا خەلك بتوانێت رای خۆی دەربارەی دەستوور بەسەربەستی دەربرێت .

2-دەبێت ئەو گەلەی ریفراندۆمی تێدا دەكرێت رادەیەكی گونجاو لێزانی و هۆشیاری رامیاری هەبێت .

3-دەبێت پێش ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام بدرێت بوار بدرێتە خەلكی بۆ ئەوەی لە پرۆژە دەستوریەكە تێبگەن و رای لەسەر بگۆرنەوە تا بتوانن بەباشی هەلیبسەنگێنن و ئینجا رای خۆیانی لەسەر بدەن .

نمونە لەسەر ئەو دەستورە دەستوری توركیا سالی (1961) و دەستوری ئیتالیا لەسالی (1947).

**چۆنیەتی دانانی دەستووری هەمیشەیی سالی (2005)ی عیراق**

لەبرگە (ا)ی مادده (61)ی یاسای بەرێوبردنی دەولەت بۆ قۆناغی گواستنەوە هاتبوو (لەسەر كۆمەلەی نیشتمانییە رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی بنوسیتەوە ،لە وادەی (15)ی ئابی 2005 تێپەر نەكات) ، لەبرگەی (ب)ی هەمان مادده هاتبوو (رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی لەریفراندۆمی گشتی پێشكەش بەگەلی عێراق دەكرێت ،بۆ رەزامەندی دان لەسەری ...)،لەو برگەیە بۆمان دەردەكەوێت یاسای بەرێوەبردنی دەولەت شێوازی ریفراندۆمی هەلبژاردووە بۆ دانانی دەستوری هەمیشەیی ،وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا شێوازی ریفراندۆمی دیموكراترین شێوازە بۆ دانانی دەستور ،چونكە بریاری كۆتایی دەربارەی دەستورەكە بۆ گەل دەگەرێتەوە ،برگەی (ج)ی هەمان ماددەش جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە و تیایدا هاتووە (ریفراندۆمی گشتی سەركەوتوو دەبێت ،رەشنوسەكەش بەپەسەندكراو دادەنرێت ،ئەگەر زۆرینەی دەنگدەران لەعێراق رەزامەندییان لەسەردا....).ئەوەبوو لە رۆژی (2015/5/10) كۆمەلەی نیشتمانی عێراق لەكۆبونەوەیەكی تایبەت بەدارشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراق ،كۆمیتەیەكی هەلبژارد لە (55) ئەندام پێكهاتبوو ،بە سەرۆكایەتی (همام محمود) بوو ،ئەو كۆمیتەیەش لەسەرەتادا نوێنەرایەتی سێ كۆمەلەی سەرەكی لەئەنجومەنی دامەزرێنەر لەخۆگرتبوو،ئەوانیش (شیعە،كورد،میانرەوەكان) بوون سەرەرای نوێنەرایەتی (4)ئەندامی تر كە نوێنەرایەتی كەمایەتیەكانی (توركمان ،ئاشوری ،مەسیحی ،ئێزیدی) یان دەكرد .دواتر لەژێر پالەپەستۆی ئەمەریكیەكان بۆ ئەوەی هاوسەنگی كۆمەلەی دامەزرێنەر بێتەدی ،چەند پالێوراوەكی تر بۆ كۆمەلەی دامەزرێنەر زیادكران،بەوەش بەشداریكردن لە پرۆسەی دەستور دانان فراوان بوو ،كۆمیتە دەستوریەكەش ژمارەی ئەندامەكانی گەیشتە (71) كەس بەم شێوەی خوارەوە :-

- (28) ئەندام نوێنەرایەتی هاوپەیمانی عێراقی یەكگرتویان دەكرد (كوتلەی شیعە) لەنێوان (5) ژن هەبوو
- (15) ئەندام نوێنەرایەتی هاوپەیمانی كوردستنیان دەكرد،لەنێوان دوو ژن هەبوو .
- (8) ئەندام نوێنەرایەتی كوتلەی علمانیان دەكرد ،لەنێوانیان یەك ژن هەبوو .
- (5) ئەندام نوێنەرایەتی كەمینەیان دەكرد .
- (15) ئەندام نوێنەرایەتی سوننەیان دەكرد .

دوای ئەوەی ئـەو لیژنانـە کارەکانیـان تـەواو بـوو ئـەو پـرۆژە دەسـتوریە لـەلایـەن دەنگدەرانـەوە لـە (2005/10/15) لـە ریفراندۆمێکی سەرتاسەری (78٪)ی دەنگی دەنگدەرانی بە (بەڵێ) بەدەست هێناو چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە .ئـەو رێـژە زۆرەی دەنگدانیش سەرەرای بوونی کەش و هەوای توندو تیژی (85٪)ی دەنگـدەران بـەرەو سـەندوقەکانی دەنگـدان چـوون ،رێژەی بەشداری خەلکی کوردستانیش لە هەرێمی کوردستانیش (88٪) بـوو ،پارێزگـا شـیعە نشـینەکانیش (67٪)، هەرچـی پارێزگا سوننە نشینەکان بوو ئەوا کەمترین رێژەی بەشداربوونی تێدا تۆمارکرا،بە شێوەیەك رێژەی بەشداربوون لە ئەنبار (2٪) و لە موسل (61٪) ، سەلاحەدین (27٪) و دیالە (32٪) بوو .کەواتە شیوازی دانای دەسـتوری سـالی (2005) بـە شـێوازێکی دیموکراتیانە بوو .

## چۆنیەتی دانانی دەستوور لە ئەمەریکا

سەبارەت بەدانانی دەستورەکەش ئەوا نوینەری ویلایەتەکان بۆ دانانی دەسـتور لەبـەهاری (1787) بـەرەو کـۆنگرەی فلادلفیـا چوون ،ئەو ئەندامانە لە دەستبژێرێك لە سیاسەتمەداران و یاساناسان پێکهاتبوو ،لـەنێوان (جـۆرج واشـنتۆن ) کـە سـەرۆکایەتی سوپای دژی داگیرکەری ئینگلیزی دەکرد ،دواتر بوو بەیەکەم سەرۆکی ئەمەریکا ،هەروەها (جیمس مادیسۆن)و (ئەلیکسـەندەر هاملتون) کە لەرێگەی نوسینەکانیان پاریزگاریان لە دەستور دەکـرد ،لـە (25) ئایـار راددەی پێویسـتی نوینـەران گەیشـتبوون ،لەیەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەندا (جۆرج واشنتۆن) بەکۆی دەنگ بەسەرۆکی ئەنجومـەن هەلبـژێردرا ،هـەر ویلایەتـەك بـەبێ رەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی نوینەرانی یەك دەنگی هەبوو ،نوینـەری هەریـەك لـە ویلایەتـەکان پێشـنیاری خۆیـان پێشکەش کرد ،گفتوگۆو ناکۆکی گەرم لەبارەی سروشت و تایبەتکاریەکانی دەسەلاتی جیبەجیکردن و کیشەی بازرگانی کردن بەکوێلەو دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی لەسەر ویلایەتەکان سەری هەلدا ،لەدواجار لە (16)ی یۆلیو پرۆژەیەك پێشکەش کرا هەموو لایەنەکان پێی رازی بوون ،دواتر ئەو پرۆژەیە بەناوی (سازشی گەورە) ناسرا،ئەوەبوو ویلایەتەکان یەك لە دوای یەك لـە سالی (1787) و (1788) پرۆژە دەستوریەکان پەسەندکرد .وە لەسالی (1789) کار بەدەستور کرا

## دانانی دەستوری ئەمەریکی بە ریگەیەکی دیموکراتی بوو یان نادیموکراتی

ئەوەی لەسەرەتادا تیبینی دەکریت ئەو دەستورە نەخراوەتە ریفراندۆمەوە ،ئەندامانی کۆمەلی دامەزرینەریش بەگوێرەی سیسـتەمی هەلبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکان هەلبژیردران،سیستەمی هەلبـژاردنی ئەوسـاش مـەرجی دارایـی دانـابوو ،بەمەش ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بۆ هەلبژاردنی ئەندامانی کۆمەلە دامەزرینەکان لە (3٪) ی کـۆی ژمـارەی تاکـەکانی گەل تێپەری نەکرد ،مێژوو نوسە ئەمەریکەکانیش پێیان وایە ئەستەمە بلێین گەل رەزامەنـدی لـەسـەر ئـەو دەسـتورە دەدا ئەگـەر بخرابوایە ریفراندۆمـەوە ،جگـە لـەوەش خـودی ئەنـدامانی کـۆنگرەی فیلادلفیـا لـەلایـەن ئەنجومـەنی یاسـادانانی ویلایەتـەکان دیاریکرابوون ،بەمەش گەل بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێبەشکرا لە هەلبژاردنیان .

بەلام (ماك لافلین) پێی وایە دانـانی ئـەو دەسـتورە بەشـێوازەکی دیمـوکراتی بووە،چـونکە دەبـی ئێمـە ئـەو بارودۆخـە سیاسـیە لەبەرچاوبگرین کە دەستور تیایدا دانرا، جگە لەوەش نوینەری ویلایەتەکان کۆبونەوە و گفتوگۆیان کرد و ناکۆکیش لـەنێوانیان دروست بوو لەدواجار پێی رازی بوون .

## شێوازی رێکەوتنامە نێو دەولەتیەکان لەدانانی دەستور

هەندێك لـە دەستورناسەكان شێوازێكی تریش بۆ چوار شێوازە باو و ناسراوەكەی دانای دەستور زیاد دەكـەن ،ئـەویش شـێوازی رێككەوتنامەی نێودەولـەتیەكانە(المعاهدات الـدولیە)،واتە دەستور لە ئەنجامی رێكەوتنامەیەكی نێو دەولــەتی دێتـە كایـەوە ،بۆیـە مامۆستا (میركین) پێی وایە پەیمانیە نێودەولـەتیەكان (المعاهدات الـدولیە)دەبێت جێبـەجێبكرێت لـەدەولـەتەكانـداو پـەیرەوكردنیان پێویستی بەرەزامەندی دەسەلاتی تایبەتمەند نییە لـەو دەولـەتانەدا وەكو دەستوری پۆلـەندای سـالی (1815) و دەسـتوری ئـەلمانیا سالی (1871). بەلام زۆربەی دەستورناسەكان پێیـان وایـە رێكەوتنامـە نێودەولـەتیـەكان وەك شـێوازێك لـەشـێوازەكانی دانـانی دەسـتور دانانرێـت ،چـونكە رێككەوتنامـە نێودەولـەتیـەكان هەلـدەسـتن بەرێكخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان دوو دەولـەت یـان زیاتر،لـەكاتێكدا دەستور هەلـدەستیٚ بەرێكخستنی پەیوەندی نێوان دەولـەت و ئەو تاكانەی ملكەچن بۆ دەسـەلاتەكەی .تەنانـەت ئەگەر دەستورەكە لـەرێگەی رێككەوتنامە نێودەولـەتیشەوە دابنرێت ،ئەوا پێویستە ئەو دەسـتور بەدەسـەلاتدارانی ئـەو دەولـەتـە بدرێت،تاكو بریاری لـەسەر بدەن لـەرێگەی پەسەندكردنی بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجیكردنەوە ،ئـەو دەسـتورەش بـەو مانایـە دواجار لـەلایەن دەولـەتەوە دەردەچێت ،ئینجا دواتر دەتوانین قسە لـەسەر شێوازی دروست بوونی بكەین .

بەم شێوەیە هەتا ئەگەر دەستورەكە لـەرێگەی رێككەوتنامە نێودەولـەتیشەوە دانرابێت،ئەوا پێویستە بەیەكێك لـەو شێوازە باوەكانی دەستور (بەخشین ،گرێبەست ،كۆمەلـەی دامەزرێنەر ،ریفراندۆمی میلـلی ) لـەناوخۆی وولات دەربچێت ،كەواتە ریككەوتنامەی نێودەولـەتی شێوازێكی سەربەخۆ نیە لـەو شێوازانەی ناسراون لـەدانانی دەستور .

## ***<u>جۆرەكانی دەستور</u>***

***<u>جۆرەكانی دەستور لـەروی هەمواركردنەوە</u>*** **<u>(انواع الـدستور من حیپ اجراوات تعدیلها)</u>**

***<u>یەكەم :-</u>*** **<u>دەستوری نەرم (گۆراو) (الـدستور المرنە)</u>**

ئەو جۆرە دەستورەیە كە دەتوانرێت هەمواربكرێتەوە بەهەمان ئەو رێوشوێنە و مەرجانەی رێسا یاسا ئاسـاییەكانی(قواعد القـوانین العادیە) پیٚ هەمواردەكرێت .هەمواركردنی ئەو جۆرە دەستورە پێویستی بەرێوشوێنی تایبەت و ئالۆز نیە بۆ هەمواركردنی بگرێتـە بەر ،بەلكو هیچ جیاوازیەكی نیە لـەگەل ئەو رێوشوێنەی كـە پێویسـتە بـۆ هـەمواركردنی یاسـا ئاسـاییەكان بگرێتـە بـەر .بۆیـە یاسادانەری ئاسایی (پەرلـەمان) دەتوانێت دەستوری نەرم بگۆرێت بەگرتنە بەری هەمان ئەو رێوشـوێنانەی كـە دەگرێنـە بـەر بـۆ هەمواركردنەوەی یاسا ئاساییەكان .ئەمەو دەستورە عورفیەكان (الـدساتیر العرفیە)بەدەستورە نەرم دەژمێردرێت .لـەوانە دەستوری ئینگلتەرا ، لـەبەر ئەوە زۆربەی رێساكانی لـەرێگای داب و پێشینە دادوەریەكان (الـسـوابق القـچائیە)هاتونەتە كایـەوە .كاتێـك دەلێن دەستوری عورفی بەدەستوری بگۆر دەژمێردرێت ،ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تەنها دەستوری عورفی دەستوری نەرم بێت بەلكو دەكرێت دەستوری نوسراویش دەستوری نەرم بێت ،ئەگەر هات و هەمواركردنەوەی بەگرتنەبەری هەمان ئەو رێوشێنانە بوو كە دەگرێنە بەر بۆ هەمواركردنەوەی یاسا ئاساییەكان .نمونە بۆ ئەو دەستورە نوسراوە نەرمانە ،دەستوری سالی (1814،1830)ی فەرەنسا ، دەستوری سالی (1918)ی یەكێتی سۆڤیێتی هەلوەشاوە ، دەستوری سالی (1848)ئیتالیا .

سودی ئەم دەستورەیە ئەوەیە لـەگەل پێشكەوتنی رۆژگار و ژیانی كۆمەلایـەتی سـەردەمدا دەگونجێـت ،چـونكە دەسـتوری نـەرم بەئاسانی هەمواردەكرێتەوە .

***<u>دووەم : دەستوری نەگۆر (ووشك)</u>*** **<u>(الـدستور الجامدم)</u>**

دەستوری نەگۆر ،ئەو دەستورەیە کە هەموارکردنەوەی پێویستی بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت هەیە کە جیاوازەو ئالۆزترە لەو ڕێوشوێنانەی کە دەگرێنە بەر بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان .بەشێوەیەکی گشتی کاتێك باسی دەستوری نەگۆر دەکرێت ئەوا ناگەیەنێت کە قابیل بەگۆران نییە بۆ هەتا هەتایە ،بەلکو مەبەست لەدەستوری نەگۆر ئەوەیە ،هەموارکردنەوەی پێویستی بەگرتنە بەری ڕێوشوێنی گرانترو ئالۆزتر بەبەروارد لەگەل ئەو ڕێوشوێنانەی دەگرێتە بەر بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان .ئەگەر وەسفی دەستورێك کرا بەدەستوری نەگۆر ئەوا ئەو وەسفە هەموو ئەو دەقە دەستوریانە دەگرێتەوە کەلەدەستوردا هاتوون،تەنانەت بەو دەقانەشەوە کەلەجەوهەردا دەستوری نین .**ئەمەو ئامانج لەدەستوری نەگۆر** ئەوەیە ئەو حوکمانەی لەدەستوردا هاتوون زیاتر سەقامگیرو جێگر دەبن و بەئاسانی دەستکاری ناکرێن ،بەو شێوەیەش دەستوری نەگۆر جێگیری و سەقامگیریەکی سیستەمی سیاسی دێنێتە دی .وە دەستور جیاوازی دەبێت لە پلەدا لەگەل یاسا ئاساییەکانداو بەرزترو بالاتر دەبێت لەیاسا ئاساییەکان .

وە نەگۆری دەستور چەند جۆرێکی هەیە :- 1-دەستور نەگۆر هەیە نابێت هەموار بکرێتەوە بەهیچ جۆرێك ،واتە هەموارکردنەوەی دەستور قەدەغەیە بەشێوەیەکی رەها و هەمیشەیی .2- دەستوری نەگۆریش هەیە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوەکە نابێت هەندێك لەدەقەکانی دەستور دەستکاری بکەن .3- دەستوری نەگۆری واش هەیە دەستکاری کردنی دەستور قەدەغە دەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو .

## ***جۆرەکانی دەستور لەرووی نوسینەوە***

***یەکەم:-دەستوری نوسراو*** **(الدستور المدونە) (المکتوبە)**

دەستوری نوسراو ئەو دەستورەیە کە ڕێساکانی (قواعدە) لە شێوەی دۆکۆمێنتێکی فەرمیدا (ویيقە رسمیە)دەردەچێت یان لەشێوەی چەند دۆکۆمنتێکی فەرمیدا هەروەك لە دەستوری کۆماری سێیەمی فەرەنسا لە سالی (1875)کەلەسێ دۆکۆمێنتی فەرمیدا دەرچووە .

بەو پێیە دەتوانین هەر دەستورێك بەدەستوری نوسراو دابنێین ئەگەر حوکمەکانی لەدۆکۆمێنتێك یان لەچەند دۆکۆمێنتێکدا نوسران و لەلایەن یاسادانەری دەستوریەوە دەرچوون .بزاڤی نووسینەوەی دەستور لەکۆتاییەکانی

سەدەی هەژدەهەم دەستی پێکرد بەتایبەت دەستوری ئەمەریکا بەیەکەم دەستوری نوسراو دادەنرێت کە لەسالی (1787)دەرچوو و لە سالی (1789) چووە بواری جێبەجێکردنەوە .بۆیە دەبینین دەستوری نوسراو شتێکی نوێیە ئەگەر بەروارد بکرێت لەگەل دەستوری نەنوسراو چونکە سەرەتا ڕێسا دەستوریەکان عورفی بوون .

**هۆکاری دروست بوونی دەستوری نوسراو دەگەرێتەوە بۆ** :-1-سەرەتا ڕێسا دەستوریەکان عورفی بوون گوزارشتیان لە چەسپاندنی دەسەلاتی میر دەکرد ،بەلام بەگەشەکردنی بیری بەشداریکردنی گەل لەبەرێوەبردنی دەسەلات ،ئەمانە وایان کرد دەستوری نوسراو بێتە کایەوە 2- پاش جەنگی جیهانی یەکەم دەستوری نوسراو بەشێوەیەکی فراوان بلاوبۆیەوە چونکە دەولەتە سەرکەتوەکانی جەنگ هەولیاندا بۆچونی دیموکراتیانەی خۆیان بسەپێنە سەر دەولەتە دۆراوەکان ،بۆیە بە دەستوری نوسراویان وەرگرت بۆئەوەی ئەو دەقانە لەخۆ بگرن کە جەخت دەکەن لەسەر ڕێزگرتنی دەولەتە دۆراوەکان لە یاسا نێودەولەتیەکان .

**سودەکانی دەستوری نوسراو** :- 1-دانان و هەموارکردنەوەی ئاسانە 2- لەبەر ئەوەی ناو دۆکۆمێنتە بۆیە هەرکەسێك بیەوێ دەتوانێت بیانخوێنێتەوەو پێیان ئاشنا بێت .3- هاولاتیان دەتوانن سنوری دەسەلاتی دەسەلاتداران و ئەرك و مافی خۆشیان بزانن .4- دەستوری نوسراو شکۆیی و بالایی هەیە بەسەر دەستوری نەنوسراودا .

***دووەم:-دەستوری نەنوسراو*** (الدستور غير المدون) (العرفى)

دەستوری نەنوسراو کۆمەلێك ڕێسای یاساییە کەسەرچاوەکەی لە عورفەوە وەرگیراوە بێ ئەوەی لە دۆکۆمێنتێك یان لەچەند دۆکۆمێنتێك نوسرابێتەوە و بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دەسەلاتێکی فەرمیەوە دانەنراوە . لەسەرەتادا بنەما دەستوریەکان نەنوسراو (عورفی ) بوون وە کاروباری دەسەڵاتیان ڕێك دەخست ،بۆیە تا سەدەی هەژدەهەم دەستوری نەنوسراو باوبوو ،بەلام پاش هەردوو شۆرشی ئەمەریکاو فەرەنسا لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم دەستوری نوسراو دانرا و دەستوری نەنوسراو کەم بویەوە بۆیە لە ئێستادا چەند دەولەتێکی کەم بەدەستوری نەنوسراویان وەرگرتووە لەوانە :ئینگلتەرا ، سعودیە ، ئیسرائیل .

کاتێك ئیمە لێرەدا باسی دەستوری نەنوسراو دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە ڕێساکانی و حوکمەکانی ئەو دەستورە نەنوسراییتەوە ،بەلکو زۆربەی ڕێساکان و حوکمەکانی ئەو دەستورەیە بەتایبەت لە بەریتانیا نوسراوەتەوە بەلام لەدەسەلاتێکی فەرمی دەرنەچووە و وە لە شێوەی دۆکۆمێنت دانەنراوە .

**پرینسیپی شکۆمەندی دەستور ( مبدو سمو الدستور)**

پرینسیپی شکۆمەندی دەستور واتە ڕێساکانی دەستور لەسەرەوەی هەموو یاسا ئاساییەکانی دەولەتن وە بەرزترین یاساییە لە وولاَت .بۆیە دەبێت دەسەلاَتەکان ڕێز لە دەقەکان و ڕێساکانی دەستور بگرن و کار لە چوارچێوەی بکەن .وە شکۆمەندی دەستور لەو پرینسیپانەیە دەستور ناسەکان دان بەبوونی دادەنێن ،هەتا ئەگەر دەستور دەقیشی لەسەر نەهێنابوو.هەرچەندە زۆربەی دەستورەکان باسی شکۆمەندی دەستوریان نەکردووە ،بەلاَم لەهەندێك لە دەستورەکاندا باسی شکۆمەندی دەستور کراوە لەوانە دەستوری واشنتۆن ،دەستوری ئیتالیا بۆ سالی (1948) ، دەستوری یەکیتی سۆڤیەت بۆ سالی (1977) ، دەستوری سودان بۆ سالی (1985).

بنچینەی مێژووی شکۆمەندی دەستور لەسەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم لە ئەورپا لەلای فەیلەسوفەکانی یاسای سروشتی**(القانون الطبيعى)** ئەوان پێیان وایە مرۆڤ لەسەرەتادا لە ڕەوشێکی سروشتیدا ژیاوە ،دەسەلاَتێك نەبوو کۆیان بکاتەوە دەوڵەت نەبوو تا کۆیان بکاتەوە ،بۆیە تاکەکان بۆ بەیەکگەیشتن گرێبەستیکی کۆمەلایەتیان کرد جا دەستور هاتە کایەوە واتە گرێبەستی کۆمەلاَیەتی دەستوری هێنا کایەوە وە دەستور بووە هۆی پەیدابونی دەسەلاَت و دەوڵەت. واتە پێش دروستبونی دەستور دەولەت بونی نەبووە بەلکو دەستور دەولەت و دەسەلاتی دروست کردووە ،بۆیە کاتێك دەستور خولقێنەری دەولەت و دەسەلاَتە ،واتە لەسەرەوەی دەوڵەت و دەسەلاَتە .ئەم بیرۆکەیە ڕووبەروی ڕەخنە بویتەوە ،چونکە بیرۆکەی گرێبەست بۆ دونیای یاسا دەگەڕێتەوە ، لەکاتێکدا ڕووداوە مێژوویەکان دەری دەخەن دەوڵەت دوور لەدونیای یاسا دروست دەبێت بەوەی کاتێك کەسێك چەند کەسێك بوونەتە خاوەن هێز توانیویانە خۆیان بسەپێنن بەسەر خەڵکدا وە دەسەلاَت دروست بووە و دەوڵەت هاتۆتە کایەوە دوور لەجیهانی سیاسی .هەرچی بنچینەی نوێی شکۆمەندی دەستورە ،وای دەبینن دەستور هەڵساوە بەسەندنەوەی دەسەلاَت لەتاکەکان لەبەرامبەردا هەلساوە بەبەخشینی بە دەوڵەت ،ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ لەمەودوا دەسەلاَت بەگوێرەی بنەما مومارەسە دەکرێت، چەنکە ئەو دەسەلاَتە مولکی کەس نیە بەلکو مولکی تەنها کیانیکە ئەویش دەوڵەتە.شکۆمەندی دەستوریش یان ماددیە یان فەرمییە.

1-**شکۆمەندی ماددی ،بابەتی دەستور( السمو الموضوعي ،المادي الدستور):-**

بەگوێرەی شکۆمەندی ماددی واتە دەستور بالاَیی و بەرزی هەیە لەسەر هەموو دەزگاکانی حوکمڕانی لەدەوڵەت **بەهۆی ئەو بابەتانەوە کە لەدەستوردا هەتوون** جا دەستورەکە نوسراو بێت یان نەنوسراو ،بگۆر بێت یان نەگۆر.واتە بابەتەکانی دەستور وادەکەن دەستور شکۆمەندی هەبێت .چونکە ئەو بنەما دەستوریانە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی بابەتە گرینگەکانی پەیوەندار بە

فەلسەفەی نەتەوەو سیستەمی حوكمرانی لە دەولـەت و ماف و ئازادی تاكەكان بیگومان پێویستە بالأترو بەرزتر بێت لە یاسا ئاساییەكان .

2-**شكۆمەندی ڕواڵەتی دەستور (السمو الشكلي للدستور)**

شكۆمەندی روالـەتی دەستور **كاتیك دێتە كایەوە ،ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنە بەر بۆ هەمواركردنەوەی دەستور جیاواز بن لـەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنە بەر بۆ دانان و هەمواركردنەوەی یاسا ئاساییەكان** ،كە بیگومان ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنە بەر بۆ دانان و هەمواركردنەوەی دەستور ئالۆزترن لـەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنە بەر بۆ دانان و هەمواركردنەوەی یاسا ئاساییەكان .

ئەمەو شكۆمەندی روالـەتی دەستوور هەموو ئەو ڕێساو دەقانە دەگرێتەوە كەلـە دەستوری نەگۆردا هاتوون ،تەنانەت ئـەو دەق و ڕێسایانانەی كە لەڕووی بابەتەوە دەستوری نین و لـەدەستوردا هاتوون،بەلأم ئەو دەق و ڕێسایانە ناگرێتەوە كەلـە ڕووی بابەتەوە دەستورین و بەیاسا ئاساییەكان ڕێكخراوان،**واتە شكۆمەندی روالـەتی دەستور ئەو دەق و ڕێسایانە ناگرێتـەوە كـە پەیوەنـدییان بەرێكخستنی دەسەلأتەوە هەیەو بەیاسا ئاساییەكان ڕێك خراوان و لـەدەستوردا نەهاتوون و ڕێك نەخراون.**

**جیاوازی لـەنێوان یاسا دەستورییەكان و یاسا ئاساییەكان**

1-**لـەرووی بابەت و ناوەرۆك بنەما دەستورییەكان جیاوازن** لـەناوەرۆكی بنەما ئاساییەكان ،چونكە بنەمای دەستوری هەڵدەستێ بەدیاریكردنی سیستەمی حوكمرانی لـە دەولـەت وە دیاریكردنی دەسەلأتە گشتیەكان و تایبەتكاریەكانی ئەو دەسەلاتە وە هەڵدەستێ بەدیاریكردنی چوارچێوەی یاسایی دەولـەت ،هەرچی بنەمای یاسا ئاساییەكانە ئـەوا هەڵدەستن بەچارەسەركردنی ئەو بابەتانەی كە مەترسیان كەمترە لـە مەترسی ئەو بابەتانەی بنەما دەستورییەكان چارەسەری دەكـەن وەك بنەمای یاسای شارستانی و یاسای تاوانكاری و یاسای كارگێری .....هتد.

2-**هەرچی لـەڕووی ڕواڵەتیەوە ئەوا بنەما دەستورییەكان لـەڕووی هەمواركردنەوە لـەبنەما ئاساییەكان جیاوازن** ،چونكە بنـەما دەستورییەكان پێویستیان بەرێوشوێنی تایبەت و ئالۆز هەیە بۆ هەمواركردن،جیاوازە لـەو ڕێوشوێنانەی بۆ هـەمواركردنی بنەما ئاساییەكان دەگرێتە بەر .

## الرقابة على الدستورية القوانين

لـەبارەی چاودێری لـەسەر دەستوری یاساكان ئاماژە بەدوو تێبینی دەكەین:-

1-**مەسەلـەی دەستوری یاساكان لـەژێر رۆشنایی دەستوری ڕەق دەبێت**، چونكە دەستورە رەق بۆ هەمواركردنـەوەی پێویستی بەرێوشوێنی ئالۆز و تایبەت هەیە،جیاواز لـەو ڕێوشوێنانەی بۆ هەمواركردنی یاسا ئاسایەكان دەگرێتـە بـەر ،تـەنها لـەو كاتەش كێشەی دەستوری یاساكان دێتە كایەوە ،كاتێك دەسەلأتی یاسادانان یاسـایەك دەربكـات پێشـێلكاری بێـت بـۆ حوكمەكانی دەستور.

**واتە لـە دەستوری نەگۆردا یاسا ئاساییەكان نابێت بەپێچەوانەی دەستورەوە دەربچن ،ئەگینا شكۆمەندی دەستور و پایەبـەرزی دەستور هیچ واتایەك ناگەیەنێت .**

2-**مەسەلـەی دەستوری یاساكان ناوروژێنرێت تەنها سەبارەت بەپێشێلكردنی یاساكە بۆ حوكمەكانی دەستور لە رووی بابەتەوە نەك لـە رووی روالـەتەوە** . چاودێری دەستوری یاساكان لـە رووی ئەوەوە دەبێت **تا چەند یاساكان لـە رووی بابەتـەوە**

**لەگەڵ دەستور گونجاون** ،چونكە ئەگەر یاسا بە پێچەوانەی ئەو ڕواڵەتەی دەستور دیاریكردووە دەرچوو ،ئەوا لەو حاڵەتەدا یاساكە بەیاسا دانانرێت .

چاودێری لەسەر دەستووری یاساكان **ئەوە دەگەیەنێت لایەنێك هەبێت چاودێری لەسەر یاساكان بكات** بەوەی پێچەوانەی دەستورە یان نا ، یان ئەو پرۆژە یاسایانە یان ئەو یاسایانە هەڵبوەشێنێتەوە كە بەپێچەوانەی حوكمەكانی دەستورن یان نەهێڵێت ئەو یاسایانە جێبەجێ بكرێت بەو پێیەی یاسا ئاساییەكان لە پلەیەكی نزمتر دان لەچاو دەستور نابێت بەپێچەوانەی حوكمەكانی دەستور بن.

شێوازەكانی چاویری دەستوری

1- الرقابة القضائية 2- الرقابة السياسية

1- الرقابة القضائية

مەبەست لە شێوازی چاودێری دادوەری ئەوەیە ماكەچێكردنی ئەو یاسایانەیە كە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەرچووە بۆ جۆرێك لەچاودێری لەلایەن دەزگایەكی سەربەخۆ بۆ دڵنیابون لەوەی تا چەند ئەو یاسایە كۆكە و گونجاوە لەگەڵ پرینسیپەكانی نێو دەستور ، یان دەتوانین بە شیوازێكی تر بلێن بریتیە لەوەی دادگا هەڵدەستێت بەبریاردان سەبارەت بە چارەنووسی یاساكان ،كە ئایا ئەو یاسایانە گونجاون لەگەڵ دەستور یان بە پێچەوانەی دەستورن.

ئەگەر چی زۆربەی دەوڵەتان بەو شێوازەیان وەرگرتووە ،بەڵام ڕێگاكانی مومارەسەكردنی ئەو شێوازە جیاوازە دابەش دەبێت بۆ دوو ڕێگەی سەرەكی :-

أ- **چاودێری جێبەجێنەكردن (رقابە الامتناع)** :- لێرەدا ئەو تاكەی لە یاسایەكی دیاریكراودا زەرەرمەند دەبێت ،یاخود گومان لە دەستوری بوونی دەكات ،یەكسەر هەڵناستێ بەبەرزكردنەوە داوایەك دژی ئەو یاسایە ،تا داوای هەڵوەشانەوەی بكات ، **بەڵكو چاوەڕوانی جێبەجێكردنی ئەو یاسایە دەكات لەسەری لەداوایەكی دیاریكراو ،لەكاتی بوونی ئەو داوایە لەسەری لەبەرامبەر دادگا تانە لەو یاسایە دەدات بەوەی نادەستوریەو نابێت لەسەری جێبەجیبكرێت** . بۆ نمونە یەكێك لەبازرگانەكان بە دروستكردنی ماددەیەك راپێچی دادگا كرا،ئەوەش لەبەر ئەوەی تەنها دەوڵەت بۆی هەیە ئەو ماددەیە دروست بكات (واتە دەوڵەت قۆرخی كردووە ) لێرەشدا دەوڵەت پشتی بەستووە بەیاسایەك ڕێگەی دەدات دروستكردنی ئەو ماددەیە قۆرخ بكات ،لەو حاڵەتە بازرگانەكە داوای جێبەجێنەكردنی ئەو یاسایە دەكات لەسەری بەبەڵگەی ئەوەی ئەو یاسایە پێشاڵكاریە بۆ دەستور ،چونكە قۆرخ كردن بەپێچەوانەی ئەو پرێنسیپە دەستوریە كە دەڵێت (مومارەسەكردنی پیشەی بازرگانی و پیشەسازی ئازادە.بەمەش بڕیاری دادگا بیانویەكی ڕێژەیی دەبێت ،دادگاكانی تری وولات پێوەی مولزەم نین ،تەنانەت هەمان دادگاش مولزەم نیە پێوەی سەبارەت بەهەمان بەو كێشەیە هاوشێوانەی دواتر بۆی بەرز دەكەنەوە .

ب- **چاودێری هەڵوەشانەوە (رقابە الالغا)** :-هەڵسانی دادگایە بە بریاردان بە هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایەی پێشێلكاریە بۆ حوكمەكانی دەستور .**لێرەدا وادادەنرێت یاسایەكە دەرچووە** ،ئەو كەسەی زەرەمەند ە لەو یاسایە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر دادگایەكی تایبەتمەند **(دەستور ئەو دادگایە دروست دەكات)** ،تانەی لێدەگرێت ،ئەوەش لەڕێگەی داوایەكی بنچینەیی دەبێت تیادا داوا دەكات ئەو یاسایە هەڵبوەشێتەوە ،بەهۆی ئەوەی نادەستوریە .**كەواتە چاودێری هەڵوەشانەوە هێرشكردنە سەر یاسایەكەیە بە تانە گرتن لەبەرامبەر دادگایەكی تایبەت** .یەكێك لەلایەنە باشەكانی ئەو چاودێرە ئەوەیە ،جارێكی تر كیشەی نادەستوری یاسا نایێتە ئاراوە لەو كێشانەی كە ئەو یاسایەی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت وە هەموو

دادگاكانی ئەو وولاتە مولزەمن بە كاركردن بەم بریارەیە واتە بیانووی رەهای هەیە . **وە چاودێری هەلوەشاوەش یان پێشینەیە (رقابه الالغاو السابقه)** كە دەسەلاتی یاسا دانان یاسایەك دادەنێت ئەو یاسایە دەخرێتە سەرۆك كۆمار بۆ پەسەندكردنی ،سەرۆك كۆماریش دەتوانی ئەو یاسایە بخاتە بەردەم ئەو دادگایەی كە دەستوور دیاریكردووە بۆ ئەوەی بریار لەسەر گونجاوی یان نەگونجاوی ئەو یاسایە بدات هەروەك ئەو **چاودێریەی پێش وەختەی لەدەستوری** سالی (1937) ی ئێرلەندا هاتووە بەلام بیرمەندان لەبایەخی گرینگی ئەم چاودێریە كەم دەكەنەوە چونكە تەنها دامەزراوەكانی دەولەت وەك **سەرۆك كۆمار یان پەرلەمان مافی وروژاندنی ئەو جۆرە چاودێریانەیان هەیە** . وەیاخود چاودێری هەلوەشاوەی **پاشوەختە (رقابه الالغاو اللاحقه)** ئەو چاودێریە پاش دەرچوونی ئەو یاسایە دەكرێت ،كاتێك یاسایەكە دەردەچێت ئەو لایەنەی كە دەستور رێگەیان پێداوە دەتوانن پاش دەرچوونی یاسایەكە داوای راستەوخۆ لەدچی بەرزبكەنەوە لەبەردەم ئەو دادگایەی دەستور دەستنیشانی كردووە جا ج لەلایەن دامەزراوەكانی دەولەت بەشێوەیەكی راستەوخۆ بێت یان لەلایەن تاكەكانەوە بەشێوەكی راستەوخۆ یان نارەستەوخۆ.

**هەرچی دەربارەی شێوازەكانی چاودێری دادوەریە دوو جۆرە :-**

1- **چاودێری نامەركەزی** :- هەندێ لەدەستورەكان كە بەچاودێری دادوەری وەردەگرن مافی چاودێریكردنی دەستوری یاساكان لە وولات بەهەموو جۆرەكانی دادگا دەبەخشن ،بەبێ گوێدانە پلەی ئەو دادگایانە بەو كارە هەلدەستن،ئەو دەستورانەی بە چاودێری نامەركەزی وەردەگرن پشت بەو فەلسەفەیە دەبەستن كە دەلێت چاودێری دادوەری بەشیكی سەرەكیە لە وەزیفەی دادگاكان بەجیاوازی پلەكانیانەوە،ئەویش دیاریكردنی ئەو یاساییەی پێویستە لەحالەتی ململانێی نێوان یاساكان جێبەجێبكرێت .

2- **چاودێری مەركەزی** :-مەبەست لە چاودێری مەركەزی ئەوەیە ئەو چاودێرییە بەیەك دەستەی دادوەری سپێردراوە .زۆربەی دەستورەكان ئێستا مەیلیان زیاتر بۆ چاودێری مەركەزییە ،ئەو چاودێریە مەركەزیەش بە دوو شێواوز دەبێت :-

أ- **بەخشینی چاودێری لەسەر دەستوری یاساكان بە بالاترین دادگا لە سیستەمی دادگای ئاسایی** :- لەم حالەتەدا چاودێری لەسەر دەستوری یاساكان بەدادگای بالا دەبەخشێت لە سیستەمی دادوەری ئاساییدا،بەجۆرێك ئەو دادگایە بەچاودێری لەسەر دەستوری یاساكان هەلدەستێ بۆ نمومە دەستوری فەنزویلا 1931..دەستوری سودانی سالی 1963

ب- **بەخشینی چاودێری لەسەر دەستوری یاساكان بەدادگای تایبەتی دەستوری** :- لەو حالەتەش دەستور كار بۆ دروستكردنی دادگایەكی تایبەت دەكات ،ئەو دادگایە ئەركی چاودێری دەستوری یاساكانە ،زۆربەی جاریش ئەو دادگایە بەدادگای دەستوری تایبەت ناو دەبرێت ،تەنها ئەو دادگایەش تایبەت دەبێت بەبریاردان لەسەر داوای بنچینەیی بەهەلوەشانەوەی ئەو یاسایەی كە پێشێلكاریە بۆ دەستور . نمونە یاسای بنەرەتی عیراق 1925 ، دەستوری هەمیشەیی عیراقی سالی 2005 مادەی (93).

## الفرق بين رقابة الامتناع ورقابة الالغاء

1- **چاودێری هەلوەشانەوە بە ئامرازێكی هێرشكردن دادەنرێت** ،بەشێوەیەك ئەو كەسەی زەرەرمەندە لەیاسای نادەستوری ،داوایەك بەرز دەكاتەوە لەبەرامبەر دادگای تایبەت ،راستەوخۆ هێرش دەكاتە سەر ئەو ئەو یاساییە وە داوا دەكات ئەو یاسایە هەلبوەشێنرێتەوە لەبەر ئەوەی نادەستوریە .**هەرچی چاودێری جێبەجێنەكردنە ئەوا بە ئامرازێكی وقائی دادەنرێت** چونكە هەروەك ئاماژەمان پێدا ئەو جۆرە چاودێرییە ناوروژێنرێت ،،تەنها كاتێك

داوایەك لەبەردەم دادگا دەبێت ،بەوەی دەیانەوێت یاسایەك جێبەجێبكەن لەسەر تاكێك ،ئەوا ئەو كەسەی زەرەرمەندە داوای جێبەجێنەكردنی ئەو یاسایە دەكات ،چونكە پێشێلكارییە بۆ دەستور.

2- **لە چاودێری هەلوەشانەوە ئەگەر بۆ دادگا روون بۆیەوە یاساكە نادەستوریە ،ئەوا بەشێوەیەكی كۆتایی بریاری هەلوەشانەوەی ئەو یاساییە دەدات** ،بەشێوەیەك وا دادەنرێت ئەو یاسایە هەر نەبووە .بەلاّم لەچاودێری جێبەجێنەكردن ئەگەر بۆ دادگا روون بۆوە یاساكە نادەستوریە ئەوا هەلناستیٚ بەجێبەجێكردنی ئەو یاسایە لەسەر ئەو كێشەی لەبەر دەستیەتی .

3- **لەچاودێری هەلوەشانەوە ئەو بریارەی لەدادگاوە دەردەچێت بیانوی رەها لەبەرامبەر هەموویان هەیە** ،ئەو بریارەش بۆ هەموو دادگاكانی تری وولاّت مولزەمە.بەلام لە چاودێری جێبەجێنەكردن ئەوا ئەو بریارەی لە دادگاوە دەردەچێت بیانوی رێژەیی هەیە ،بۆ دادگاكانی تری وولاّت مولزەم نین .

4- **چاودێری هەلوەشانەوە پێویستی بە دەقێكی راشكاوانە دەبێت لەنێو دەستور رێگەی پێبدرێت** ،هەروەها دەبیٚ ئەو دادگایەش دیاری بكات كە تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی ،كەواتە ئەو كارە بەیەك دادگای بالاّ رادەسپێرێت ،واتە چاودێریەكە چاودێریەكی مەركەزییە.بەلام لە چاودێری جێبەجێنەكردن پێویستی بەبوونی دەقێك نیە رێگەی پێبدات ،بەلكو ئەو چاودێریە مومارەسە دەكرێت تەنانەت ئەگەر لە دەستوریش ئاماژەی پێنەكرابوو ،ئەو چاودێریەش بەشێوەی نامەركەزی دەبێت .

## الرقابة السياسية

لەوانەیە دەستور مافی چاودێریكری لەسەر دەستوری یاساكان بەدەستەیەك ببەخشیٚ ،ئەو دەستەیە سیفەتی سیاسی هەبێت .پێكهاتەی ئەو دەستەیەش كە بەو كارە هەلدەستیٚ بە دەقی دەستوری رێكدەخرێت ،بۆیە لەوانەیە ئەو دەستەیە لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێكردن یان لەلایەن دەسەلاتی یاسادانانەوە یان لەلایەن گەلەوە هەلبژێردرێن یان لەوانەیە خودی خۆی هەلسیٚ بەدیاریكردنی ئەندامەكانی .

چاودێریش لەرێگەی دەستەیەكی سیاسیەوە چاودێریەكی پێشینەیە،واتە **پێش دەرچوونی یاساكە مومارەسە دەكرێت نەك دوای دەركردنی یاساكە ،بەمانەیەكی تر ئەو دەستەیە هەلدەستیٚ بەچاودێریكردنی دەستوری** یاساكان پاش ئەوەی یاساكە لە پەرلەمان بریاری لەسەر دەدرێت ،بەلام هێشتا یاساكە نەچۆتە بواری جێبەجێكردن ،بەشێوەیەك دەبێتە چاودێریەكی خۆپاراستن .**كەواتە چاودێری سیاسی لەسەر دەستوری یاساكان زۆربەی جار ،لەسەر پرۆژەی یاساكانە نەك خودی یاساكە** ،واتە لەسەر ئیەو یاسایەی خەریكە ئامادەدەكرێت .ئەو چاودێریەش لەلایەن خودی دەسەلاتداران دەبێت ،بۆ هاولاّتیان نیە داوا بەرزبكەنەوە .

**<u>هەلسەنگاندنی چاودێری سیاسی</u>**

لایەنە ئیجابیەكانی :-

گومانی تێدا نیە چاودێری خۆپاراستن لە رووی مەنتیقەوە لە چاودێری چارەسەرکردن باشترە،چونکە چاودێری سیاسی پێش دەرچونی یاسایەکە دەبێت و رێگە نادات یاسایەك دەربچێت پێچەوانەی دەستور بێت ،نەك لەجیاتی ئەوەی هەلسین بە هەلوەشانەوەی یاساکە پاش دەرچونی .

لایەنە خراپیەکانی :-

**1-** چاودێری سیاسی لەسەر بەدەستوری بونی یاساکان لە فەرەنسا سەری هەڵدا ،ئەویش لەئەنجامی **خرابی رۆلی دادگاکان** لەسەردەمی پێش شۆرش ،واتە هەلوێستی دادگاکان لە قۆناغێکی نادیموکراسی و نالەباری فەرەنسا بوو ،بۆیە دەتوانین بلێن چاودێری سیاسی هەر لەسەرەتاوە بەشێوەکی دروست و لەبارودۆخێکی تەندروست سەری هەلنەداوە .بۆیە هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە **بووە ئامرازێك بەدەست ناپلیۆنەوە بەئارەزووی خۆی دەستوری پێ هەموار دەکردەوە .**

2- **وە لەو دەولەتانەی کە فەلسەفەی مارکس و بیری سۆسیالیست بوونە دەسەلات ،دەسەلاتدارانی ئەو دەولەتانە دەیانویست دەستورێك هەبێت نەکەوێتە ژێر چاودێریەکی بێلایەن** چونکە دەیانویست یاسایەك دەرنەچێت بە دلی وان نەبێت ،هەر بۆیە دەیاتنویست ئەو چاودێریە لە ژێر دەستی خۆیان بێت تا بیری مارکس نەگۆرێت لە دەولەتدا .

3- **گومانی تێدا نیە چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان تەبعێکی یاسایی هەیە** ،چونکە کاری چاودێری دەستوری پێویستی بە لێهاتووەکی یاسایی هەیە لەلایەن ئەو کەسانەی بەو کارە هەلدەستێت ،تا بتوانن لە حوکم و دەقەکانی دەستور بگەن .

4- لەبەرئەوەی چەمکی چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان بەخودی خۆی مانای دانانی سنورێکە بۆ حەزو ئارەزووە سیاسیەکانی یەکێك لەدەسەلاتە گشتیەکان (دەسەلاتی یاسادانان ) تا نەهێلێت زیادەرۆیی بکات ،ئەوا وەرگرتن بەسیستەمی سیاسی و ئەرکی چاودیری بەدەستی دەستەیەك کە مۆرکێکی سیاسیان هەبێت ،بێگومان مەترسیەکی گەورەیە دروست دەکات ،چونکە لەوانەیە ئەو دەستەیە بکەوێتە هەمان ئەو حەزو ئارەزووی سیاسی .

5- شێوازی چاودێری سیاسی زۆربەی جار دەبێتە هۆی بێبەشکردنی تاکەکان لە مافی تانە گرتن لەنادەستوری یاساکان ،چونکە هەروەك ئاماژەمان پێدا مافی تانە گرتن تەنها بەچەند دەستەیەك دراوە ،ئەو مافە بەهاولاتیان نەدراوە .

## الرقابة الدستورية فى العراق

بێگومان دروست بوون و پێشکەوتنی چاودێری دەستوری لە عێراقدا پەیوەستە بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی دەستور لە عێراقدا ،چونکە لە عێاقدا چەند دەستریك دەرچوو وەك دەستوری سالی 1925 وە دەستوری سالی 1958 وەدەستوری سالی 1968 وە دەستوری سالی 1970 وە دەستوری سالی 2005 ..

یەکەم دەستور لە عیراق لە سالی 1925 دانرا ئەویش سەرەتا پرۆژەی یاسای بنەرەتی عێراقی بەچەند قۆناغێك تێپەری ،لە قۆناغی یەکەم کۆمەلێك فەرمانبەری بەریتانی لەعێراق هەلسان بە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستورێك ،دواتر لە قۆناغی دووەم ئەو پرۆژە یاسایە بۆ پێداچونەوە بە لێژنەکی عێراقی درا ،دوای پێداچونەوە و هەندێك گۆرانکاری ،نوێنەری بالأی بەریتانی

لە عێراق پرۆژەکەی بۆ وەزارەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لەلەندەن بەرزکردەوە ،ئەویش هەندێك دەسکاری کرد ،دیسان بۆ بەغدا گەرایەوە ،لە بەغدا لیژنەیەکی هاوبەشی عێراقی – بەریتانی هەلسان بە ئەنجامدانی هەندێك گۆرانکاری تر ،ئینجا پرۆژەکە دوبارە رەوانەی وەزارەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی کرایەوە ،وەزارەتەکەش بۆ دواجار گۆرانکاری کرد و بریاری دا ئەو گۆرانکاریە کۆتایی بێت .لەکۆتایشدا یاسای بنەرەتی عیراقی لە (21–ئاداری–1925) لەرۆژنامەی فەرمی بلاو کرایەوە .سیفاتی ئەو دەستوریە شیوەی حکومەت پادشایی میراتگر بوو وە سیستەمی پەرلەمانی پەیرەو دەکرد .

## چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان

## چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان لەیاسای بنەرەتی سالی 1925

لەدەستوری سالی 1925 ئەرکی چاودێری یاسا ئاسایەکانی سپاردبوو بە دادگایەکی تایبەت ئەو دادگایەش دادگای بالا بوو .دادگای بالاش جگە لە سەرۆك (کە سەرۆکی ئەنجومەنی ئەعیانە ،لە (8) ئەندام پێکدەهات ،ئەو هەشت ئەندامانەش لەلایەن ئەنجومەنی ئەعیان هەلدەبژێردران ،چوار لەو ئەندامانە لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان بوون ،وە چوارەکەی تریش لە دادوەرانی دادگای تەمیز یا لە گەورە دادوەران بوون .

## رەخنەکان لەسەر ئەو دادگایە

1– بکەین دەبینین ئەو دادگایە ئەو چوار کەسەی کە ئەنجومەنی ئەعیان هەلیانی دەبژارد لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان هیچ مەرجێك یا لێهاتووی رۆشەنبیری تەنانەت زانینی خوێندن و نوسینیشی دانەنابوو واتە دەکرا نەخوێندەواریش بن .

2– ئەرکی هەلبژاردنی دادوەرانی سپاردبوو بەئەنجومەنی ئەعیان ،لەکاتیکدا وا چاکتر بوو هەلبژاردنی دادوەرەکان لەلایەن خودی دادگاوە بێت

3– لەروی دانیشتنەوە ئەو دادگایە نەیدەتوانی دانیشێت تەنها پاش دەرچونی فەرمانی پادشایی و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.وە لەرووی چاودێریکردنیشەوە نەیدەتوانی بەو کارە هەلسێ تەنها بەبریاری ئەنجومەنی وەزیران یان ئەنجومەکانی ئەنجومەنی ئەمە .

4– زۆر سست بوو چونکە بەدرێژایی تەمەنی جارێك یان دووجار بەچاودێریکردنی یاساکان هەلسا .

لەکۆتایدا دەتوانین بلێین دادگای بالای عێراقی سەرەرای ئەوەی یەکەم دادگا بوو لەعێراق و وولاتانی عەرەبی بەلام نەیتوانی وەك پێویست بەکارەکانی هەڵسێ کە پێی سپێرابوو.

## چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان لەژێر رۆشنایی دەستوری کاتی سالی 1958

دەستوری کاتی سالی 1958 هیچ دەقێکی سەبارەت بەچاودێریکردنی لەسەر دەستوری یاساکان تێدا نەبوو ،بەلام لەمادەی (23) هاتبو (دادوەران سەربەخۆن لەدادگایکردن ،جگە یاسا هیچ دەسەلاتێکی تریان لەسەر نیە ،بۆ هیچ دەسەلاتێك یان تاکێك نیە دەست بخاتە سەربەخۆی دادگا،یاساش دەستەی دادوەری رێك دەخات ) ،هەندێك وای دەبینن لەبەرئەوەی دەستور لەرێکخستنی چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان بێ دەنگ بووە ،ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت مل کەچە بۆ بنەما

گشتیەکان ،بەڵام گشتیەکانیش لەحالەتی بێدەنگی دەستور ڕێگە بەچاودێری لەسەر دەستوری یاساکان دەدەن لە ڕێگەی جێبەجێنەکردن (امتناع).

(د.منذ الشاوی) وای دەبینێ بێدەنگی دەستور لە چاودێریکردن مانای ڕێگە پێدانی ناراشکاوانە(اجازه چمنیه) ناگەیەنێ ،چونکە ئەگەر بێدەنگی وادابنرێت لەچوارچێوەی سیستەمی لیبرالی ڕێگە پێدانە بەچاودێری جێبەجێنەکردن ،ئەوا بێدەنگی ناتوانرێت بەڕێگە پێدان دابنرێت لە سیستەمێك کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان بەیەك دەستە بسپێرێت.

بەڵام (د.محمد علی ال یاسین ) وای دەبینێ دەقی ماددەی (23) کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا مانای ئەوەی دەدات شیکردنەوەو دیاریکردنی ئەو یاسایەی پێویستە جێبەجێبکرێت لە ئەرکی دادگایە ،ئەوەش مانای ئەوەیە لێدەکەوێتەوە ئەگەر دەقی یاسای ئاسایی هاودژ بوو لەگەل دەقێکی دەستوور ئەوا پێویستە لەسەر دادوەر بەگوێرەی پرەنسیپی سەروەری دەستور کاربکات واتە یاسا ئاسایەکان ملکەچ بکات بە دەقی دەستوری ،سەرەرای ئەوەش چاودێری جێبەجێنەکردن لەناوەرۆکی ئەرکەکانی دادگایە ،بۆیە پێویست بە دەقێکی تایبەت نابێت باسی لێوە بکات ،ناشتوانێت ئەو مافە لە دادگا بسەنرێتەوە تەنها بەدەقێکیڕاشکاوانە نەبێت لە دەستوور.

## چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان لەژێر ڕۆشنایی دەستوری سالی 1968

دەستوری کاتی ساڵی 1968 دەقێکی ڕاشکاوانەی سەبارەت بە پێکهێنانی دادگای دەستوری تێدا بوو ،لەمادەی (87)ی دەستورەکە هاتبوو (دادگای دەستوری باڵا بەیاسا پێکدێت ،هەلدەستێ بەشیکردنەوەی حوکمەکانی دەستوری کاتی و تێروانین لە دەستوری یاساکان و شیکردنەوەی یاسای کارگێری و داراییەکان و تێروانین لەو ڕێنماییانەی سەرپێچیە بۆ یاساکان ،بڕیارەکانی ئەو دادگایەش مولزەمە) وە چەند یاسایەك دەرچوو بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو دادگایەو وە اختصاصەکانی دیاری کرا.بەلام دەبینین لە هەموو حالەتێك ئەم دادگایە پێك نەهات بۆ مومارەسەکردنی ئەو اختصاصانەی بۆی دیاری کردبوو .(د.رعد ناجی ) وای دەبینێ پێکنەهێنان و دروست نەبونی ئەو دادگایە بۆ گەلێك هۆکار دەگەرێتەوە گرینگترینیان خودی بەلگەنامەی دەستوری گوزارشتێکی ڕاستەقینە نەبوو لەبیروبۆچونی دەسەلاتداران ،بۆیەش لەحالەتی پێکهێنانی ئەو دادگایە کار بۆ پاراستنی دەقەکانی یاسایەك دەکات کە گوزارشتێکی ڕاستەقینە نییە لە ئیرادەی دەسەلاتداران .

## چاودێری لەسەر دەستوری یاساکان لەژێر ڕۆشنایی دەستوری کاتی سالی 1970

پاش کۆتای هاتنی کارکردن بەدەستوری کاتی ساڵی 1968 و کارکردن بەدەستوری کاتی سالی 1970 ،کە هیچ دەقێکی تێدا نەبوو ئاماژە بەدادگای دەستوری بکات .پرسیارێك هاتە کایەوە ئاخۆ یاسای دادگای دەستوری بالا ژمارە (159)ی سالی 1968 هەلوەشاوەتەوە بەهەلوەشانەوەی ئەو دەستورە نوییە ؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە لەفقهی دەستوری عێراقی چەند بۆچۆنێك سەری هەلدا ،هەریەك لەو دەستورانەش پشت بەبەلگەی دەستوری و یاسای دیاریکراو دەبەستێت .

بۆچۆنی یەکەم :- ئەو بۆچونە وای دەبینێت ئەو یاسایە ،لەژێر ڕۆشنایی دەستوری سالی 1970 هەروەك خۆی مایەوە ،چونکە دەقی مادەی (69) دەستوری سالی 1970 دەلێ (هەموو ئەو بریارو یاسایانەی لەلایەن مجلس قیادەی پورە دەرچووە

وەك خۆە دەمێنێتەوە .بۆیە دەبینین ئەو دادگایە وەك خۆی مایەوە چونکە ئەو دادگایە بەبریاری مجلس قیادەی پورە دروست بوو .

بۆچونی دووەم :–ئەو بۆچونە دەڵێت ئەو یاسایە کۆتای هات ،بەهۆی عورفێکی هەموارکەر بەلابردن بوو ،ئەو عورفەش لە ئەنجامی کارپێنەکردنی ئەو دادگایە بوو لە دەستوری 1970.

بۆیە ئێمە لەگەل بۆچونی دووەمین چونکە گەر وا دابنێن دادگایەکە هەڵنەوەشاوەتەوە ئەوا ئەو دادگایە پێك نەهات وە بەهای یاسایی لەوەدایە کە تاچەند لە پراکتیك جێبەجێدەکرێت .

لەکۆتایی دەتوانین بلێین لە سالی 1958 تا 2004 عیراق چاودێری دەستوری نەبوو .

## چاودێری دەستوری یاساکان لەیاسای بەرێوبردنی دەولەت و دەستوری هەمیشەیی سالی 2005

قانونی ئیدارەی دەولەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی سالی (2004) لەمادەی (44) برگەی (ه) دەقێکی سەبارەت بە پێکهاتنی دادگای بالا هێنابوو کە لە (9) ئەندام پێك دێت .هەرچی دەستوری 2005 هیچ ئاماژەیەکی بۆ چۆنیەتی پێکهاتنی دادگاکەو ژمارەی ئەندامانی ،میکانزمی هەلبژاردنی نەکردووە ،جگە لەوە نەبێت لە مادەی (93) دەلی (دادگای یەگێتی بالا لە ژمارەیەك لەدادوەرانی شارەزا لە فقهی ئیسلامی و فوقەهای یاسا پێك دێت ،ژمارەیان ،ریکخستنی چۆنیەتی هەلبژاردنیان بە یاسایەك رێك دەخرێت ،ئەو یاسایەش بەزۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی نوێنەران دەبێت )

بەگوێرەی ئەو دەقەی سەرەوەش ئەوا پێکهاتەی دادگای یەگێتی بالا جیاوازە لەو پێکهاتەیەی لەیاسای بەریوەبردنی دەولەت بۆ قۆناغی گواستنەوە باسی لیوە کرابوو ،چونکە ئەو یاسایە هەلساوە بەزیادکردنی شارەزا لەبواری فقهی ئیسلامی و فوقەهای یاسا بۆ پێکهاتەی دادگا .وە دوو بۆچون دروست بوو :–

بۆچونی یەکەم :– **وای دەبینێ رۆلی شارەزا لە فقهی ئیسلامی و فوقەهای یاسا رۆلێکی راوێژکارییە** ،واتە تەنها پرس و راوێژیان پێدەکات ،هەرچی بریاری دادگایە ئەوا تەنها بۆ دەستەی دادوەرانی دادگایە بەو کارە هەلسن .

بۆچۆنی دووەم :– پێچەوانەی رای یەکەمە هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ترس لەو **ناروونیەی و ناراشکاوانەی لە مادەی (2) دەستور هەیە** ،ئەو مادەیەش دوو برگە لەخۆ دەگرێت ،لەبرگەی (ا) دەلێت (رێگە نادرێت هیچ یاسایەك دابنرێت هاودژ بێت لەگەل حوکمە نەگۆرەکانی ئیسلام) بەلام لە برگەی (ب) دەلێت (ناتوانرێت یاسایەك دابنرێت هاودژ بێت لەگەل پرینسپەکانی دیموکراتی ) ،بۆیە رەئی دووەم دەلی پێویستە شارەزایان لەفقهی ئیسلامی بەشدار بن لە وەرگرتنی بریار لەگەل دەستەی دادوەران .

### تایبەتکارییەکانی دادگا

دەستوری هەمیشەیی سالّی (2005) لەمادده (93) تایبەتکارییەکانی دادگای بەم شێوەی خوارەوە دیاریکردووە:

1– چاودێریکردن لەسەر دەستووری یاساو سیستەمەکان.

2– شیکردنەوەی دەقەکانی دەستوور.

3– یەکلایکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەئەنجامی جێبەجێکردنی یاسای یەکێتی دێتە کایەوە، بریارو سیستەم و رێنماییەکان و ئەو ئیجرائاتانەشی لەلایەن دەستەی یەکێتییەوە دەردەچێت، یاساش رێگە بۆ هەریەك لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەو

هاوڵاتییانەی پەیوەندارن بە بابەتەکەوە خۆش دەکات، هەروەها بۆ کەسانی تریش مافی تانەگرتنی ڕاستەوخۆیان هـەبێت لە بەرامبەر دادگا.

4- یەکلایکردنەوەی ئەوملـملانێیانەی لـەنێوان حکومەتی یەکێتی، حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکـان و شـارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە خۆ جێییەکان دروستدەبێت.

5- یەکلایکردنەوەی ئەو ملـملانێیانەی لـە نێوان حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان دروستدەبێت.

6- یەکلایکردنەوەی ئەو تاوانانەی دەدرێنە پاڵ هەریەك لـە سەرۆکی کۆمارو سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزیرەکـان ئەوەش بەیاسا ڕێك دەخرێت.

7- پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

8- أ- یەکلایکردنەوەی ناکۆکی تایبەتکاری (تنازع الاختصاص) لـەنێوان دادگای یەکێتی و دەستەی دادوەری هەرێمـەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لـە هەرێمێکدا.

ت-یەکلایکردنـەوەی نـاکۆکی تایبـەتکاری لـەنێوان دەسـتەی دادوەرانـی هەرێمـەکان، یـا ئـەو یارێزگایانـەی لـە هەرێمێکداڕێکنەخراون.

## هەموارکردنەوەی دەستوور (تعديل دستور)

## لایەنی تایبەتمەند بەهەموارکردنەوەی دەستوور

لەبەرامبەر جیاوازی سیستەمە دەستوورییەکان و هەڵوێستیان دەربارەی ئەو لایەنەی تایبەتمەندە بەهەموارکردنی دەستوور، لەلایەك و لەیەکی تر جیاوازی فوقەهاکان دەربارەی دیاریکردنی لایەنی تایبەتمەند بەهەموارکردنی دەستوور، بەگەڕانەوە بۆ دەستوورەکان دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە دەربارەی دیاریکردنی ئەو لایەنەی تایبەتمەندە بەهەموارکردنی دەستوور، یەك هەڵوێستی نییە لەو بوارەدا، هەندێك لەو دەستوورانەی بەگوێرەی ئیجرائاتی تایبەت ئەو دەسەڵاتە بە پەرلەمان دەبەخشن، هەشیانە ئەو دەسەڵاتە بە کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەر دەبەخشن، ئەو کۆمەڵە دامەزرێنەرەش تایبەت بەهەموارکردنی دەستوور هەڵدەبژێردرێت، هەندێکی تر ئەو پرۆسەیە بەگەل دەبەخشن لەڕێگەی ڕەزامەندی گەل لەسەر هەموارکردنەکە لەڕیفراندۆمێکی میللیدا.

**یەکەم/ پەرلەمان:**

زۆربەی لەدەستوورەکان مافی هەموارکردنی بە پەرلەمان (دەسەڵاتی یاسادانان) دەبەخشن، دەسەڵاتی یاسادانانیش هەڵدەستێ بەهەموارکردنەوەی دەستوور بەگوێرەی ئیجرائاتی تایبەت کە خودی دەستوورەکە ئەو ئیجرائاتە دیاریدەکات، ئەو ئیجرائاتەش جیاوازە لەو ئیجرائاتەی بۆ هەموارکردنی یاسا ئاساییەکان دەگیرێتەبەر.

بۆ نموونە لەوانەیە دەستوور مەرجی زۆرینەیەکی تایبەتمەند دابنێت لەهەردوو ئەو ئەنجومەنەی پەرلەمان پێکدەهێنن – لەو پەرلەمانانەی لەدوو ئەنجومەن پێکدێت، وەکو یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی عێراق ساڵی (1925) یا لەوانەیە ڕەزامەندی زۆرینەی سێ بەشی ئەنجومەنی بوێت بۆ هەموارکردنەکە ئەگەر پەرلەمانەکە لەیەك ئەنجومەن پێکدەهات وەکو دەستووری لبنانی لەوانەشە دەستوور هەندێك جار بۆ هەموارکردن مەرجی پێویستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێ بۆ مومارەسەکردنی ئەرکی هەموارکردن دابنێت، وەکو دەستووری بەلجیکی، چونکە ئەو دەستوورە مەرجی هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێی داناوە، پێویستیشە زۆرینەی سێ بەشی ئەندامان بۆ گفتوگۆکردن ئامادەبن، هەروەها دەبێت بڕیاری هەموارکردنەکەش بەزۆرینەی سێ بەشی ئامادەبوان بدرێت.

کەواتە کاتێك دەسەڵاتی هەموارکردنی دەستوور بە پەرلەمان دەبەخشرێت، ئەوا ئەرکی مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتە بەگوێرەی کۆمەڵێك ئیجرائاتی ئاڵۆز و تایبەت دەبێت، ئەو ئیجرائاتانەش زۆر سەختترن لەو ئیجرائاتانەی بۆ هەموارکردنی یاسای ئاسایی دەگرێتەبەر.

**دووەم/ کۆمەڵەی دامەزرێنەر:**

هەندێك لەدەستوورەکانیش دەسەڵاتی هەموارکردنی (دەسەڵاتی دامەزرێنەری دروستکراو) بەکۆمەڵەی دامەزرێنەر دەبەخشن، کە بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی هەموارکردنی هەموارکردن هەڵدەبژێردرێن، ئەو جۆرە وەسیلەیەش بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆوە زۆربەی دەستووری ویلایەتەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستورەکانی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی پێیان وەرگرتووە.

**سێ یەم/ ریفراندۆمی میللی:**

هەندێك لە دەستوورەکان بۆ ئەوەی هەموارکردنەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە مەرجی ڕەزامەندی گەلیان لەسەر هەموارکردنەکە داناوە، ریفراندۆمی میللیش ئەنجامدەدەرێت جا گرنگ نییە ئەگەر ئەو لایەنەی هەڵدەستێت بەهەموارکردنەکە (کۆمەڵەی دامەزرێنەری بێت یاخود دەسەڵاتی یاسادانان)، مادام بڕیاری کۆتایی بۆ گەل دەگەڕێتەوە.

لەو ڕێگەیەش پەرلەمان و کۆمەڵەی دامەزرێنەری بەئامادەکردنی پڕۆژەی هەموارکردنەکە هەڵدەستن، دواتر ئەو پڕۆژەیە دەخرێتە بەردەم گەل بۆ ڕەزامەندی دان لەسەری، دەستووری یەکێتی سویسرا دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (2005)، هەروەها دەستووری فەڕەنسای ساڵی (1958)یش بەو ڕێگەیان وەرگرتووە، بەجۆرێك مادە (89)ی دەستووری فەڕەنسی مافی هەموارکردنی دەستووری بەهەریەك لەسەرۆك کۆمار و ئەندامانی پەرلەمان بەهەردوو ئەنجومەنەکەیەوە داوە، لەهەردوو حاڵەتیشدا هەموارکردنەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ تێڕوانین تیایدا، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری لەسەردا ئەوا ناچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، تەنها دوای خستنە بەردەم گەل نەبێت بۆ ڕیفراندۆم کردن لەسەری، ئەگەر گەل ڕەزامەندی لەسەردا ئەوا هەموارکردنەکە دەبێتە بەشێك لەدەستوور و دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

## ڕێوشوێنی هەموارکردنەوەی دەستوور (إجراوات تعديل الدستور)

دەستوورەکان جیاوازیەکی گەورەیان دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئیجرائاتی هەموارکردنی دەستوور هەیە، هۆی ئەو جیاوازییەش بۆ گەلێك فاکتەر دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان فاکتەری سیاسی و هونەرییە.

فاکتەرە سیاسییەکان خۆی دەنوێنێ لەوەی ئەو ڕێکخستنەی بڕیاری لەسەر دراوە بۆ هەموارکردنی دەستور پێویستە ڕەچاوی لایەنی دەسەڵاتەکان بکات کە سیستەمی حوکمی لەسەر پێکدێت، ئەو ڕێکخستنەی لەسیستەمی دیموکراتی ناڕاستەوخۆ بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ هەموارکردنی دەستوور، پێویستە ڕەچاوی گەل و پەرلەمان بکات، لە سیستەمی پەرلەمانیش حکومەت و پەرلەمان ڕەچاو دەکرێت، لەو دەوڵەتانەش لەشێوەی یەکێتیە ئەوا دەبێ ڕەچاوی ویلایەتە ئەندامەکانی یەکێتی بکرێت.

لایەنی هونەریش خۆی لەشێوازی داڕشتنی دەستوور دەنوێنێ کە دانەرانی دەستوور پێیان وەرگرتووە، کاریگەری ئەو شێوازەش لەوە دەردەکەوێت، مەرجی هاوتایی وەك یەکبوون لەبارودۆخی یاسایی (التماپل الاوچاع أشكال القانونيه). بەگوێرەی

جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپە دەستوور ناتوانرێت هەمواربکرێت تەنها لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی کە پێك دەهێنرێت لەشێوەی ئەو دەسەڵاتەی بەدانانی دەستوورەکە هەڵساوە، واتە بەگرتنەبەری هەمان رێ و شوێن و ئیجرائات و شێوەی گرتنەبەری دانانی دەستوورەکە.

بۆ نموونە ئەگەر دەستوورەکە لەلایەن کۆمەڵەیەکی هەڵبژێردراوەوە دارێژرابێت و خرابێتە بەردەم گەل بۆ ریفرادندۆمی دەستووری، ئەوا هەمواركردنی دەستوورەکە بەگوێرەی ئەو پرەنسیپەی سەرەوە دەبێت بەهەمان رێگەی دانانی دەستوورەکە بێت، واتە بەهەڵبژاردنی کۆمەڵەیەك بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی هەموارکردنەکە، دواتر ئەو پرۆژەیە بخرێتە بەردەم گەل بۆ بڕیاردان لەسەری لەریفراندۆمی دەستووری.

**قۆناغی یەکەم/ قۆناغی پێشنیارکردنی هەموارکردن (مرحلە إقتراح التعديل):**

لەوانەیە مافی بڕیاردان لەسەر پێشنیارکرنی دەستوور تەنها بەحکومەت بدرێت، یا لەوانەیە بڕیاردان لەسەر ئەو مافە تەنها بە پەرلەمان بدرێت، یاخود لەوانەیە مافی ئەو بڕیارە بەیەکەوە بەحکومەت و پەرلەمان بدرێت، یاخود لەوانەیە ئەو مافە بەخودی گەل بدرێت.

بڕیاردان لەسەر مافی پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بۆ هەر دەستەیەك لەو دەستانە کارێکە لەسەر پلە و پایەی هەریەکێك لەو دەستانە لەبەرامبەر دەستەکەی تر دەوەستێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- **ئەگەر دەستوور لەدەوڵەت زیاتر بەلای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەشکایەوە**، ئەو دەسەڵاتە (واتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لەدەسەڵاتی یاسادانان بەهێزتربوو، ئەوا مافی پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بەحکومەت دەبەخشرێت، زۆربەی دەستوورە کۆنەکان مافی پێشنیارکردنی دەستووریان تەنها بە حکومەت دەبەخشی، بەڵام زۆربەیان لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیری دیموکراتی ئێستا لەو رێڕەوەیە لایانداوە، لەنمونە کە دەقەکانی ئەو دەستوورانەی مافی بڕیاری پێشنیارکردنی دەستوور تەنها بەحکومەت دەدەن، دەستووری پرتوگالی ساڵی (1933) (م/135)، دەستووری رۆمانیا ساڵی (1938) (م/97)، دەستوری یابان ساڵی (1946) (م/72)(ت).

2- **ئەگەر دەستوور لەدەوڵەت زیاتر بەلای دەسەڵاتی یاسادانان ئەشکایەوە**، واتە دەسەڵاتی یاسادانان زیاتر بوو لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن، یا بەلایەنی کەم دەسەڵاتی یاسادانان لەبواری یاسادانان خاوەنی ویلایەتی گشتی بوو. ئەوا دەستوور مافی پێشنیارکردنی هەموارکردنی تەنها بەدەسەڵاتی یاسادانان دەبەخشێت.

نمونەی ئەو جۆرە دەستوورانە دەستووری ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا (م/5)، دەستووری ئەرژەنتین (م/23)، دەستوری شیلی (م/108)، دەستوری کۆلۆمبیا (م/209)، دەستوری ئیکوادۆر (م/164)، دەستووری پاراگوایی (م/33).

3- ئەگەر دەستووریش بۆ لای هاوسەنگی و هاریکاری ئاڵوگۆڕ لەنێوان **هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان ئەشکایەوە، ئەوا مافی پێشنیاری هەموارکردن مافێکی هاوبەش دەبێت** لەنێوان هەردوو دەسەڵاتەکە، بۆیەش بۆ هەردوو دەسەڵاتەکە هەیە مافی پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن(ير).

نموونەی ئەم جۆرە دەستوورەش دەستووری ئیسپانی ساڵی (1931) (م/125) دەستووری فەرەنسی ساڵی (1875) (م/8) دەستووری لبنانی ساڵی (1926) (م/76 – 78) دەستووری هەمیشەیی عێراق 2005 (م126 برگە 1).

4- **ئەگەر دەستووریش وای لە گەل دەکرد شوێن و پایەی لەبواری مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا هەبێت، ئەوا ئەو دەستوورە رێگە بە گەل دەدات مافی پێشنیارکردنی دەستوور بکات**(سم).

---

نموونەی ئەو جۆرە دەستورەش دەستووری زۆربەی ویلایەتەکان لـەیەکێتی سویسرا و یەکێتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**قۆناغی دووەم/ قۆناغی بڕیاردان لـەسەر مەبدەئی هەموارکردنی (مرحلـه لموافقه علی مبدأ التعدیل):**

وایاوە دەستوورەکان دەسەلآت بە پەرلـەمان دەدەن بۆ یەکلایکردنەوەی ئەوەی ئایا دەستوور هەمواربکرێت یا نا؟ پاساوی ڕاسپاردنی پەرلـەمانیش بەوکارە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی پەرلـەمان نوێنەرایەتی گەل دەکات، بەو سیفەتەش دیارترین دەسەلآتەکە دەسەلآتی یەکلایکردنەوەی پێویستی هەموارکردنی دەستووری پێ ڕاسپێردرێت. وەك دەستووری فەڕەنسی 1791.

هەندێك لـەدەستوورەکان سەرەڕای ڕەزامەندی پەرلـەمان لـەسەر مەبدەئی هەموارکردن، ڕەزامەندی گەلیشی پێویستە وەك دەستووری زۆربەی ویلایەتەکانی سویسرا و ئەمریکا (هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد).

**قۆناغی سێ یەم/ قۆناغی ئامادەکردنی هەموارکردن:**

لـەوانەیە دەستوورەکان ئەرکی ئامادەی هەموارکردنی دەستوور بە دەستەیەکی تایبەتمەندی هەڵبژێردراو بۆ ئەو مەبەستە ڕاسپێرن، وەکو دەستووری ئەرژەنتینی ساڵی (1833)، دەستووری فەڕەنسی ساڵی (1793) وە دەستووری زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا و کانتۆنەکانی سویسرا.

ئەگەر چی زۆربەی دەستوورەکان ئەرکی ئامادەکردنی هەموارکردنی دەستوور بە پەرلـەمان دەسپێرن، بەلآم چەند مەرجێکی تایبەت دادەنێن گرنگترینیان ئامانەی خوارەوەن(شم):

یەکەم: کۆبوونەوەی هەردوو ئەنجومەنی پەرلـەمان لـەشێوەی کۆنگرەیەك، وەکو دەستوورەکانی فەڕەنسای ساڵی (1875)، ڕۆمانیا ساڵی (1923)، (م/129) و شیلی (م/108).

دووەم: مەرجی ئامادەبوونی ڕێژەیەکی تایبەت بۆ دروستی کۆبوونەوەکانی پەرلـەمان یا بۆ دروست دەرکردنی بڕیارەکان یا بۆ دروستی هەردووکیان، وەکو دەستووری کۆلۆمبیا (م/209) و مەکسیك (م/135) و پیرۆ (م/160).

سێ یەم: هەڵوەشاندنەوەی پەرلـەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی پەرلـەمانی نوێ، پەرلـەمانی نوێش ئەرکی هەموارکردنەکەی دەگرێتە ئەستۆ: وەکویاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی (1925) (م/119) دەستووری ڕۆمانیا ساڵی (1923) (م/129) و دەستووری ئیسپانی ساڵی (1931) (م/125).

**قۆناغی چوارەم/ قۆناغی بڕیاردانی کۆتایی لـەسەر هەموارکردنی (مرحلـه إقرار التعدیل بصیغه النهائیه):**

زۆربەی دەستوورەکانی دوای نیوەی سەدەی بیستەم دەسەلآتی بڕیاردانی کۆتایی لـەسەر هەموارکردن دەدەن، بەهەمان ئەو دەستە تایبەتمەندەی بەهەموارکردنی دەستوور هەڵساوە، ئەو دەستەیەش وەك باسمانکرد یا دەستەیەکی تایبەتمەند دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، یا زۆربەی جار پەرلـەمان دەبێت واتە دەستەی یاسادانانی ئاسایی لـەگەڵ بوونی هەندێك مەرجی تایبەت.

هەندێك لـەدەستوورەکانیش دەسەلآتی بڕیاردانی کۆتایی لـەسەر هەموارکردن بەگەل دەدەن دواتر مەرجی ڕاپرسی لـەڕێگەی ڕیفراندۆمی دەستووری دادەنرێت، وەکو زۆربەی دەستوورەکانی ویلایەتەکانی ئەمریکی و سویسری.

## بواری هەموارکردنی دەستوور

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یاسای دەستووری بریتی یە لەکۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی، بنەمای یاسایش قابیلی گۆڕانە بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەگینا بەپێچەوانەوە دەستوور لەواقیع دادەبڕێت، بۆیەشە پێویستە دەستوورەکان شان بەشانی گۆڕانکارییەکان بڕۆن.

بەڵام چوارچێوەی ئەو بوارەی هەموارکردنی دەستووری تیادا ئەنجام دەدرێت، لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی تر دەگۆڕێت هەندێك لە دەستوورەکان دەقێکیان تێدایە ناهێڵێ پێشنیاری هەموارکردنی تەواوی دەقەکانی لەماوەیەکی دیاریکراودا بکرێت، هەندێکی تر لە دەستوورەکان دەقیان تێدایە سەبارەت بە قەدەغەکردنی هەموارکردنی هەندێك لەدەقەکانی دەستوور جا بەشێوەیەکی بەردەوام بێت یاخود بەسیفەتێکی کاتی بێت.

**یەکەم/ قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەستوور لەماوەیەکی دیاریکراودا:**

هەندێك لە دەستوورەکان دەقیان تێدایە ڕێگە بەوە نادات پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکرێت، تەنها پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو نەبێت، تێبینیش دەکرێت هۆکاری پەنا بردنەبەر ئەو قەدەغەکردنە بۆ ئەو ئەگەرانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1- لەوانەیە مەبەست لەدانانی ئەو دەقە بۆ ئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ پێچەوانەی سیستەمە کۆنەکە، بگەڕێتەوە واتە بەبۆنەی دروستبوونی سیستەمێکی سیاسی نوێیەوە ڕێگە نادەن دەستوورەکە هەموار بکرێت، تاکو بۆ ماوەیەکی گونجاو دەستوورەکە تاقی بکەنەوە، ئەمەش ببێتە فاکتەرێك بۆ ئارامی و سەقامگیری، بەشێوەیەك فاکتەری ماوە (الزمن) یارمەتیدەربێت بۆ کەمکردنەوەی دەنگی ئۆپۆزیۆسۆن بۆ سیستەمە نوێیەکە.

2- لەوانەشە قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەستوور بۆ ماوەیەك ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ماوەی تەنگەژە و نالەباری بێت، کە وڵات پیایدا تێپەڕدەبێت، بەجۆرێك حوکمەکانی دەستوور بەبێ هەموارکردنی لەو ماوەیەدا جێ بەجێ بکرێن، وەکو یاسای بنەڕەتی عێراق 1925 ڕێگەی نەداوە بەهەموارکردنی ئەو یاسایە تەنها دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ لەسەر جێبەجێ کردنی (م/119)، نەوەك لەو ماوەیەدا هەموارکردنێك بکرێت، ئەو هەموارکردنەش پێچەوانەی ئاراستەی ڕاستەقینە و جێگرەکانی رای گشتی بێت. نموونەش لەسەر ئەمە ئەو دەقەیە کە لەدەستوورەکانی فەڕەنسی ساڵی 1946 وساڵی 1988 هەبوو، ڕێگەی بە ئەنجامدانی هیچ هەموارکردنێك نەدەدا لەکاتی داگیرکردنی تەواوی وڵات یان داگیرکردنی بەشێکی وڵاتی فەڕەنسا لەلایەن هێزی بیانییەوە.

3- یا لەوانەیە بوونی دەقی قەدەغەکردنی هەموارکردنی سیستەمی حوکمی تیایدا توشی لاوازی دەبێت، بەتایبەتیش سیستەمی پادشایەتی، وەکو بوونی دەق دەربارەی قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەستوور لەو کاتانەی چاودێری (وصایە) دەربارەی مافەکانی پادشا دەخرێتە سەر تەختی پاشایی، وەکو دەستووری بەلجیکی ساڵی (1930) لە (م84).

**دووەم/ ئەو دەقانەی ناهێڵێت هەندێك لە حوکمەکانی دەستوور هەموار بکرێتەوە:**

هەندێك لە دەستوورەکان دەقیان هێناوە دەربارەی قەدەغەکردنی هەموارکردنی هەندێك لەو حوکمانەی کە لەنێو دەستورەکە هاتووە، ئەو جۆرە دەستوورانەش وا باون ئامانجیان پاراستنی سیستەمی سیاسییە، یا هەندێك لایەنی ئەو سیستەمە سیاسییە کە دەستور هێناویەتە کایەوە.

لەوانەیە ئەو جۆرە قەدەغەکردنە بۆ هەتا هەتایە بێت، بەشێوەیەك ڕێگە نادرێت ئەو دەقانەی ئاماژە یان بۆ کراوە لەهیچ کاتێك لەکاتەکان هەموار بکرێن، وەکو دەستووری بەرازیل ساڵی 1934 ناهێڵی پێشنیاری هەموارکردنی شێوەی کۆماری فیدراڵی ئەو دەوڵەتە بکرێت، دەستووری کۆماری تورکیا ساڵی 1961 ڕێگەی نەدا شێوەی کۆماری دەوڵەت هەموار بکرێت، لەوانەشە ئەو قەدەغەکردنە بۆ ماوەیەکی کاتی بێت وەکو دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی 2005 کە ڕێگە نادات پرەنسیپە سەرەکیەکان کە لەبەشی یەکەمی دەستوور هاتووە لەگەڵ بەشی دووەمی دەستوور پەیوەندار بەماف و ئازادییەکان هەموار بکرێت، تەنها پاش تێپەڕبوونی دوو خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك نەبێت.

سێ یەم/ بەهای یاسایی ئەو دەقانەی قەدەغەکردنی هەموارکردنەوەی دەستوور دەکەن:

فقهی دەستووری بیروبۆچوونی جیاوازی هەیە دەربارەی بەهای یاسایی ئەو دەقە دەستوورییانەی ناهێڵێت دەستوور لەماوەیەکی دیاریکراو هەمواربکرێت، یا ناهێڵێت هەندێك لەدەقەکان هەمواربکرێن.

1- بۆ چوونی یەکەم:

هەندێ لە فوقەهاکان پێیان وایە ئەو دەقانەی ناهێڵن دەستوور هەموار بکرێت بەهەردوو شێوەکەی کاتی (بۆ ماوەیی)یا بەهەتی، هەم لەڕووی سیاسی (فەلسەفی) و کردەوەیی هەم لەڕووی یاسایی پووچەڵە، ئەو فوقەهانەش پێیان وایە ئەو دەقانەی ناهێڵن دەستوور هەمواربکرێت تەنها ئارەزوو و هیوان هیچ بەهایەکی یاساییان نی یە لەڕاستیدا ئەو دەقانە مردوون و هیچ سوودێکیان نییە، چونکە پێچەوانەی سروشتی شتەکانن کە پێویستیان بە گۆڕان و ئاڵ و گۆڕکردن هەیە، دەستووریش وەك یاسای باڵا و بنەڕەتی دەوڵەت – قابیلی گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردنە تا لەگەڵ ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تیایدا دەژی هەڵبکات.

هەروەها بێ بەشکردنی لەگەڵ مافی هەموارکردنی دەستوور پێچەوانەی پرەنسیپی سەروەری نەتەوەیی، چونکە دەبێتە هۆی بێ بەشکردنی لەڕەگەزی سەرەکی ئەو سەروەرییە.

سەرەڕای ئەوانەش لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە دەسەڵاتی دامەزرێنەر کە لەکاتێکی دیاریکراو هەڵساوە بە دانانی دەستوور، ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات باڵاترە لەو دەسەڵاتە دامەزرێنەرە، کە لەکاتێکی دواتر گوزارشت لەئیرادەی نەتەوە دەکات، بۆیەشە یەکەمیان لەدووەمیان باڵاتر نییە تا مافی کۆتکردنی دووەمی هەبێت.

کەواتە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە ئەو دەقە دەستوریانەی لەماوەیەکی دیاریکراو قەدەغەی هەموارکردنی دەکەن، یا قەدەغەی هەموارکردنی هەندێك لەحوکمەکانی دەستوور دەکەن، هیچ بەهایەکی یاساییان نییە، بۆیەشە سەر ئەنجام دەتوانرێت دەستوور هەمواربکرێت لەهەر حوکمێك لەحوکمەکان و لەهەر کاتێك لەکاتەکان بێ ئەوەی خۆی کۆت و بەند بکات بەو دەقانەی کە ناهێڵن دەستوور هەمواربکرێت.

2- بۆچوونی دووەم:

هەندێك لەفوقەهاکان دەڵێن پێویستە جیاوازی لەنێوان لایەنی سیاسی و لایەنی یاسایی بکەین، لەڕووی سیاسی قەدەغەی هەموارکردنی دەستوور لەگەڵ پرەنسیپەکانی سەروەری لەگەڵ هاودژە، چونکە مادام لەگەڵ بەسیفەتێکی بنچینەیی خاوەنی سەروەرییە، ئەوا لەهەر کاتێك بیەوێت دەتوانێت دەستوور هەموار بکات یا هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر تاکەکانی گەل دەگۆڕێن، بۆ ئەو تاکانەش نییە کە دیاریکراون هەڵسن بە کۆتکردنی ئەو تاکانەی لەدوای ئەوانەوە دێن لەڕێگەی قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەقەکانی ئەو دەستوورەی دایان ناوە، بۆیەشە بۆ ئەوەی ئێستا نییە هەڵسێ بەکۆتکردنی نەوەکانی داهاتوو لەڕێگەی قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەقەکانی دەستوور هەرچی لەڕووی یاساییەوە، ئەگەر پرنسیپی سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان گەلە دروستبێت، ئەوا بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە تەنها بەو شێوەیە دەبێت کە لەدەستوور دیاریکراوە،

کەواتە ناتوانرێت دەستوور هەموواربکرێت تەنها بەگوێرەی ئەو ئیجرائاتەی بۆی دیاریکراوە، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو سنوورەی بۆی دانراوە.

بەمەش گەل ناتوانێت مومارەسەی مافی خۆی بکات، تەنها لەرێگەی ئەو دەسەڵاتە یاساییانەی کە دەستوور دروستیکردوون، چونکە مەعقول نییە ئەو دەسەڵاتانە بەکردەوەیەك هەڵسێ کە پێشێلکاری بێت بۆ حوکمەکانی دەستوور، تەنها ئەگەر مەبەستی لەو کردەوەیە ئەنجامدانی کودەتا یا شۆڕش بوو بێت، کەواتە ناتوانرێت دەستوور لەو ماوەی قەدەغەکراوە هەمواربکرێت تا ئەو ماوەیەش تەواو دەبێت، هەر پێشلکارییەکی ئەو دەقانەی قەدەغەی هەموارکردنی دەستوور دەکەن، مانای پێشلکاری دەستوور دەگەیەنێت، مادام ئەو دەستوورە لەئارادایە و ماوە و بەشۆڕش یا کودەتا نەگۆڕاوە.

3– بۆچوونی سێ یەم:

ئەو بۆچوونە جیاوازی لەنێوان قەدەغەکردنی هەموارکردنی دەستوور لەماوەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ قەدەغەکردنی هەموارکردنی هەندێك لەدەقەکانی بەسیفەتێکی بەردەوام یا کاتی دەکات.

سەبارەت بە قەدەغەکرنی هەموارکردنی هەندێ لەدەقەکانی دەستوور بەشێوەیەکی بەردەوام ڕەها هیچ بەهایەکی یاسایی نیە، بەڵام مانا و ئامانجی سیاسی هەیە، چونکە دەسەڵاتی دامەزرێنەری ئێستا ناتوانێ دەسەڵاتی دامەزرێنەری دوا ڕۆژ کۆت بکات.

هەرچی سەبارەت بە قەدەغەکردنی هەموارکردنە بۆ ماوەی کاتێکی دیاریکراو ئەوا کارێکی دروست و ڕەوایە، بۆیەشە پێویستە لەڕووی یاساییەوە ئیلتزامی پێوە بکرێت، چونکە ئەو جۆرە قەدەغەیە دەبێتە هۆی جێگیربوونی بنەما نوێکانی دەستوور.

لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە ئەو بۆچوونە مەنتقییە هیچ هاودژیەکی تێدا نییە، چونکە ئەو دوو شێوەی قەدەغە جیاوازن، ئەمەش وا دەکات لەڕووی حوکمیشەوە جیاوازبن، شێوەی یەکەم کە ناهێڵێت هەندێ لەدەقەکانی دەستوور بەشێوەیەکی ڕەها هەمواربکرێت دەستداگرتنێکی ڕاشکاوانە و ئەبەدییە بەسەر ئیرادەی نەوەکانی داهاتوو، ئەمەش واتای ڕەقی ڕەهای تەواوی (جمود المگلق الكلي) دەستوور دەگەیەنێت، کە هەمووان کۆکن لەسەر ڕەتکردنەوەی، جیاوازیش لەنێوان شێوە و ڕەقی ڕەها و تەواوی دەستوور تەنها جیاوازییەکە لەپلە، چونکە لێرەدا قەدەغەکردنەکە پەیوەستە بەهەندێك لە دەقەکان، بەڵام لەویتر قەدەغەکردنەکە پەیوەستە بەهەموو دەقەکان، لەهەردوو حاڵەتیشدا قەدەغەکردنەکە ئەدەبییە، ئەمەش پاساوێکە بۆ ڕەتکردنەوەی بەو پێیەی دەبێتە کۆتێك لەسەر نەوەی داهاتوو.

هەرچی حاڵەتی دووەمە کە ناهێڵێت دەستوور لەماوەیەکی دیاریکراو هەمواربکرێت، بەگوێرەی ئەو بۆچوونە دروستە، هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان ئەوەی بڵێین دەبێت شەش مانگ – بۆ نموونە – لەنێوان دەربرینی پێشنیار بۆ هەموارکردنی لەگەڵ دەنگدان لەسەر هەموارکردن تێپەربێت، بوونی مەرجی ماوەش هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت، بۆیەشە کەس گفتوگۆی نەکردووە لەسەر دروستی یاسایی لەنەبوونیەوە، هەمووشیان پێیان قووڵە.

بەڵام هەندێك لەفوقەهاکان لەڕووی بەهای یاسایی وادەستەی ئەو دوو شێوەی قەدەغەی هەموارکردن نابن، پێشیان وایە ئەو جیاوازییەی سەرەوە هیچ پاساوێکی مەنتیقی و بەڵگەیەکی یاسایی نییە، بۆیە دەبێت هەردوو شێوەکە لەڕووی حوکمەوە یەکبگرن.

بۆیەشە دەڵێن یا دەبێت دان بەپووچەڵی هەموو ئە دەقانە دابنێین کە ناهێڵن هەندێك لەدەقەکانی دەستوور هەمواربکرێت، هەروەها ئەو دەقانەشی کە ناهێڵن دەستوور لەماوەیەکی دیاریکراودا هەمواربکرێت بەپشت بەستن بە پرەنسیپی سەروەری گەل و نەتوانینی دەسەڵاتی دامەزرێنەری نەوەیەکی دیاریکراو بۆ کۆتکردنی دەسەڵاتی دامەزرێنەر لەنەوەکانی داهاتوو یا ئەوەتا دان بەهەموو دەقەکان دابنێت، هەروەها دان بە سیفەتی ئیلزامی دابنرێت بەپشت بەستن بەوەی گەل پێویستە مومارەسەی سەروەری خۆی بکات بەگوێرەی چوارچێوەی ئەو ڕێ و شوێن و سنوورەی لەدەستوور بۆی دیاریکراوە.

4- بۆچوونی چوارەم:

ئەو بۆچوونە پێی وایە پێویستە جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتی دامەزرێنەری بنچینەیی و دەسەڵاتی دامەزرێنەری دروستکراو بکەین، هەروەك ڕوونە دەسەڵاتی یەکەم دەسەڵاتێکی باڵای ڕەهایە، وجودی خۆی لەهیچ دەسەڵاتێکی تر وەرناگرێت، بۆیەشە بەئارەزووی خۆی دەتوانێ هەر کاتێك بیەوێت گوزارشت لەئیرادەی خۆی بکات، لەکاتێکدا دەسەڵاتی دامەزرێنەری دروستکراو وجودی خۆی لەدەستوور وەرگرتووە، بەوەش مولزەمە بەگرتنەبەری ئەو ڕێ و شوێنەی لەدەقەکانی دەستوور هاتووە، کەواتە ئەو دەقانەی ناهێڵن دەستوور بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەموار بکرێت ئاراستەی دەسەڵاتی دامەزرێنەری ناکرێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە دەتوانی هەڵسێ بەهەموارکردنی هەموو یا هەندێك دەقی دەستوور بێ ئەوەی هیچ کۆت و سنوورێکی پێش وەختی لەسەربێت، لەکاتێکدا دەسەڵاتی دامەزرێنەری دروستکراو ناتوانێ کارێکی وا بکات، بەڵکو پێویستە ئیلتزام بەو دەسەڵاتە تایبەتمەندەی هەموارکردن بکات کە ئاراستەی کراوە، بەو پێیەی بنەمای دەستووری مولزەمن (ئ٘مرە)، بەجۆرێك مومارەسەی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی بکات بەو شێوەی کە دەستوور بۆی دیاریکراوە.

کەواتە بەگوێرەی ئەو بۆچوونە ئەو دەقانەی ناهێڵن دەستوور هەمواربکرێت لەماوەیەکی دیاریکراو یاخود ناهێڵی هەندێك لەدەقەکانی دەستوور هەموار بکرێن، وەکو دەقە دەستوورییەکانی تر هێزی یاسایی مولزەمیان دەبێت، بەڵام ئەو دەقانە وەك هەموو دەقەکانی تری دەستوور قابیلی هەموارکردنن، بۆیە ئەگەر هاتوو ئەو دەقانە بەگوێرەی ئەو ڕێ و شوێنەی دەستوور دیاریکردووە هەموارکرا، ئەوا قەدەغەکردنەکە دەربارەی هەموارکردنی دەستوور نامێنێت، بەمەش دەتوانرێت دەستوور هەمواربکرێت لەو ماوەیەی نەدەتوانرا هەموار بکرێت، ئەگەر هاتوو ئەو دەقەی قەدەغەی هەموارکردنی دەکرد هەموار کرا، کەواتە بەهای فیعلی ئەو دەقانە لەوە دەبینێتەوە کە ڕێگرە لەبەردەم هەموارکردنی.

لەڕاستیدا ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین کەدان بەهێزی یاسایی مولزەمی ئەو دەقانە دابنرێت وەکو هەر دەقێکی تری دەستوور، بەو پێیەی لەڕابردوو لەلایەن ئیرادەی دەسەڵاتی بنچینەییەوە دەرچووە و گوزارشتێکە لەسەرروەری گەلیانەتەوە لەکاتی دانانی دەستوورەکە.

لایەنگریشمان بۆ ئەو بۆچوونە پشت دەبەستێ بە دووخاڵی سەرەکی، یەکەمیان پێویستی ڕێگرتن لەو کارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی دامەزرێنەرەوە دەرچووە لەڕابردوو، ئەمەش بەدان پیانان بە دروستی و ڕەوایی ئەو کارانە دەبێت کە لەو دەسەڵاتە دەرچووە بێ ئەوەی نکۆڵی بکرێت لەوەی ئەو کارانە پووچەڵە و هیچ بەهایەکی یاساییان نییە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر پێویستە ڕێز لەئیرادەی نەوەی ئێستا و ئایندە بگیرێت، ئەمەش بەهێنانەکایەی تەبایی (توفیق)ێك لەنێوان ئەو ئیرادە و ڕێزگرتن لەو شکلیانەی دەقەکانی دەستوور دیاریان کردووە، ئەمەش نایەتەدی تەنها لەڕێگەی هەموارکردنی ئەو دەقانەی کە ناهێڵن دەستوور هەمواربکرێت، هەموارکردنی ئەو دەقانەش بەگرتنەبەری ئەو ئیجرائاتە دەستوورییانە دەبێت کە لەدەستوورەکە دیاریکراوە.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین بنەمای دەستووری ناتوانێ بنەمایەك دروست بکات لەخۆی بەرزتربێت، بەڵکو تەنها جۆرێك لەپایە (تدرج) هەیە لەنێوان بنەما دەستورییەکان لەلایەك و بنەمای وا هەیە ملکەچ نیە بۆ دەسەڵاتی هەموارکردن، دەتوانرێت ئەو بنەمایانە بەوە بناسرێت کە ناتوانرێت دەستی لێبدرێت، لەلایەکی تریش بنەمای ترمان هەیە دەسەڵاتی هەموارکردنی دەتوانێ هەمواری بکات، ئەو بنەمایانەش قابیلی هەموارکردنن.

**یەکەم/ هەموارکردنەوەی یاسای بنەڕەتی ساڵی 1925:**

**ئەو ئیجرائاتانە و ڕێ و شوێنەی دەقی ماددەی (119)ی یاسای بنەڕەتی ساڵی 1925 بۆ هەموارکردنی ئەو یاسایە دیاریکردووە، وای لێدەکات دەستوورێکی ڕەق (جامد)بێت، واتە ڕێ و شوێنێکی ئاڵۆز دانراوە بۆ هەموارکردنی جیا لەو ڕێ وشوێنەی بۆ هەموارکردنی یاسا ئاساییەکان دەگیرێتەبەر.**

**بەگوێرەی ماددە (119) هەموو هەموارکردنێك پێویستی بە ڕەزامەندی هەریەك لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەعیان هەیە بەزۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی هەریەك لەو دوو ئەنجوومەنە، دوای ڕەزامەندیدان لەسەر هەموارکردنەکە، ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەنجومەنێکی نوێ پێشنیارکراوە کە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی تازە هەڵبژێردراو ئەنجومەنی ئەعیان دەکرێت، ئەگەر هەردوو ئەنجومەن هەریەکەیان بەزۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی ڕەزامەندیان لەسەردا، ئەوا بۆ پەسەندکردنی پێشکەش بە پادشا دەکرێت و هەموارکردنەکە ئەنجام دەدرێت.**

**جێگەی ئاماژە پێکردنە ماددەی(119) ئەو لایەنەی دیاری نەکردووە کە مافی پێشنیاری هەموارکردنی هەیە، هەروەها ئاماژەشی بە ڕێژەی ئەو دەنگانە نەکردووە بۆ پێشکەشکردنی هەموارکرنەکەك پێویستە، ئایا پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەستوور لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی ئومەیە بەهەردوو ئەنجومەنەکەی، یا حکومەتیش مافی پێشنیاری هەموارکردنی دەستووری هەیە؟**

**د.اسماعیل مرزە، پێی وایە مافی پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور مافی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانانە، وەکو ئەو ڕێچکەی زۆربەی دەستوورە نوێیەکان لەو بارەیەوە گرتیتیانە بەر.**

**أ- کۆتەکانی دەسەڵاتی هەموارکردن:**

**دەسەڵاتی هەموارکردن لەیاسای بنەڕەتی ساڵی 1925 ملکەچ بوو بۆ سێ لەکۆتکردن:**

**یەکەم: هەموارکردنی مەسەلە لاوەکییەکان**: **دەقی ماددە (118)ی دەستووری ساڵی 1925، ڕێگەی بە ئەنجومەنی ئومەدەدا، لەماوەی یەك ساڵ لەسەرەتای جێبەجێکردنی دەستوور، هەموارکردنی دەستوور لەکاروباری لاوەکی (امور فرعیە) ئەنجام بدات، بەمەرجێ ئەنجومەنی ئومە بەزۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە ڕەزامەندی لەسەر بدات.**

**کەواتە ئەنجومەنی ئومە لەو ماوەیەدا ناتوانێ بەهیچ شێوەیەك هەڵسێ بە هەموارکردنی ماددە سەرەکییەکان بەڵکو لەتوانای دایە تەنها ماددە لاوەکییەکان هەمواربکات. بەڵام لێرەدا ئیشکالیەتێکی گەورە دەربارەی جیاوازی کردن لەنێوان مەسەلە لاوەکییەکان و مەسەلە سەرەکییەکان سەرهەڵدەدات، چونکە دەستوور دەقێکی تێدا نییە لەسەر دیاریکردنی پێوەرێك لەپرۆسەی لێك جیاکردنەوەی مەسەلە لاوەکییەکان و سەرەکییەکان (بنچینەکان) پشتی پێببەسترێت، سەرەڕای ئەوەش فقهی دەستووری لەڕووی گرنگیەوە مامەڵە لەگەڵ ماددە دەستوریەکان ناکات لەسەر بنچینەی ئەوەی لاوەکییە یا سەرەکیە.**

**ب- قەدەغەکردنی هەموارکردنی هەندێك ماددەی دەستووری ماددە (22)ی دەستووری ساڵی 1925 ڕێگەی نەدەدا بە** **هەموارکردنی ئەو ماددانەی پەیوەندارن بە مافی پادشا و میراتگرەکانی بەدرێژایی ماوەی چاودێری (وصایە) کە لەئەنجامی گواستنەوەی تەختی پادشایی بۆ پادشایەکی خوار تەمەنی هەژدە ساڵی دروست دەبێت.**

**ج- هەموارکردنی دەستوور لەماوەیەکی دیاریکراو**: **ماددە (119) لەدەستووری ساڵی 1925، ڕێگەی نەدەدا بەهیچ شێوەیەك ماوەی پێنج ساڵ لەبەرواری جێبەجێکردنی دەستوورەکەوە هەموار بکرێت، کەواتە لەو ماوەیەدا ناتوانرێت ماددە سەرەکییەکان (بنچینەکان) هەموار بکرێت، هەرچی ماددە لاوەکییەکانە دەتوانرێت لەماوەی ساڵێك هەموار بکرێت (م/118).**

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین نابێ زۆر دوور برۆین لە هەڵسەنگاندنی بەهای ئەو کۆتانە، چونکە دەسەڵاتی هەموارکردنی دەستوور بۆ دەسەڵاتداران دەگەڕێتەوە، دەسەڵاتدارانیش هەر کاتێك بیانەوێت دەستوور هەموار بکەن، ئەوا ئەو دەقانە لەبەرامبەریان ناوەستێ، بۆیەشە دەسەڵاتداران ئەگەر لەسەر ئەوە پێکهاتن دەستوور هەمواربکەن، دەتوانن هەر ماددەیەك لەماددەکانی دەستوور لە هەر کاتێك بیانەوێت سەرەڕای بوونی ئەو کۆتانەی لەدەقەکانی دەستوور هاتووە هەمواری بکەن، تەنها ئەگەر ترسیان لە هێزی ڕای گشتی یا بوونی دەستەیەکی دادوەری باڵا هەبێت بە پووچەڵکردنەوەی کارە نادەستوورییەکان، ئەوا هەموارکردن بەبێ بوونی ئەو گەرەنتیانە مومکینە.

د- ئەو هەموارکردنانەی بەسەر دەستوری ساڵی 1925 داهات دەستووری ساڵی 1925 تا ڕووخانی سیستەمی پادشایەتی لەساڵی 1958 **سێ جار هەموارکرا**، هەموارکردنی یەکەم لە (29)ی تەموزی ساڵی (1925) هەشت ماددەی تیادا هەموارکرا، هەموارکردنی دووەم لە (27)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (1943) ڕوویدا ئەوەش هەموار کردنێکی فراوان بوو، هەموارکردنی سێیەمیش لەساڵی (1958) ڕوویدا لەئەنجامی جاڕدانی یەکێتی هاشمی نێوان عێراق و ئوردن بووە.

هـ= **عورفی دەستووری وەك ڕێگەیەکی هەموارکردنی دەستووری** ساڵی 1925 لەماددەی (124)ی دەستووری ساڵی 1925 هاتبوو (نەریتە دەستووریەکان کە لەو یاسایە هیچ دەقێکی لەم بارەیەوە نەهاتووە، هیچ دەقێکیش نیە ڕێگری بکات لەوەرگرتن پێی، ئەو نەریتەش لەوڵاتە دەستوورییەکان دەگیرایەبەر، دەتوانرێت وەك بنەمایەکی دەستووری لەدانیشتنێکی هاوبەش بەبڕیارێکی ئەنجومەنی ئوممە پێی وەربگرێت و جێبەجێ بکرێت). لەو دەقە بۆمان دەردەکەوێ عورفی دەستووری ڕێگەیەکی ترە بۆ هەموارکردنی دەستوور، بەڵام ئەو عورفە (نەرێتە دەستوورییەکان) پێویستە بەشێوەیەکی ڕەسمی بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەو بڕیاردانەش لەتایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی ئوممەیە کە پێویستە لەدانیشتنێکی هاوبەش (لەنێوان هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەعیان) کۆببنەوە بۆ دەنگدان بەزۆرینەیەکی سادە لەسەر ئەو عورفە هەموارکەرەی دەستوور.

## هەموارکردنی دەستووری کاتی ساڵی 1958

دەستوری (27)ی تەموزی (1958) هیچ ئاماژەیەکی بۆ چۆنیەتی ئیجرائاتی هەموارکردنی ئەو دەستوورە نەکردبوو، ئەو پرسیارەی لێرەش هاتە کایەوە ئەو لایەنە کێیە بەهەموارکرنی دەستوور هەڵدەستێ؟ لەفقهی دەستوریش لەم بارەیەوە چەند بۆ چونێك هەبوو، یەکەمیان دەیوت لەحاڵەتی بێدەنگ بوونی دەستوور دەربارەی چۆنیەتی هەموارکردنی ئەوا مانای جێگری ڕەها (پیات مگلق) دەگەیەنێ، واتە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت دەستوور هەموار بکرێت، بەڵام ئەو بۆچوونە ڕەتکرایەوە چونکە دەستوور هەڵدەستێ بەرێکخستنی پەیوەندی دیاریکراوە سیاسی یا کۆمەڵایەتی سروشتی ئەو پەیوەندیانەش لەگۆڕاندایە، بۆیە ناتوانرێت بانگەشەی جێگری ڕەهای دەستوور بکەین.

دووەمیان دەیوت بەتیۆری شێوە هاوتاکان (الٔشکال المتماپلە) وەردەگرین، واتە لەحاڵەتی بێدەنگی دەستوور لەچۆنیەتی هەموارکردنی هەمان ئەو ڕێ و شوێنە دەگرینەبەر کە بۆ دانانی گیرابووەبەر، ئەگەر ئەو تیۆرەش لەسەر دەستووری 1958 بسەپێنین، ئەوا هەموارکردنی ئەو دەستوورە پاش پەسەندکردنی لایەن ئەنجومەنی سەروەری بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەگەڕێتەوە، چونکە دانانی دەستوور بەو شێوەیە بوو، لەڕاستیدا هێزی سیاسی ئەوکات لەدەستی ئەنجومەنی وەزیران بوو. لەبەرئەوەی ئەو دەستوورەش ئاماژەی بە چۆنیەتی هەموارکردنی نەکردبوو ئەوا بە بۆچوونی ئێمە بەگوێرەی پرەنسیپە گشتیەکان بەدەستوورێکی

نەرم دادەنرێت، بەهەمان ئەو ئیجرائات و ڕێ و شوێنانەی بۆ هەموارکردنی یاسا ئاساییەکان دەگیرێنەبەر هەموار دەکرێت.
جێگەی ئاماژە پێکردنیشە دەستووری (27)ی تەموزی (1958)ی کاتی لەماوەی کارپێکردنی هیچ هەموارکردنێکی بەسەردانەهات، چونکە هیچ پێویست بە هەموارکردنی ئەو دەستوورە نەدەکرا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو دەستوورە بەشێوەیەکی کردەوەیی (فعلی) لەماوەی قۆناغی کۆماری یەکەم (1958 – 1963) لەکارکەوتبوو، دەسەڵاتەکان بەگوێرەی حوکمەکانی ئەو دەستوورە مومارەسەنەکران، بەڵکو بەگوێرەی ئیرادەی دەسەڵاتداران مومارەسەکرا، ئەوەش بە سروشتی خۆی بووە هۆی ئەوەی پێویست بەهەموارکردنی نەکرێت و لەگەڵ شێوازی مومارەسەی دەسەڵاتی بگونجێ.

## هەموارکردنی دەستووری کاتی ساڵی 1963

دەستووری کاتی ساڵی 1963 بەهەمان شێوەی دەستووری کاتی ساڵی 1958 هیچ دەقێکی تێدا نەبوو ئاماژەی بە چۆنیەتی هەموارکردنی بکات، ئەو دەستوورەش لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو، هەموو شتێکیش تا ڕادەیەکی زۆر دەلالەت لەوە دەکات لە دروستکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕشە، چونکە ئەو ئەنجومەنە دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتبوو، هەر ئەو ئەنجومەنەش بەگوێرەی (بەیانی مارە15) خاوەن (دەسەڵاتی باڵا) بوو، بۆیەشە بەگوێرەی تیۆری (شێوە هاوتاکان) مەسەلەی هەموارکردنی دەستوور بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەگەڕێتەوە.
بەڵام (د. منذر الشاوی) وای دەبینی دەستووری 4ی نیسانی 1963 بەهەمان ڕێگەی هەموارکردنی یاسا ئاساییەکان هەمواردەکرێت، واتە بەهۆی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی کۆمار.
کەچی (د. رعد ناجی الجده) وای دەبینێ پرۆسەی هەموارکردنی ئەو دەستوورە تەنها بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەگەڕێنەوە، چونکە ئەو خاوەنی دەسەڵاتی دەرکردنی دەستوور و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەبوو.
کەواتە دەتوانین بڵێین دەستووری کاتی ساڵی (1963) لەجۆری دەستوورە نەرمەکان بوو، پێویستی بە ڕێ و شوێنی ئاڵۆز نەدەکرد بۆ ئەنجامدانی هەموارکردنی هەر دەقێك لەدەقەکان. جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەو دەستوورە لەماوەی کارپێکردنی هیچ هەموارکردنێکی بەسەردانەهات.

## هەموارکردنی دەستووری کاتی ساڵی (1964)

دەستوری کاتی ساڵی (1964)یش هیچ دەقێکی تێدا نەبوو ئاماژە بۆ چوونیەتی هەموارکردنی بکات. ئەگەر تیۆری (شێوە هاوتاکان) جێبەجێکەین، ئەوا مەسەلەی هەموارکردنی دەستووری کۆماری سێیەم بۆ ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی کۆمار دەگەڕێتەوە، چونکە بەو شێوەیە دەرچوو، هەرواش بوو لەکاتی ئەنجامدانی ئەم هەموارکردنانەی بەسەر ئەو دەستوورەدا هات، بەڵام ئەوە پێچەوانەی واقیعە، چونکە ئەو هێزە سیاسیەی دەستی بەسەر دەسەڵات گرتبوو لەکۆماری سێیەم سەرۆکی کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش بووە.

ئەو دەستورەش لەماوەی کارکردنی دووجار هەموارکرا، جاری یەکەم لە (14)ی کانوونی یەکەمی (1964)، ئەو هەموارکردنەش دەقی مادده (63)ی دەستووری هەموارکرد بەشێوەیەك ئەو دەقە واتە دەقی مادده (63) دەسەڵاتی یاسادانانی بەئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجومەنی وەزیران بەخشیبوو، هەموارکرا بە بەخشینی دەسەڵاتی یاسادانان بەئەنجومەنی شورا، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموارکردنە، ئەو دەقە هەموارکراوە فەرامۆشکراو کارپێنەکرا.
هەموارکردنی دووەم لە (8)ی ئەیلولی 1965 بوو، ئەو هەموارکردنەش (12)دوانزە ماددەی گرتەوە، ئامانجی ئەو هەموارکردنەش هەروەك (د.منۆر الشاوی): دیاریکردووە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، هەروەها ئامانجی هێنانەکایەی پرنسیپی یەکسانی تەواو بوو لەنێوان هەموو هاوڵاتیان، هەر بۆیەش مادده (19)ی تایبەت بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد داڕێژرایەوە، هەروەها مادده (72 ، 41) کە ڕێگەی نەدەدا بەوانەی ژنی بیانیان هەیە پۆستی وەزارەت و سەرۆکی وەزیران یا سەرۆکی کۆمار بگرنە ئەستۆ لادرا.

## هەموارکردنی دەستوری کاتی ساڵی 1968

ئەو دەستوورە لەمادده (92) ئاماژەی بەچۆنیەتی هەموارکردنی دەستورەکە کردبوو، لەو ماددەیەدا هاتبوو (ئەو دەستوورە لەکارکردن بەردەوام دەبێت، تا دەستووری هەمیشەیی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی دادەندرێت و دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەمواریش ناکرێت تەنها ئەگەر پێویستی کرد، ئەویش لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەنجامدەدرێت).
سەرەڕای ئەوەی دەستوری ساڵی (1968) ئەو لایەنەی دیاریکردبوو کە بەئەنجامدانی هەموارکردن هەڵدەستێ، بەڵام ئەو ڕێ و شوێنەی دیاری نەکردبوو بۆ هەموارکردن دەگیرێتەبەر، هەروەها ڕێژەی دەنگی پێویستیشی دیاری نەکردبوو لەنێو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەنجامدانی هەموارکردنەکە.
ئەو دەستوورەش لەماوەی کارکردنی چوارجار هەموارکرا، هەموارکردنی یەکەم لە (12)ی ئاداری ساڵی (1969)بوو، هەموارکردنی دووەم ساڵی (1969) بوو، هەموارکردنی سێیەم لە (10)ی تشرینی دووەمی ساڵی (1969)بوو، هەموارکردنی چوارەم و کۆتایی لە (24)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (1969)بوو.

## هەموارکردنی دەستوری کاتی ساڵی (1975)

لە دەقی مادده(66) برگەی (ب) هاتووە (ئەو دەستوورە هەموار ناکرێت) تەنها بەبڕیارێك لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەزۆرینەی سێ بەشی ژمارەی ئەندامانی). کەواتە هەموارکردنی ئەو دەستورە بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە سپاردبوو، بەو پێیەی باڵاترین دەسەڵات بوو، لەهەمان کاتدا ئەو لایەنەش بوو کە خودی دەستوورەکەی دەرکردبوو.
سەرەڕای ئەوەی ئەو ماددەیە زۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی دانابوو بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر هەر هەموارکردنێك بەڵام هەروەك ڕوونە بەدەستهێنانی ئەو ڕێژەیە لەژێر ڕۆشنایی حوکمێکی دیکتاتۆری وەك حوکمی ڕژێمی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە زۆر ئاسان بوو. ئەو دەستوورەش لەڕۆژی دەرچوونیەوە تاکو دەگاتە ساڵی (2000) (25)جار هەموارکرا.

## هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی (2005)

لەماددەی یەکەمی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (2005) هاتووە (کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکێتی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواوە،.....) لەو ماددەیە بۆمان دەردەکەوێت، دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی ئاوێتەیە و سیستەمەکەی سیستەمێکی فیدراڵیە.

یەکێك لە خاسیەتەکانی سیستەمی فیدراڵی ئەوە دەستورەکەی نەگۆڕە، چونکە دەستووری فیدراڵی هەڵدەستێت بە دەستنیشان کردنی دەسەڵاتەکانی هەر یەکێك لەحکومەتی یەکگرتوو و حکومەتەکانی دەوڵەتە ئەندامەکان، دەرفەت ڕەخساندن بۆ هەموارکردنی ئەو دەستوورە بەرێچکە ئاساییەکان کەوا زۆربەی دەوڵەتە یەکبووەکان کاری پێدەکەن، لەوانەیە دەسەڵات و سەربەخۆیی دەوڵەتە ئەندامەکان بخاتە بەر لەرزۆکی و مەترسییەکی خەتەرناك، هەروەها دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی قەبارەکەیان، بۆ ڕێگەگرتن لەو مەترسیانە دەبێت کە دەستووری وڵات لە ئاستێکی نەگۆڕی و سەقامگیری بێت، ئەوەش بەوە جێ بەجێ دەبێت کە دەسەلاتی هەموارکردن بەشێوەیەکی تاکڕەوی و سەربەخۆ نەدرێتە حکومەتی یەکگرتوو یاخود حکومەتەکانی دەوڵەتە ئەندامەکان.

ڕێ و شوێنی هەموارکردنی دەستوری دەوڵەتە فیدڕالییەکان لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە. لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکان بەشداری لەهەموارکردنی دەستوری ویلایەتەکان دەکەن، بەجۆرێك بەگوێرەی دەقەکانی دەستووری ئەمریکی پێویستە ڕەزامەندی لەسەر پێشنیاری هەموارکردنەکە بدرێت لەلایەن سێ لەسەر چواری ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکان، هەرچی دەستووری سویسرا وئوستڕالیایە دان بە بەرژوەندی ویلایەتەکان دەنێن لەقۆناغی پەسەندکردنی هەموارکردن، بەجۆرێك پێویستە هەموارکردنە پێشنیازکراوەکان ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەرانی ویلایەتەکان و ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەرانی هەموو وڵات بەدەست بێنێت.

دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (2005) ڕێ و شوێنی هەموارکردنی بەسێ قۆناغ دیاریکردووە:

1- **قۆناغی پێشنیازکردن**: بۆ سەرۆکی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران بەیەکەوە، یاخود (1/5)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن.

2- **قۆناغی بڕیاردان لەسەر مەبدەئی هەموارکردن**: پێویستە سێ بەشی هەموارکردنەکە بکەن، گەلیش لەڕێگەی ڕیفراندۆمی گشتی، ڕەزامەندی خۆی لەسەر بدات.

3- **قۆناغی پەسەندکردن**: پێویستە لەسەر سەرۆك کۆمار لەماوەی (7) ڕۆژ هەموارکردنەکە پەسەند بکات، دەستووری هەمیشەیی مافی گازاندەی بەسەرۆك کۆمار نەداوە لەبەرامبەر هەموارکردنەکە، بۆیەش ئەگەر ئەو (7)ڕۆژە تێپەڕی بێ ئەوەی پەسەندی بکات ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموارکردنەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت.

هەرچی سەبارەت بەو هەموارکردنانەیە کە پەیوەندی بەتایبەتکاری (صلاحیات)ی هەرێمەکان هەیە، ئەو تایەتکارییانەی ناچێتە نێو تایبەتکارییە دیاریکراوەکانی دەسەڵاتی یەکێتی، ئەوا ناتوانرێت هەموار بکرێت تەنها پاش ڕەزامەندیدان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەڕێگەی ڕیفراندۆمی گشتی.

کۆتایی هاتنی دەستوری نوسراو

هەندێ جار یاسادانەری دەستوری هەڵدەستێ بەهێنانی دەقێك لەنێو دەستور بەوەی ئاماژە دەكات دەستورەكە بەشێوەیەكی كاتی دەرچووە، چونكە ئەو دەستوورەیان بۆ پڕكردنەوەی بۆ شاییەكی دەستوری دێتە كایەوە، یا ئەوەتا ناتوانێ ڕووبەڕووی پێشهاتە و گۆڕانكارییە نوێیەكان ببێتەوە، بۆیەش ئەو دەستورە بۆ ماوەیەكی زەمەنی دیاریكراو دەمێنێتەوە، ئەوەش بووە هۆی دابەشكردنی دەستورەكان بۆ دەستوری كاتی و دەستوری هەمیشەیی.

**یەكەم/ كۆتایی هاتنی دەستورە كاتیەكان:**

**كاتێك دەڵێین دەستور سیفەتی هەمیشەیی هەیە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك مانای ئەوە ناگەیەنێت ئەو دەستورە بۆ هەتاهەیە دەمێنێتەوە.**

ئەگەر بڵێین دەستور هەمیشەییە ئەوا دەستدرێژیكردنە بۆ سەر مافی دەسەڵاتی دامەزرێنەری بنچینەیی لەهەڵبژاردنی سیفەتی سیاسی، بۆیەش **زاراوەی (هەمیشەیی) تەنها ئاماژەیەكە بۆ دیارینەكردنی ماوەیەكی زەمەنی دیاریكراو بۆ بەردەوامی جێبەجێكردنی دەستور**، جەخت كردنەوەشە لەسەر ئارامی بارودۆخ لەوڵات، ئەوەش ڕێگە بەبەردەوامی سیستەمی سیاسی بڕیاردراو لە دەستور دەدات، تا ئەوكاتەی دڵنیا دەبێت لە پێویستی گۆڕینەوەی بەدەستورێكی تر، بۆیەشە دەستور لەهەموو حاڵەتێكدا كاتیە، تا كاتی كۆتایی هاتنی بۆ كۆتایی پێهێنانی .

**دەستوری كاتیش لەدایكبووی بارودۆخێكی نائاساییە یا كاتییە، مۆركی بەردەوامی و جێگیری پێیە، وەكو سەرهەڵدانی شۆڕش یا ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەیەكی نێودەوڵەتی لەناكا و یا جەنگ.**

**لەوانەشە یاسادانەری دەستوری هەست بە پێویستی كاتی كردنی ماوەی جێبەجێكردنی دەستور بكات بۆ ماوەیەكی زەمەنی دیاریكراو**، لەو حاڵەتەش دەستورەكە وا وەسف دەكرێت كە كاتیە، واش دادەنرێت ئامادەكردنی دانانی دەستوری هەمیشەیی پێش كۆتایی هاتنی ماوەی كاتی دەستورەكە بەماوەیەكی مەعقول تەواوبێت، تا پێش كۆتایی هاتنی كاتی دەستورەكە یا لەگەڵ كۆتایی هاتنی بچێتە بواری جێبەجێكردنەوە .

**هەندێ جاریش سیفەتی كاتی جێبەجێكردنی دەستوری بەڕووداوێكی (واقعە) دیاریكراو دەبەسترێتەوە**، نەوەك بەماوەیەكی زەمەنی دیاریكراو، بەجۆرێك دەستوری كاتی لەكاركردن دەوەستێ بەهاتنەدی ئەو ڕووداوە دیاریكراوە، زۆربەی جاریش ئەو ڕووداوە خۆی دەنوێنێ لە بڕیاردنی دەستورێكی نوێی هەمیشەیی .

**عێراقیش لەدوای ڕووخانی سیستەمی پادشایەتی دەستوری هەمیشەیی بەخۆیەوە نەدی تا دەگاتە دانانی دەستوری هەمیشەیی ساڵی (2005)**، هیچ یەكێكیش لەدەستورە كاتیەكانی عێراق كاركردنی یا ماوەی زەمەنی كارپێكردنیانی دیاری نەكردبوو , ئەوەی باوە لەهەندێك دەستوری كاتی، بۆ نموونە دەستوری كاتی ساڵی (1971)ی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی ماوەی كاتی كارپێكردنی دەستورەكەی بە پێنج ساڵ دیاریكردبوو.

**دیاری نەكردنی ماوەی زەمەنی دەستوری كاتی جۆرێكە لەفێڵی (مخادعە) سیاسی و چەواشەكردنی ڕای گشتی**، لەڕاستیدا مەبەست لەدیارینەكردنی ماوەی زەمەنی دەستوری كاتی، پەكخستنی دەزگا دەستورییەكانی ترە و دەستبەسەرداگرتنی یەك دەسەڵاتە (خۆی دەنوێنێ لە تاكێك یان كۆمەڵەیەك) بەسەر هەموو دام و دەزگاكانی دەوڵەت.

بۆ نموونە دەستوری ساڵی (1970)ی كاتی عێراق وای كردبوو یەكە دەسەڵات (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش) یاخود بەشێوەیەكی ڕوونتر (سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش) دەست بەسەرهەموو چالاكییە جۆراوجۆرەكانی دەوڵەت دابگرێت.

**دەستورە كاتیەكانیش سیفەتە گشتیەكانیان لەدوو مەسەلەی جەوهەری خۆی دەنوێنێ:**

1- **ئەو دەستورانە مۆرکی (کاتی)یان هەیە**، بەهۆی بارودۆخی گواستنەوەی ناجێگیر، بۆیەشە بەدەستوری کاتی وەردەگیرێت، بۆئەوەی لەو بارودۆخە ناجێگیرە کاری پێبکرێت، تا ڕەزامەندی ڕاشکاوانەی گەل لەسەر دەستوری هەمیشەیی وەردەگرێت.

2- **زۆربەی دەستورە کاتیەکان مۆرکی ئەوەیان هەیە لەگەڵ ئەنجامدانی شۆڕش یا کودەتا دەردەچن** ئەو دەستورەکاتیانەش هەندێك ماددەی دەستوری لەخۆ دەگرن جەخت لەسەر دەستکەوتەکانی شۆڕەش دەکاتەوە.

زۆربەی جار کاتێك شۆڕش سەردەکەوێت، ئامانج و بەهاو ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕان زۆر جیاوازە لەدەسەڵاتدارانی پێشوتر، ئەوەش وادەخوازێت کار بەدەستوری پێشوو نەکرێت، لێرەشدا بۆشایەکی دەستوری دروست دەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنا بۆ دەستوری کاتی دەبردرێت، تا حکومەتی نوێ و دەسەڵاتدارانی نوێ بەتەواوی دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن و جێگیردەبن و بارودۆخ ئارام دەبێت، ئینجا ئەو دەستورە کاتییە هەڵدەوەشێتەوە و لەشوێنی ئەو دەستورێکی هەمیشەیی دادەنرێت کە لەگەڵ بارودۆخی نوێی وڵات بگونجێت.

شۆڕش تەنها مافی هەڵبژاردنی شێوەی سیستەمی حوکم بەگەل نابەخشێ، بەڵکو کار بۆ دۆزینەوەی حکومەتێك دەکات پارێزگاری لەمافی گەل و ئازادییە سروشتیەکانیان بکات و ئاستی بەرزبکاتەوە چونکە دیموکراتی ڕاستەقینە و تەواو ئەو دیموکراتییە کە وەڵامدەری پێشکەوتنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لەوڵات.

**دووەم/ کۆتایی هاتنی دەستورە هەمیشەییەکان:**

مەبەست لە دەستوری هەمیشەیی، ئەم دەستورەیەکە یاسا دانەری دەستوری ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ جێبەجێگردنی دیاری نەکردووە یا نەیبەستۆتەوە بەڕوودانی ڕووداوێك (واقعە) تا ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی، بەم شێوەیە ئەو دەستورە لەئارادا دەمێنێتەوە، چونکە دەسەڵاتی دامەزرێنەری بڕیارە هەڵوەشانەوە و جێگرتنەوەی بەدەستورێکی تر نەدراوە، ئەو دەسەڵاتەش واتە دەسەڵاتی دامەزرێنەر پەنا بۆ هەڵوەشانەوە و جێگرتنەوەی بەدەستورێکی تر نابات، مادام حوکمەکان پرەنسیپەکانی دەستور لەگەڵ بارودۆخەکە دەگونجێ، نەمیەکەشی لەشیکردنەوە ڕێگەی پێدەدات بەجێبەجێکردنی لەسەر هەموو بارودۆخ و پێشکەوتنانەی بەسەر کۆمەڵکدا دێت، بەڵام ئەگەر ئەو حوکم و پرنسیپانە بەشێوەیەکی گشتی لەلای کۆمەڵگا مایەی قبول نەبوو، لێرەدا کاتی هەموارکردنی ڕەگ و ڕیشەیی دێتە ئاراوە، هەتا ئەگەر دەستورەکە بەشێوەیەکی فەرمیش (رسمی) بەسیفەتی هەمیشەیی ناودەبرا .

بۆیەشە بابەت و سیفەتی هەمیشەیی دەستور بەپێشهات و گۆڕانکارییەکان بەستراوەتەوە ئەو دەستوورەش لەگەڵ کات و بارودۆخی دەوروبەری کارلێك دەکات، ئاراستەی بنەما دەستورییەکان و شێوەی داڕشتنی لەسەر ئەو بنەمایە دیاریدەکرێت.

بەمەش دانانی دەستوری هەمیشەیی بۆ وڵات پێویستی بە دیاریکردنی ئەو بنچینە و بنەمایانەی کە پەیوەندارن بەدەسەڵات و دیاریکردنی دەسەڵات و دیاریکردنی سروشتی ئەو دەزگایانەی لەئارادانە، بەجۆرێك دەستوری هەمیشەیی بۆ ئەنجامدانی وەزیفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە و لەگەڵ سروشتی هێزە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی لەئارادایە دەگونجێ، زۆر ئەستەمیشە بتوانرێت بەئاسانی دەزگا سیاسییەکان دیاریبکرێت. بەدرێژایی مێژووی دەستوری عێراقیش تاکو ئێستا دوو دەستوری هەمیشەیی لەعێراق جێبەجێکراوە، یەکەمەکەیان یاسای بنەڕەتی ساڵی (1925)بوو، بەشۆڕشی ساڵی (1958)کۆتایی پێهات، ئەویتریان دەستوری هەمیشەیی ساڵی (2005)ی ئێستایە، ئەگەرچی پێش ئەو دەستورەش هەواڵێك هەبوو بۆ دانانی دەستورێکی هەمیشەیی، ئەوەبوو لەساڵی (1990) داڕشتنی ڕەشنووسی پڕۆژەی دەستورێکی هەمیشەیی

ئەنجامدرا، بەڵام بەهۆی شەڕی کەنداو ڕووداوە سیاسیەکانی ئەوکات ئەو بارودۆخەی عێراق پێیدا تێپەڕی ئەو پڕۆژەیە ڕووناکی نەدیت.

**لەڕاستیدا ئەوەی دەستوری کاتی و دەستوری هەمیشەیی لەیەکتری جیادەکاتەوە، شێوازی دانانیانە**، جیاوازی جەوهەری یاخود بابەتی لەنێوان دەستوری کاتی و هەمیشەیی نیە، چونکە هەردووکیان لەهەمان ئەو بابەتانە دەدوێن کە پەیوەندارن بە سیستەمی حوکم لەدەوڵەت و دیاریکردنی دەسەڵاتە گشتیەکان و تایبەتکاری هەر یەکەیان و پەیوەندی نێوانیان و دیاریکردنی مایەی تاك، لەبەرامبەری ئەو دەسەڵاتانە، هەروەها دیاریکردنی ماف و ئازادییەکانی لەبەرامبەریشدا دیاریکردنی ئەرك و ئیلتزامەکانی.

دەستوری کاتی بەشێوازێك لەشێوازەکانی دانانی دەستورە هەمیشەییەکان دانانرێت وەکو شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەری یا ڕێگەی ڕیفراندۆمی میللی، بەڵام دەستوری هەمیشەیی بەگوێرەی پرەنسیپی دیموکراتی پێویستە بەڕێگەی میللی دەربچێت بۆیەشە ناتوانین بڵێین دەستورێکی هەمیشەیی هەیە لەدەوڵەتێکی دیموکراتی، مادام ئەو دەستورە بەڕێگەیەکی میللی دەرنەچووە لەڕووی بابەتەکانیانەوە هیچ جیاوازییەکی جێگیر لەنێوان دەستوری کاتی و دەستوری هەمیشەیی نییە، ئەگەری چی لەڕووی شێوازی دانانەوە لەیەکتری جیاوازن.

**بەڵام جیاوازی لەشێوازی دانانی ئەو دەستورانە لەفەرامۆش دەکات کە بەشێوازی نادیموکراتی (بەخشین، گرێبەست) دانراون**، ئەو جۆرە دەستورانەش زۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین هەموویان کاتین، وەکو دەستوری کوێتی ساڵی (1961) کە بەڕێگەی گرێبەست دانراوە و تا ئێستاش کاری پێدەکرێت.

لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین و دانانی دەستوری هەمیشەیی وادەخوازێت دەوڵەت لەبارودۆخێکی ئارام و جێگیردابێت لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، تاکو بواری هەموارکردنی دەستوور بەرتەسك بکرێتەوە چونکە بوونی هەر ناسەقامگیریەك لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی یا ئابووری دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك لەنێوان واقعی دەوڵەت و دەستوری، لێرەشدا پێویستی هەموارکردنی دەستوری دێتە پێشەوە، بۆیەشە دەبینین ئەو وڵاتانەی سەقامگیرن لەبواری جیاجیاکان دوای چەندین ساڵ بگرە دەوڵەتی وا هەیە زیاتر لەسەدەیەکیش هێشتا دەستورەکەی بەهەموارکردنێکی کەمەوە لەئارادایە.

## شێوازەکانی کۆتایی هاتنی دەستور

مەبەست لە کۆتایی هاتنی دەستور هەموارکردنی تەواو (شامل – کلی) دەستورە بەئامانجی ڕزگاربوونی کۆتایی لەو بارودۆخە دەستورییە لەوڵات باوە، ئەویش لەئەنجامی نەگونجانی دەستورە لەگەڵ ئەو بارودۆخ و پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵگا بەخۆیانەوە دەبینێ . هەروەك پێشتر بینیمان هەموارکردنی دەستور ئامرازێکە لەو ئامرازانەی بۆ دۆزینەوە گونجانێك لەنێوان بارودۆخی دەوڵەت و دەقە دەستورییەکان بەکاردێت، بەڵام هەندێك جار بارودۆخێکی گەورەی لەوڵات دێتە ئاراوە، لەتوانای هەموارکردنی بەشێکی دەستوور نییە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێیە بگونجێت، ئەو بارودۆخەش بەشێوەیەکە کە بۆشایی نێوان دەقی دەستوری واقیعی فیعلی و پراکتیکی زۆر فراوان دەکات بەمەش بەهەموارکردنی بەشێکی

دەستور ناتوانرێت گونجانێك لەنێوان بارودۆخی دەوڵەت و دەستورەکە بێتەدی، بۆیەشە پێویستی کۆتایی هێنان بەکاکردن بەو دەستوورە و هەڵوەشاندنەوەی بەشێوەیەکی تەواو و جێگرتنەوەی بەدەستورێکی نوێ دێتە پێشەوە.

ئەگەرچی دەستورەکان واباون دەقیان تێدا باس لە چۆنیەتی هەموارکردن دەکات، ئەو دەسەلاتەش دیاریدەکات هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی هەموارکردنی بەشێکی دەستور هەروەها باس لەئیجرائاتەش دەکات کە پێویستە بۆ هەموارکردن بیگرێتەبەر، بەلام تێبینی دەکرێت زۆربەی دەستورەکان ئاماژە بە چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دەستور نادەن .

بەشێوەیەکی گشتی تێبینی دەکرێت کۆتایی هاتنی دەستور بەدوو شێوە دەبێت.

یەکەم/ شێوازی ئاسایی کۆتایی هاتنی دەستور.

دووەم/ شێوازی نائاسایی (شێوازی شۆرش) کۆتایی هاتنی دەستور.

**قۆناغی یەکەم/ شێوازی ئاسایی (فەرمی) کۆتایی هاتنی دەستوور:**

**مەبەست لە شێوازی ئاسایی کۆتایی هاتنی دەستوور کۆتایی هاتنی دەستورە بەشێوەیەکی فەرمی و دانانی دەستورێکی نوێ لەجێگەیدا.** بەشێوەیەك بگونجێت پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکاندا لەکۆمەڵگەی ڕامیاریدا (16)، بەواتایەکی دیکە شێوازێکی ئاسایی بۆ کۆتایی هاتنی دەستورە واتە کۆتایی هاتنی دەستورە و کۆتایی هێنان بەکارپێکردنی بەهێمنی و بێ بەکارهێنانی توندوتیژی دانانی دەستورێکی نوێ لەجێگەیدا .

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم بابەتە پرسیارێکی ئەوتۆ ناوروژێنێت بەنسبەت دەستور بگۆڕەوە (دەستوری مرن) لەبەرئەوەی هەموارکردنەوەی هەر ڕێسایەکی دەستوری بەهەمان ئەو ڕێوشوێنە ئەنجامدەدرێت کە دەگرێتەبەر بۆ هەموارکردنی ڕێسا ئاساییەکان لەلایەن هەمان ئەو دەسەلاتەوە کە ڕێسا ئاساییەکان هەمواردەکاتەوە و هەڵیان دەوەشێنێتەوە باشترین نموونەش بۆ دەستوری بگۆڕ دەستوری ئینگلیزی کە ڕێسا دەستورییەکان بەگرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانە هەمواردەکرێنەوە و هەڵدەوەشێنەوە کە دەگرێنەبەر بۆ هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ڕێسا ئاساییەکان و لەلایەن هەمان دەسەلاتەوە هەروەها ڕێسا دەستورییە دابییەکانیش (عورفی) هەمواردەکرێنەوە هەڵدەوەشێنەوە بەدروستبوونی ڕێسا دەستورییە دابییەکان هەمواردەکرێنەوە هەڵدەوەشێنەوە بەهەمان ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرێنەبەر بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان (قواعد عادیە).

بەلام دەستوری نەگۆڕ چی بۆ هەموارکردنەوەی بەشێکی ئەو دەستورەیان هەمووی ڕێوشوێنی جیاواز دەگرێتەبەر لەو ڕێوشوێنانەی کە دەگرێنەبەر بۆ هەموارکردنەوە و هەڵوەشانەوەی یاسا ئاساییەکان.

لەدەستوری نەگۆڕدا زۆرجار باسی هەموارکردنەوەی دەقەکانی دەستور دەکرێت واتە باسی هەموارکردنەوەی بەشێك لەدەستوور دەکرێت بەلام بەدەگمەن دەستوور هەیە باسی هەموارکردنەوەی خۆی کرابێت بەشێوەیەکی گشتی، واتە کاتێك دەستورێکی هەمیشەیی بێت بۆیە بیر لەچۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی ناکرێت .

بەهەر حاڵ ئەگەر دەستور شێوازی هەڵوەشاندنەوەی کە خۆی دیاریکردوە، یەکێك لەنموونە دەگمەنەکانی ئەم حاڵەتەش دەستوری فەڕەنسایە بۆ ساڵی (1875)کە تیایدا ئەو دەستەیە (هیئە) دیاریکرابوو کە دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی دەستووری پێ سپێردرابوو، هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەشی دیاریکردبوو کە پێویست بوو بگرێنەبەر بۆ هەموارکردنەوەی ئەو دەستوورە بەلام وەك ئاماژەم پێکرد بە دەگمەن لەدەستووردا باسی هەڵوەشاندنەوەی دەستوور دەکرێت.

ئایا دەستوری نەگۆڕ چۆن هەڵدەوەشێتەوە بەشێوەی ئاسایی وفەرمی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە دەکات پرسیارێکی دیکە بکەین: ئایا ئەو دەستەیەی هەموارکردنەوەی بەشێکی دەستووری پێ سپێردراوە دەتوانێت هەموو دەستوور هەڵوەشێنێتەوە؟

زۆربەی بیرمەندان لەبواری یاسایی دەستووریدا دەڵێن: ئەو دەستەی مافی هەموارکردنەوەی بەشێکی هەیە لەدەستوور دەسەڵاتی ئەوەی نی یە هەمووی دەستور هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو دەستەیەی هەموارکردنەوەی دەستوری پێ سپێردراوە دامەزراوێکە وەکو دامەزراوەکانی دیکە، مافی ئەوەی نیە دەستور هەڵبوەشێنێتەوە یان تەنانەت دەستکاری چەمکی بنەڕەتییەکەی بکات، ئەگینا لەدەسەڵاتی خۆی لادەدات و خۆی دەکاتە دەسەڵاتێکی أصلی، لەکاتێکدا ئەو دەستەیە دەسەڵاتێکی دامەزراوەیە دەسەڵاتی ئەسڵی مافی کۆتا هاتنی دەستوری هەیە.

ئەوەی ڕاستی بێت هەڵوەشاندنەوەی دەستور لەسیستەمی دیکتاتۆریدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو دەسەڵاتەی دایناوە، ئەگەر دەستوور بەشێوەی بەخشین (منحە) یان گرێبەست (تعاقد)دانرابێت ئەوە کۆتایهاتنی دەکەوێتە دەستی دەسەڵاتی حوکمڕانی بەتەنها یان دەکەوێتە دەستی حوکمڕانی و گەل .

بەڵام لەسیستەمی دیموکراتی دا دەستور لەلایەن گەلەوە دادەمەزرێت، چی لەڕێگای کۆمەڵەی دامەزرێنەرەوە بێت (جمعیە تأسیسیە)یان لەڕێگای ڕیفراندۆمی دەستورییەوە بێت یان تێکەڵکردنی هەردوو ڕێگاکە ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی دەستورییە لەڕێگای گەلەوە دەبێت بە گرتنەبەری یەکێك لەو ڕێگایانە نکۆڵی لەوەش ناکرێت کاتی وا هەیە دەستور لەسیستەمێکی دیکتاتۆریدا بەشێوەی بەخشین (منحە) یان گرێبەست (تعاقد) دەردەچێت، بەڵام کۆتایی هاتنی دەکەوێتە دەستی گەل پاش ئەوەی سیستەمی دیموکراتی وەك و دیکتاتۆر دێتە ئاراوە و گەلْ لەڕێگای کۆمەڵەیەکی هەڵبژاردراووەوە یان لەڕێگای ڕیفراندۆمەوە دەستورێکی تازە دادەنێن و دەستورە کۆنەکە بەشێوەی بەخشین یان گرێبەستی بونیادنراوە کۆتایی پێ دێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەربارەی ئەم بابەتە، دەتوانین بڵێین کاتێك دەستورێکی تازە دادەنرێت دەستورە کۆنەکە هەڵدەوەشێتەوە لەبەرئەوەی نابێت لەدەوڵەتدا لەهەمان کاتدا دوو دەستور هەبێت، ئیتر ئەگەر سیستەمی ڕامیاری دیکتاتۆری بوو ئەوە ئەو دەسەڵاتەی دەستورە تازەکە دادەنێت بەشێوەی بەخشین یان گرێبەست، دەستورەکە هەڵدەوەشێنێتەوە یان سیستەمی دیموکراتی دێتەکایەوە گەل دەستورێکی تازە دادەنێت و ئەو دەستورە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بەشێوەی بەخشین یان گرێبەست هاتووتەکایەوە.

**لەسیستەمی دیموکراتیدا، گەل کاتێك دەستورێکی تازە دادەنێت، ئەو دەستورە کۆنەکە هەڵدەوەشێتەوە.** ئەگەر ئەم بابەتە زیاتر ورد بکەینەوە **کاتێك دەستورێکی تازە دادەنرێت ئەوا گوزارشت لە گۆڕان لەتەرازووی هێز دەکات لەکۆمەڵگەی ڕامیاریدا،** لەکۆمەڵگەی ڕامیاریدا هەر بیرێکی ڕامیاری یان هەر تەوژمێکی ڕامیاری قورسایی تایبەت بەخۆی هەیە بەرامبەر ئەوانی دیکە، هەریەك لەو بیر و تەوژمە ڕامیارییانە نوینەرایەتی بەرژەوەندی گروپێك دەکات لەکۆمەڵگادا دەستوری تازە دێت وەکو ئاوێنەیەك ڕاستی هێز و توانای ئەو بیرو بەرژوەندییە جیاوازانە دەردەخات، هەر گروپێکی ڕامیاری بەگوێرەی کێشی خۆی.

**ئەمە کاتێك دەستوری تازە دادەنرێت لەوەیە تێیدا بەئاشکرا ئاماژە بە کۆتایی هاتنی دەستورە کۆنەکە دەکرێت، بەڵام زۆرجار دەستوری نوێ ئاماژە بەکۆتایی هاتنی دەستورە کۆنەکە ناکات،** بەڵام ناوەڕۆکی دەستورە تازەکە خۆی لەخۆی دەستورە کۆنەکە کۆتایی پێ دێت، ئەوەش کاتێك ڕوودەدات ئەگەر دەستورە نوێیەکە حوکم و پرنسیپی نوێ لەخۆی بگرێت جیاوازبێت لەو حوکم و پرنسیپانەی دەستورە کۆنەکە لەسەری بونیادنراوە، یان دەستورە نوێیەکە هەموو ئەو بابەتانەی ڕێکخستبێت کە دەستورە کۆنەکە ڕێکیخستووە.

**قۆناغی دووەم/ شێوازی نائاسایی بۆ کۆتایی هاتنی دەستور:**

**کاتێك لە دەوڵەتدا بارودۆخ نائاسایی بێت و دەسەلاَت لەخەڵك جیا ببێتەوە** و دەستور لەگەڵ ڕەوشی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا نەگونجێت و بواری یاسایی و دەستوری نەبێت بۆ گۆڕینی دەسەلاَت و دەستوور ئەوە گەل پەنا دەباتە بەر شۆڕش بۆ گۆڕینی دەسەلات و دەستوور، واتە پەنا دەبرێتە بەر توندوتیژی و یاخیبون نەك ڕێگا یاسایی و دەستوری بۆ گۆڕینی دەسەلاَتی لەئارادابوو و دەستوور.

**شۆڕش بزاڤێکی جەماوەرییە** بۆ ڕووخاندنی دەسەلاَتێك و سیستەمێك بۆ هێنانەکایەوەی دەسەلاَتێك و سیستەمێکی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ هەر لەم دوو خاڵەشدا لەکودەتا جیا دەکرێتەوە، کە ئەویش شێوازێکی نائاساییە بۆ کۆتایی هاتنی دەستور، کودەتا لەلایەن گەلەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو لەلایەن گروپێکەوە کە زۆرجار ئەو گروپە بەشێکە لەدەسەلاَتی لەئارادابوو هەروەها ئامانجی کودەتا گۆڕینی دەسەلاَت بەدەستەکانە نەوەك سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەدەوڵەتدا.

بەلاَم زۆربەی بیرمەندان پێیان وایە، جیاوازی جەوهەری لەنێوان شۆڕش و کودەتا ئەو سەرچاوەیە نیە کە بەشۆڕش یان کودەتا هەڵدەستێت، بەڵکو ئەو ئامانجەیە کە لەپێناویدا بزاڤێکی لەو جۆرە دەکرێت، واتە ئامانجی ئەو بزاڤەی کە دەسەلاَت دەروخێنێت و دەسەلاَتێکی نوێ دێنێتە کایەوە، ئەگەر ئەو بزاڤە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو لەدەوڵەتدا بەدی هێنانی سیستەمێکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەوا ئەو بزاڤە شۆڕشە، بەلاَم ئەگەر بزاڤەکە ئامانجی گۆڕینی دەسەلاَتی لەئارادابوو بوو بۆ پێکەوەنانی حکومەتێکی نوێ بێ دەستکاری سیستەمی یاسایی لەئارادابوو لەدەوڵەتدا و بێ گۆڕانکاری لەسیستەمی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئەوا بزاڤە کودەتایە.

**ئەوەی ڕاستی بێت زۆر لەدەستوورەکان بەشێوەی شۆڕش یان کودەتا هەڵوەشێنراونەتەوە.**

– کاریەدی ملبرج: لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە کردووە، هەموو دەستورەکانی فەڕەنسا کە ژمارەیان لەسەرەتای شۆڕشی فەڕەنساوە (16) دەستورە، هەر هەموویان لەڕێگای شۆڕش و کودەتاوە هەڵوەشێنراونەتەوە، جگە لەدەستوری ساڵی (1793)کە بەمردووی لەدایك بوو، هەر جێبەجێنەکرا.

هەروەها جگە لەدەستوری ساڵی (1875)کە کۆتایی پێهات پاش داگیرکردنی پایتەختی فەڕەنسا لەلایەن داگیرکەرە ئەلمانەکانەوە لەساڵی (1940).

هەروەها زۆر لەدەستورەکانی میسر و سوریا، ولاَتەکانی ئەمریکای باشوور، زۆر لەدەستورەکانی ئەوروپا لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشۆڕش یان کودەتا کۆتاییان پێهات ،بەهەر حاڵ بیرمەندان پێیان وایە کە شۆڕش و کودەتا کۆکن لەسەر کۆتاییهاتنی دەستور بەو ڕادەیەی کە لەگەڵ ئامانجەکانیاندا ناگونجێت .

واتە ئەگەر دەستوری لەئارادابوو لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕش یان کودەتا نەگونجا ئەوا بەوڕادەیە کۆتایی پێدێت کە ناگونجێت لەگەڵ ئامانجەکاندا .

ئەمە و بیرمەندان لەبواری یاسای دەستوریدا کاتێك باسی کایگەری شۆڕش یان کودەتا دەکەن لەسەر دەستووری لەئارادابوو، وشەی شۆڕش یان بزاڤە شۆڕشگێڕەکان بەکاردێنێت، کە شۆڕش و کودەتاش دەگرێتەوە بەو پێیەی شۆڕش و کودەتا کاتێك گۆڕانکاری لەڕەوشی ڕامیاری یان دەستوریدا دەکەن گوێ بەچوارچێوەی یاسایی و دەستوری لەئارادابوو نادەن، بۆیە ئێمە کاتێك لەبابەتەکانی داهاتووماندا ئەگەر وشەی شۆڕشمان بەکارهێنا یان بزاڤی شۆڕشگێڕانە، ئەوە هەردوو وشەی شۆڕش و کودەتا دەگرێتەوە.

هەندێك لەبیرمەندان ڕەوایی (مشروعیه)شۆڕشیان ورووژاندووە، هەندێکیان پێیان وایە ڕەوایی شۆڕەش لەدیفاع لەخۆکردنی گەلەوە سەرچاوە دەگرێت بەرامبەر دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر و ستەمکار، ئەوانە دەڵێن شۆڕش وەك و مافی بەرگری کردن لەخۆکردنی ڕەوا (حق الدفاع الشرعی)وایە کە لەیاسای تاوانکاریدا هاتووە.

بۆچونێکی دیکە هەیە دەڵێت ڕەوایی شۆڕش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێك گەل شۆڕش قبول دەکات و دژی نارەوان، ئەوا ئەوە دەگەیەنێت گەل پێی قایل بووە بەکۆتایی هاتنی دەستوری کۆن.

لەدیڤاکتۆشدا شۆڕش بەدوو ئاقاردا دەچێت، یان سەرناگرێت و دەسەڵات بەسەریدا سەردەکەوێت شۆڕشگێڕەکان دەدرێنە دادگا و قورسترین سزاش بەسەریاندا دەسەپێنرێت، یان شۆڕش سەردەکەوێت و شۆڕشگێڕەکان دەبنە دەسەڵاتدار و سیستەم و دەسەڵاتی پێشوو دەروخێنن و دەسەڵاتدارانی پێشوو دەدرێنە دادگا وسزا بە سەریاندا دەسەپێنرێت، واتە شۆڕش وەکو دیڤاکتۆ پێویستی بەبیانوی یاسایی نیە، لەدەرەوەی چوارچێوەی یاسا ڕوودەدات و توندوتیژی تێدا بەکاردەهێنرێت.

لێرە پرسیار ئەوەیە:

**ئەگەر شۆڕش سەرکەوت کاریگەری چی دەبێت لەسەر دەستوری لەئارادابوو و یاسا ئاساییە لەدەوڵەتدا؟** کاریگەری شۆڕش لەسەر دەستوری لەئارادابوو: سەبارەت بەکاریگەری شۆڕش لەسەر دەستوری لەئارادابوو چەند بیروڕایەکی جیاواز هەن، هەندێك لەو بیروڕایانە پێیان وایە بەسەرکەوتنی شۆڕش و کودەتا دەستور کۆتایی پێ دێت، بە بۆچوونی دیکە هەیە دەڵێت هەڵوەشاندنەوەی دەستور پاش سەرکەوتنی شۆڕش لەسەر ئیرادەی شۆڕەشگێڕەکان دەوەستێت.

بۆچوونی تریش هەیە دەڵێت سەرکەوتنی شۆڕش هەموو دەستورە کۆتایی پێناهێنێت بەڵکو ئەو ڕێسایانەی دەستوور هەڵدەوەشێنێتەوە کە پەیوەندییان بە سیستەمی حوکمڕانیەوە هەیە.

**بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بیرمەندان لەبواری یاسایی دەستوریدا پێیان وایە دەستور هەڵدەوەشێتەوە بەو ڕادەیەی کە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕەشدا ناگونجێت.**

- **بۆچوونی یەکەم: کۆتایی هاتنی دەستوور لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕەشدا**: لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە بەسەرکەوتنی شۆڕەش یەکسەر دەستور کۆتایی پێ دێت، لەبەرئەوەی ئامانجی شۆڕش ڕووخاندنی سیستەمی ڕامیاری پێشووەوە، کاتێك سیستەمی ڕامیاری پێشوو ڕوخا بناغەی یاساییەکەشی کە دەستورە دەروخێت، ڕووخان و کۆتاییهێنان دەستور بەسەرکەوتنی شۆڕش بەدی دێت.

پێویستی بەدەرکردنی یاسایەك نیە یان پێویست بەجاردانی کۆتایی پێهێنان دەستور ناکات ئەگەر یاسایەك دەرچوو بۆ کۆتایی پێهێنانی دەستوریان کۆتایی هاتنی دەستوری جاڕدرا، ئەوا هیچ ناگۆڕێت تەنها ڕاستی کۆتایی پێهێنان دەستور دەردەخات و بەوەش دەستور هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو پێشان بەسەرکەوتنی شۆڕش دەستور کۆتایی پێهاتووە.

- **بۆ چوونی دووەم: کۆتایی هاتنی دەستور لەسەر ئیرادەی ئەنجامدەرانی شۆڕش دەوەستێت**: لایەنگیرانی بۆچوونە پێیان وایە بەسەرکەوتنی شۆڕش دەستور کۆتایی پێ نایەت، کۆتایی هاتن دەستور لەسەر ئیرادەی شۆڕشگێڕەکان دەوەستێ. هەندێك جار مەبەستی شۆڕش ڕووخاندن سیستەمی حوکمڕانی و دەستورنیە، بەڵکو ڕوخاندن و لەسەر دەسەڵات لادانی دەسەڵات بەدەستەکانە، شۆڕش ئاراستەی ئەو دەسەڵاتە دەکرێت کە شۆڕشگێڕەکان بەناشایستەوە گەندەڵ لەقەڵەمی دەدەن بۆ بەسەرکەوتنی شۆڕش ڕێز لەدەستور دەگیرێت و دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی دەستورەکی نوێ دادەنرێت یان بڕیاری کۆتایی هێنانی دەستور دەدرێت.

نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە کاتێك شۆڕشی (14)ی تەموز لەساڵی (1958)ڕوویدا ئەوا شۆڕشە نەبووە هۆی کۆتایی هاتنی دەستوری (21)ی ئازار ساڵی (1925) بەشێوەیەکی کوتوپڕ و ئۆتۆماتیکی، بەڵکو کاتێك دەسەڵاتی تازە گوزارشتی لەئیرادەی

خۆی کردبوو بەبەیانی (14)ی تەموز ساڵی (1958) جاڕی سیستەمی کۆماری دا، بەو شێوەیە هەموو ئەو ڕێسایانە کۆتایی پێهێنا کە پەیوەندییان هەبوو بەمیر و مافەکانی میرەوە، تەنانەت تا جاڕدانی ئەو بەیانەش دەستور کۆتایی نەهات، تا لەبەرواری (27)تەموز دەسەڵاتی نوێ بەڕاشکاوی دەستوری کۆتایی پێهێنا.

لەپێشەکی دەستوری (27)ی تەموزی (1958)دا هاتووە (......بەناوی گەلەوە کۆتایی پێهێنانی یاسایی بنەڕەتی عێراقی و هەموو هەموارکردنەوەکانی ڕادەگەیەنین لەبەرواری (14)ی تموزی ساڵی (1958)وە) **بەڵام هەر لەناو ئەم بۆچوونەدا هەندێکیان پێیان وایە دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان دوو حاڵەتدا:**

- **یەکێکیان ئەوەیە پاش سەرکەوتنی شۆڕش حکومەتێکی دەستوری بێتەکایەوە ڕێز لەدەستور بگرێت، لێرەدا حکومەتەکە دەستوری دەبێت و دەستوور کۆتایی نایەت،** لەبەرئەوەی دەسەڵاتی نوێ شۆڕشگێڕەکان پێی ڕازی بوون بەڵام هەر کاتێك بیانەوێت دەتوانن بڕیاری کۆتایی هاتن بدەن، هەر کاتێکیش بڕیاری کۆتایی هاتنیان دا یان دەستورێکی تازەیان دانا ئەوکاتە دەستور کۆتایی دێت.
- حاڵەتی دووەم: **ئەوەی پاش سەرکەوتنی شۆڕش حکومەتێك بێتەکایەوە ڕێز لەحوکمەکانی دەستور نەگرێت و بەپێچەوانەی ئەو حوکمانەوە بجولێتەوە، لەم حاڵەتەدا دەستور کۆتایی دێت بەسەرکەوتنی شۆڕش**

- **بۆچوونی سێ یەم: سەرکەوتنی شۆڕش نابێتە هۆی کۆتایی هاتنی هەموو دەستوور، بەڵکو تەنها ئەو ڕێسایانەی کە پەیوەندییان بەسیستەمی حوکمڕانیەوە هەیە.**

لایەنگیرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە ئامانجی شۆڕش ڕووخاندنی سیستەمی ڕامیاری کۆنە، ئەوەش دەبێتە هۆی ڕووخاندنی ئەو حوکمانەی کە لەدەستوردا هەن وە پەیوەندیان بەسیستەمی حوکمڕانییەوە هەیە، بەڵام ئەو حوکمانەی پەیوەندییان بەسیستەمی حوکمڕانیەوە نیە دەمێنەوە، وەکو ئەو دەقە دەستورییانەی کە پەیوەندیان بەماف و سەربەستی تاکەکانەوە هەیە یان ئەو دەقانەی کە لەدەستوردا هاتوون، نەك لەبەرئەوەی بابەتە دەستورین و پەیوەندییان بەسیستەمی ڕامیاریەوە هەیە بەڵکو بۆیە لە دەستوردا هاتوون بۆ ئەوەی ڕێزیان لێبگیرێت و جێگیر و سەقامگرتووبن، وەکو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان هەیە بەیاسای تاوانکارییەوە یان ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەڕێکخستنی دادوەرییەوە (التنظيم القضائي).

- **ئەو حوکم وڕێسایانەی کە پەیوەندیان هەیە بەماف و سەربەستی تاکەکانەوە**: هەندێك لەبیرمەندان پێیان وایە کۆتایی هاتنی دەستور نابێتە هۆی کۆتایی هاتنی ئەو حوکم و ڕێسایانەی کە باسی ماف و سەربەستی تاکەکان دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو ماف و سەربەستیانە پەیوەندیان نیە بەڕێکخستنی ڕامیارییەوە لەدەوڵەتدا، دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت و پیرۆز تەماشا بکرێت، لەبەرئەوەی ئەو ماف و سەربەستیانە لەخودی خۆیاندا دەستورێکن لەسەرەوەی دەستور و بەدەستوری کۆمەڵایەتی ناودەبرێن و لەسەرەوەی دەقە دەستورییە دانراوەکانەوە دێن.

- **ئەو حوکم و ڕێسایانەی کە بابەت دەستوری نین و لەدەستوردا هاتوون (حوکم و ڕێسا دەستورییە شێواز بەندییەکان)**:

زۆربەی بیرمەندان هاوڕان لەسەر مانەوەی ئەو ڕێسایانەی کە لەدەستوردا هاتوون و لەڕووی بابەتەوە دەستوری نین، لەدەستوردا هاتوون بۆ ئەوەی جێگیر و سەقامگیربن و ڕێز لەڕێساکانی دەستوریان لێبگیرێت بەهەڵوەشاندنەوەی دەستور و ئەو ڕێسایاساییانە دەمێننەوە، بەڵام سیفەتی دەستورییان پێوە نامێنێت.

وەکو ڕێسای ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش پێی دەڵێن تیۆری ڕاماڵینی سیفەتی دەستوری، واتە سیفەتی دەستوری لەو ڕێسایاسایییە دادەماڵرێت وەکو یاسای ئاسایی تەماشا دەکرێن، نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە مادەی (5) لەدەستوری فەرەنسا بۆ ساڵی (1848) باسی کۆتایی هاتنی سزای لەسێدارەدانی کردووە لە کەیسە ڕامیارییەکاندا.

کۆتایی هاتنی دەستورەکانی عێراق

یەکەم/ کۆتایی هاتنی دەستوری ساڵی (1925):

لەبەرەبەیانی (14)ی تەموزی ساڵی (1958) ڕێکخستنی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لەعێراق ڕژێمی پادشایەتیان ڕووخاند بەڵام ئەو پرسیارە ئەوکات لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان دروست بوو، ئەوەبوو ئایا چارەنووسی دەستوری ساڵی (1925) پاش ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی چی بەسەرهاتووە؟

زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایان لەسەر ئەوە کۆك بوون، دەستورە کۆنەکە (واتە دەستوری 1925) هەڵوەشاوەتەوە چونکە گەل گوزارشتی لە ڕەتکردنەوەی خۆی بۆ ئەو دەستورە دەربڕی کاتێك ڕەزامەندی لەسەر شۆڕشی عەسکەریدا، هەروەك چۆن لەمیسر لەدوایی شۆڕشی (1925)ڕوویدا کاتێك شارەزایانی بواری یاسا لەمیسر دانیان بەهەڵوەشاندنەوەی دەستوری کۆن دانا لەسەر بنەمای ئەوەی ناویان نابوو بە فقهی شۆڕشگێڕی.

(د.حسین جمیل)یش ئەوکات لەلێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی (البلاد) لەبەرواری (18)ی تەموزی (1958) وتی (هەروەك ڕوون و ئاشکرایە، ئەگەر کودەتایەکی سیاسی لەهەر ولاتێك ڕوویدا و سەرکەوت، هەروەکو لەعێراق لە (14)ی تەموز ڕوویدا، ئەوا دەستور لەو حاڵەتە یەکسەر بەخۆی لەکاردەکەوێت.

ئەو پرەنسیپەش لەسەر زۆرێك لەڕووداوە کۆن و نوێیەکان جێبەجێکرا، هەر لەشۆڕشی فەرەنسیەوە تاکو ئەمڕۆ، دەستوری (1814) لەفەڕەنسا بەسەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی (1830) ولادانی پادشا شارلی دەیەم لەکارکەوت، دەستوری ساڵی (1830)یش بەسەرکەوتنی شۆڕشی (1848) و لادانی پادشا لویس فیلیپ لەکارکەوت لەکارکەوتنی دەستوری (1848)یش لەئەنجامی ئەو کودەتایە بوو کەلویس پۆناپەرت لەساڵی (1815) پێی هەڵسا هەروەها ڕووخانی لویس بۆناپارت لەساڵی (1870)وای کرد دەستوری (1852) لەکاربکەوێت، سەرکەوتنی شۆڕشی میسریش لەساڵی (1952)بووە هۆی لەکارکەوتنی دەستوری 1923 .

بەڵام لەڕاستیدا خودی شۆڕش نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەستوور، بەڵکو چارەنووسی ئەو دەستوورە لەسەر ئیرادەی ڕاشکاوانە و ناڕاشکاوانەی دەسەڵاتدارە نوێیەکان دەوەستێ، شۆڕش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دەستوور، چونکە سیستەمی سیاسی نوێ (ئەو سیستەمەی دوای شۆڕش یا کودەتا دێت) دەربارەی هەڵوەشانەوەی تەواوی (کلی) یاخود ناتەواوی (جزئی) یا تەنانەت هێشتنەوەشی بڕیار دەدات.

لەڕاستیدا دەستوری ساڵی (1925) ئەو دەقانەی لەکارمایەوە کە هاودژ نەبوو لەگەڵ سیستەمی نوێ (دامەزراندنی کۆماری) کۆتایشی پێنەهات تەنها پاش جاڕدانی دەسەڵاتدارە نوێیەکان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەهەڵوەشانەوەی، هەرواش هاتبوو لە دیباجەی دەستوری (27)ی تموزی (1958)ی کاتی (.....بەناوی گەل ڕای دەگەیەنین یاسای بنەڕەتی عێراقی و گشت گۆڕانکارییەکانی لە (14)ی تموزی ساڵی (1958) لەکارکەوتووە.....).

بەڵام ئەو هەڵوەشانەوە ڕاشکاوانەیە کێشەیەك دێنێتە کایەوە، ئەویش ئەوەی بەکاریگەریەکی پاشینە (أبر رجعي)یە، واتە دەستوری ساڵی 1925 بەهەڵوەشاوە دادەنرێت لەبەرواری (14)ی تەموزی (1958) نەك لەبەرواری (27)ی تەموزی

(1958) (ڕۆژی جاڕدانی دەستووری کاتی)، بەڵام ئەو ئیجرائاتە هەڵەیە، دەستوری ساڵی (1925) دوای شۆڕشی (14)ی تەموزی دەستوری (1025) لەو بەشەی مایەوە کە پەیوەندارە یان بەشێوەیەکی ڕوونتر ئەو بەشەی ئاراستەی ئەوانە کراوە کە حوکم دەکرێت واتە ئەو بەشەی پەیوەندی بەمومارەسەی دەسەلأتی سیاسی نیە) مایەوە، تا دەسەلأتدارە نوێیەکان جاڕی هەڵوەشانەوەی تەواو (کلی)دەستورەکەیاندا .

دووەم/ کۆتایی هاتنی دەستوری کاتی ساڵی 1958:

لە(8)ی شوباتی (1963) بەعسیەکان یەکەم کودەتای خۆیان ئەنجامدا و کۆماری یەکەمیان ڕووخاند، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ دەستووری کاتی ساڵی (1958) یەکسەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە (8)ی شوباتی (1963) لەکارکەوتووە.

دەربارەی چارەنووسی دەستوری (27)ی تموزی (1958) دوو بۆچوون هاتەکایەوە بۆچوونی یەکەم پێی وایە دەستوری (27)ی تەموزی (1958)ی کاتی وەك خۆی مایەوە، بەتایبەتیش ئەو ماددانەی هاودژنەبوون لەگەڵ سیستەمی نوێ، بەڵکو ئەو ماددانە هەڵوەشانەوەکە پەیوەندارن بەڕێکخستنی مومارەسەی دەسەلأتی سیاسی لەژێر ڕۆشنایی کۆماری یەکەم ئەویش ماددەکانی (20 ، 21 ، 22) بوو، چونکە ئەو ماددانە هاودژبوون لەگەڵ ڕێگەی نوێی مومارەسەی دەسەلأتی سیاسی .

بەیانی ژمارە (16)ی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆسەرکردایەتی شۆڕش لە (8)ی شوباتی (1963) هەڵسا بەهەڵوەشاندنەوەی (یاخود بەدەستەواژەیەکی وردتر هەمواری) ماددەی (20)ی دەستوری کاتی (1958)ی کرد، هەروەها کودەتاچییەکان (دەسەلأتدارە نوێ یەکان) لەبەیانی ژمارەی (16)ی و بەیانی ژمارە (15)ی دەرچوو لە (8)ی شوباتی (1963) ماددە (21)ی دەستووری کاتی (1958) یان هەڵوەشاندەوە، لە (4)ی نیسانی (1963) (یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش) ژمارە (25) ساڵی (1963) دەرچوو، تیایدا ڕێگەی مومارەسەی دەسەلأت لەلایەن دەسەلأتدارە نوێیەکان دیاریکرا بوو، ئەو یاسایەش لەڕاستیدا، تەنها دان پیانانێك بوو بۆ واقیعی مومارەسەرکردنی ئەو دەسەلأتەی هەر لە (8)ی شوباتی (1963) مومارەسەکرا، کەواتە تەنها ئەو ماددانەی لەدەستوری (27)ی تموزی (1958)ی کاتی کە هاودژبوون لەگەڵ ڕێگەی نوێی مومارەسەکردنی دەسەلأت هەڵوەشانەوە.

بەم شێوەیە دەستوری (27)ی تموزی (1958)ی کاتی مایەوە (لەو بەشانەی کە هاودژنەبوون لەگەڵ ئیرادەی ڕاشکاوانە و ناڕاشکاوانەی ئەوانەی هەر لە(8)ی شوباتی (1963) دەستیان گرتبوو بەدەسەلأت) تا ماددەی (103) لەدەستوری (29)ی نیسانی (1964)ی کاتی هەڵوەشاندەوە، کە تیایدا هاتبوو (دەستوری کاتی لە بەرواری (27)ی تموزی (1958) هەڵدەوەشێتەوە).

- بۆچوونی دووەم: دەڵێت ئامانجی سەرەکی دانانی دەستوری کاتی ساڵی (1958) ڕێکخستنی دەسەلأت بوو، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددانەی تایبەتن بە ڕێکخستنی دەسەلأت واتا هەڵوەشاندنەوەی خودی دەستورەکە دەگەیەنێت.

بەڵام بۆچوونی یەکەم ڕاسترە، چونکە هەروەك وتمان دەستوری کاتی ساڵی (1958) بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لە (29)ی نیسانی (1964) هەڵوەشێندرایەوە .

---

سێ یەم/ کۆتایی هاتنی دەستوری کاتی ساڵی (1963):

دەستوری (4)ی نیسانی ساڵی (1963) لەئارادامایەوە، یا بەلایەنی کەم ئەو مادانەی هەموارنەکران یا هەڵنەوەشاییەوە، بەڵکو بەگوێرەی بەیانی ژمارە (1) (دەرچوو لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش) لە (18)ی تشرینی دووەمی (1963)کاری پێدەکرا، تا ئەو دەستورە بەگوێرەی مادده (15) لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (61)ی ساڵی (1964) دەستوری (22)ی نیسانی (1964) هەڵوەشایەوە (1). تیایدا هاتبوو (یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (25)ی ساڵی (1963) هەڵوەشایەوە)، واتە دەستوری (4)ی نیسانی (1963) هەڵوەشایەوە .

چوارەم/ کۆتایی هاتنی دەستوری کاتی ساڵی (1964):

دوای کودەتای بەعسیەکان لە (17)ی تموزی (1968) دووبارە دەستیان بەسەر دەسەڵات گرت، دەستوری (29)ی نیسانی (1964)ی کاتی وەك خۆی مایەوە، کودەتاچییەکان لە (17)ی تەموزی (1968) بەیانی ژمارە (2) یان دەرکرد تیایدا هاتبوو (لەبەربەرژەوەندی گشتی و پشت بەستوو بە بەیانی ژمارە (1)ی دەرچوو لە (1968/7/17) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێکهات بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتە باڵاکان لەکۆماری عێراق لەنێوانیشان دەسەڵاتی یاسادانان و تایبەتکارییەکانی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان کە لەدەستوری کاتی وگشت یاساکانی تر هاتووە، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و پێکهێنانی حکومەت).

چەندین مەرسومی کۆماریش دەرچوو بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە پشتی بەمادده (52) لەدەستوری (29)ی نیسانی (1964) و مادده (43) هەمان دەستور بەستبوو، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە پشتی بەحوکمەکانی مادده (29)ی نیسانی (1964)ی کاتی هەڵنەوەشایەوە (لەو بەشانەی کاری پێدەکرا پاش (17)ی تموزی (1968) تەنها لە (21)ی ئەیلولی (1968) کاتێك مادده (93) لەدەستوری (21)ی ئەیلولی (1968) بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە دەستوری (29)ی نیسانی (1964)ی هەڵوەشاندەوە.

پێنجەم/ کۆتایی هاتنی دەستوری کاتی ساڵی (1968):

دەستوری (16)ی تەموزی (1970) وەك قۆناغی دووەمی قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەستورییە دوای هاتنەکایەی کۆماری چوارەم، ئەوەش لەئەنجامی دواکەوتنی دەستوری (21)ی ئەیلولی (1968) بوو لەواقیعی سیاسی، ئەو دواکەوتویەش دوای دەرچوونی دەستوورەکە زیاتر گەشەی کرد، بە بەڵگەی ئەو هەموارکردنە زۆرەی لەماوەیەکی زۆرکورت بەسەر ئەو دەستوورە هات، ئەوەش تەئکید لەسەر ئەو بۆشاییە گەورەیەی نێوان دەقی و دەستووری واقیعی سیاسی دەکاتەوە لەهەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، دەرئەنجامی بووە هۆی ئەوەی هۆکاری بەهێز سەر هەڵبدات بۆ سەر لەنوێ چاو پیاخشاندنەوە بەشێوەیەکی تەواوی (کلی) بەو دەستوورە بەتایبەتیش کە هەموارکردنە نیوە چلیەکان (جزئی) نەیانتوانی ئامانجیان بپێکن لەنزیك کردنەوەی دەقی دەستوری لەواقیعی سیاسی.

دەسەڵاتی هەموارکردنی دەسەڵاتی دامەزرێنەری بنچینەیی (هەر وەك د.منژر الشاوی) دەبینیٚ دوو ڕووی یەك ڕاستین، ئەوەش دەسەڵاتی سیاسییە، ئەوەش مانای ئەوە دەدات هاوشێوەی لەنێوان دەسەڵاتی هەموارکردن و دەسەڵاتی دامەزرێنەری بنچینەیی هەیە، کەواتە ئەگەر یەکێك لەو دوو دەسەڵاتە بتوانیٚ کارێك ئەنجام بدات، ئەوا ئەویتریش دەتوانی ئەو کارە ئەنجامبدات.

هەر بۆیەش دەسەڵاتی هەموارکردنی لەژێر سایەی دەستووری (21)ی ئەیلولی (1968) هەڵسا بەکۆتایی پێکهێنانی دەستوور و دانانی دەستورێکی تر لەشوێنی، دەسەڵات هەموارکردن بەگوێرەی مادده (92)ی دەستوری (1968) بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەگەڕایەوە، هەر ئەو ئەنجومەنەش ئەو دەستوورەی هەڵوەشاندەوە.

دەستووری کاتی ساڵی (1970) بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵوەشاوە ژمارە (792) لە (16)ی تەموزی (1970) دەرچوو. لەمادده (67) بڕگەی (أ) دەستوری کاتی ساڵی (1970) هاتبوو (یاساکان لەڕۆژنامەی ڕەسمی بڵاودەکرێنەوە و لەبەرواری بڵاوکردنەوەیان کاری پێدەکرێت، تەنها ئەگەر دەقێکی پێچەوانە نەبێت)، یاسای دەستووریش وەکو یاسایەکی بنچینەیی وەك ئاماژەمان پێدا لە (16)ی تەموزی (1970) دەستوری کاتی دەرچوو بەوەش لەو ڕۆژەوە ئەو دەستورەی کاری پێدەکرێت بەگوێرەی ئەو بنەمایەی دەڵێت ئەوەی داهاتوو دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی ئەوی پێشوو (اللاحق ینسخ السابق)، هەروەك لەمادده (70)ی دەستوری کاتی (1970) هاتووە (سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵدەستێ بەدیارکردنی ئەو دەستوورە و بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی ڕەسمی).

بەوەش لە (16)ی تەموزی (1970) ئەو دەستووره چووە بواری جێبەجێکردنەوەی، چونکە بەگوێرەی مادده (67) بڕگە (أ)ی ئاماژەی پێکراوە لەو ڕۆژەوە یاساکان دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە کاتێك لەڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەبێتەوە، کەواتە دەستوری کاتی ساڵی (1968) لە (16)ی تەموزی (1970) لەکارکەوت.

شەشەم/ کۆتایی هاتنی دەستوری کاتی ساڵی (1970):

**دەستوری کاتی ساڵی (1970) بەشێوەیەکی فیعلی لە (2003/4/9) بە ڕووخانی ڕژێمی حزبی بەعس لەکارکەوت.**

عێراق لەدوای (2003/4/9) بوو وڵاتێکی داگیرکراو، بۆ ماوەی چەند مانگێکیش لەنێو بۆشاییەکی دەستوری دابوو، دواتر لەعێراق حاکمێکی بیانی دەرکەوت بە بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ناوبرا، ئەوا حاکمەش سیستەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی ژمارە(1)ی دەرکرا، بەگوێرەی ئەو سیستەمە دەسەڵاتەکانی حکومەتی بەشێوەیەکی کاتی بەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەخشی، هەروەها مومارەسەی هەموو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری پێبەخشی، ئەوەش پشت بەستوو بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (1483)ی ساڵی (2003)کە شەرعیەتی بەداگیرکردنی عێراق بەخشی، لەبڕگەی نۆیەمی ئەو بڕیارە داوای لەدەسەڵاتی داگیرکەر بەکارکردن لەگەڵ نوێنەری تایبەت (نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان) (بەپێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتی عێراق بەو سیفەتەی ئیدارەکە بۆ قۆناغی گواستنەوە، عێراقییەکان بەڕێوەی دەبەن، تا گەلی عێراق حکومەتێکی نوێنەرایەتی دروست دەکەن لەڕووی نێودەوڵەتی دانی پێدابنرێت و لێپرسراویەتی دەسەڵات ببەن بەڕێوە) .